گوڵبژێرێك

له فەتواكانی زانای پایەبەرز

الشيخ محمد بن صالح العثيمين

(رحمه اللّٰه)

كۆكردنەوەو وەرگێڕانی

مامۆستا صلاح الدين عبدالكريم

===

لەبڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان

ba8.org

walamakan.com

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوه‌ڕۆكی ئه‌م كتێبه‌یه بریتی یه له :

پێشه‌كی وه‌رگێڕ

حوكمی ته‌به‌ڕوك كردن به گۆڕو سوڕاندنه‌وه به ده‌وریدا :

حوكمی سوێند خواردن به جگه له خوای گه‌وره :

حوكمی سوێند خواردن به جگه له خوای گه‌وره :

حوكمی سه‌ردانی كردنی گۆڕی پیاو چاكان :

حوكمی قورئان خوێندن له‌سه‌ر گۆڕ

حوكمی ته‌وه‌سول كردن به پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) :

حوكمی دواكه‌وتن له كاتی دیاری كراوی كاركردن :

كۆبوونه‌وه له ماڵی مردوو به‌مه‌به‌ستی سه‌رخۆشی كردن :

ده‌ف لێدان له زه‌ماوه‌ندا :

حوكمی شه‌رواڵ درێژی بۆ پیاوان :

تێكه‌ڵ كردنی نوێژه سوننه‌ته‌كان به یه‌ك نیه‌ت :

نه‌خۆشی گواستنه‌وه :

به‌سته‌ره‌وه‌كانی بیدعه :

حه‌ج وبازرگانی كردن پێكه‌وه :

سوجده‌ی سه‌هو :

داد په‌روه‌ری له نێوان منداڵدا :

پیرۆزبایی كردن له كافران به‌بۆنه‌ی جه‌ژنه‌كانیانه‌وه :

حوكمی كرداره خۆكوژی‌یه‌كان :

حوكمی خۆ ته‌قاندنه‌وه له‌ناو كافراندا :

حوكمی سه‌لام كردن له بیدعه‌چی :

حوكمی سه‌لام كردن له كافر :

ده‌ست پێكردنی ته‌وقه كردن :

هێشتنه‌وه‌ی وێنه له ماڵه‌وه :

گێڕانه‌وه‌ی نوكته‌و قسه‌ی هه‌ڵبه‌ستراو :

ده‌ركردنی غوسل به بێ ده‌ست نوێژ هه‌ڵگرتن :

سه‌ره‌نجامی ئافره‌تی باوه‌ڕدار له‌به‌هه‌شتدا

ئه‌گه‌ر پێش شوكردنی بمرێت :

شیردانی ئافره‌ت به منداڵی جگه له خۆی به پیاڵه :

ئامۆژگاری كردنی خه‌ڵكی به‌شێوازێكی به‌رده‌وام له‌سه‌ر گۆڕ :

سڕینه‌وه‌ی چاكه‌كان :

حه‌ج كردنی ئافره‌ت به بێ مه‌حره‌م :

حه‌ج كردن له جیاتی نه‌خۆش :

سیواك كردن له‌كاتی به‌ڕۆژوو بووندا :

كردنی هه‌ندێك له رۆژو به‌تاڵ كه‌ره‌وه‌كان به نه‌زانی :

قه‌زا نه‌كردنه‌وه‌ی ڕۆژوو بۆ ماوه‌ی سی ساڵ :

به ڕۆژوو نه‌بوون به هۆی سه‌فه‌ر كردن به فرۆكه :

ماوه‌ی خه‌تم كردنی قورئان :

ئاشكرا كردنی به‌ڕۆژوو نه‌بوون له‌سه‌فه‌ردا :

بەكارهێنانى حەبى ڕاگرتنى خوێنى

بێ نوێژى (حەيز) بۆ پێويستى :

ڕۆژوو شكاندنى ڕێبوار لەسەفەردا :

لەبەر كردنى جل وبەرگێك كە وێنەى تێدا بێت :

فيكە لێدان وچە پڵە لێدان :

لە پێ كردنى پانتۆڵ بۆ ئافرەتان :

بڕينى قژى ئافرەت تا ناو شانى بۆجوانى،

وبەكارهێنانى ئامێرەكانى جوانكارى بۆ مێرد :

پاك بوونەوەى ئافرەت لەبێ نوێژى(الحيض) وبەڕۆژووبوونى :

پاك بونەوەى ئافرەتى زەيستان (النفساء) پێش چلەى :

بينينى خوێنى بێنوێژى ڕۆژێك ونەمانى بۆ ڕۆژى داهاتوو :

حوكمى فرۆشتنى ئەڵقەى ئاڵتون بۆ پياوان :

فرۆشتنى ئاڵتون بە پارە نابێت تا هەموو پارەكە وەرنەگرێت :

حوكمى فرۆشتنى ئەو ئاڵتونەى كە ڕەسم و وێنەى تێدايە :

دەرچونى ئافرەت بۆ بازاڕ بەبێ مەحرەم :

پێشه‌كی وه‌رگێڕ

إنَّ الحمدَ للهِ، نحمده، ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ باللهِ مِن شرور أنفسنا، ومِن سيئات أعمالنا، مَن يهده الله فلا مضل له، ومَن يضلل فلا هادي له، وأشهد أنْ لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾.

(آل عمران:١٠٢)

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً﴾ (النساء: ١) .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً.. يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً﴾ (الأحزاب:٧٠-٧١)

أما بعد : فإن خير الحديث كتاب الله، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار .

له‌پاشاندا: یه‌كێك له تایبه‌تمه‌ندێتییه‌كانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئه‌وه‌یه كه هه‌موو شتێك موسڵمانان پێویستیان بێت له ژیانی دین و دونیایاندا بۆیان روون كراوه‌ته‌وه تێیدا، وه خوای گه‌وره پێغه‌مبه‌ری(صلى الله عليه وسلم) نه‌برده‌وه بۆ لای خۆی تا هه‌موو دینه‌كه‌ی پێ ته‌واو كرد: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ [المائدة: ٣].

واته: ئه‌مڕۆ من دینه‌كه‌م بۆ ته‌واو كردن، وه‌به‌خششی خۆم ته‌واو رژاند به‌سه‌رتاندا، ورازی بووم كه ئیسلام ئایینی ئێوه بێت.

وه پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) ده‌فه‌رمێت: (تركتُكُمْ على مثل البيضاءِ ليلُها كنَهَارِهَا لايَزِيغُ عنها بعدي إلا هالِكٌ)[1].

واته: به‌جێتانم هێشتووه له‌سه‌ر دین ورێگایه‌كی سپی، كه شه‌وی وه‌كو رۆژی روناكه، بۆیه هیچ كه‌سێك لێی لانادات وگومرا نابێت مه‌گه‌ر كه‌سێكی به هیلاك چوو.

وه ده‌فه‌رمێت: (ما بَقِيَ مِنْ شَيءٍ يُقَرِّبُ مِنَ الجَنَّةِ ويُباعِدُ مِنَ النَّارِ إلّا بُيِّنَ لَكُم)[2].

واته: هیچ شتێك نه‌ماوه كه له به‌هه‌شت نزیكتان بكاته‌وه وله ئاگری دۆزه‌خ دورتان بكاته‌وه ئیللا پێتان وتراوه‌و بۆتان روون كراوه‌ته‌وه.

وه‌أبوذر (خوای لێ رازی بێت) ده‌فه‌رمێت: (وما طائِرٌ يُقَلِّبُ جَناحَيهِ فِي الهَواءِ إلا وَهُوَ يَذْكُرُ لَنا مِنْهُ عِلْمَاً)[3]. واته: هیچ باڵنده‌یه‌ك له ئاسماندا باڵه‌كانی ئه‌م دیوو ئه‌و دیو نه‌كردووه ئیللا پێغه‌مبه‌ری خوا(صلى الله عليه وسلم) زانیاری‌یه‌كی تیدا بۆمان باس كردووه.

وه سه‌لمانی فارسی(خوای لێ رازی بێت) كاتێك كه جوله‌كه‌یه‌ك پرسیاری لێ ده‌كات و ده‌ڵێت: ئێوه ده‌ڵێن پێغه‌مبه‌ره‌كه‌مان(صلى الله عليه وسلم) هه‌موو شتێكی فێر كردووین ته‌نانه‌ت شێوازی چوونه سه‌ر ئاویش؟ ئه‌ویش له‌وه‌ڵامدا ده‌فه‌رمێت:

(أجَلْ لَقَدْ نَهَانَا أنْ نَستَقْبِلَ القِبْلَةَ لِغَائِطٍ أو بَوْلٍ، أو أنْ نَسْتَنْجِيَ بِاليَمِينِ، أو أنْ نَسْتَنْجِيَ بِأقَل مِنْ ثَلاثَةِ أحْجَار، أو أنْ نَسْتَنْجِيَ بِرَجِيعٍ أو بِعَظْمٍ)[4].

١- (رواه إبن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: ظلال الجنة، رقم:٤٩).

٢- (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٤/ ٤١٦).

٣- نفس المصدر.

٤- (مسلم: ١/ ٢٢٣، رقم: ٥٧/ ٢٦٢).

واته: به‌ڵێ، قه‌ده‌غه‌ی ئه‌وه‌ی لێ كردووین كه‌ روو له‌ قیبله‌ بكه‌ین له‌كاتی سه‌رئاودا، یاخود به‌ده‌ستی راست خۆمان پاك بكه‌ینه‌وه‌، یاخود به‌ كه‌متر له‌سێ به‌رد خۆمان پاك بكه‌ینه‌وه‌، یاخود به‌ پاشه‌ڕۆی ئاژه‌ڵ وئێسقان خۆمان پاك بكه‌ینه‌وه‌.

كه‌واته: له‌م ئایه‌ت و فه‌رموودانه‌وه‌ بۆمان ده‌ركه‌وت كه‌ هه‌موو شتێك له‌ ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا به‌ جوانی روون كراوه‌ته‌وه‌، وه‌ ئه‌گه‌ر هه‌ركه‌سێك له‌هه‌ر شتێكی دینه‌كه‌یدا ئاڵۆزی ونادیاری‌یه‌كی هه‌بوو، یاخود گرفت وكێشه‌یه‌كی هه‌بوو، یاخود توشی گومان و دوودڵی‌یه‌ك بوو ئه‌وا خوای گه‌وره‌ ڕێنمونی كردووین كه‌ بگه‌ڕێینه‌وه‌ بۆلای زانایان، چونكه‌ ئه‌وان میراتگری پێغه‌مبه‌رانن، وه‌ پێغه‌مبه‌رانیش دینارو درهه‌میان به‌جێ نه‌هێشتووه‌، به‌ڵكو زانست وزانیاری‌یان به‌جێ هێشتووه‌.

وه‌تاكو زانایان له‌ناو خه‌ڵكیدا بمێنن ئه‌وا خه‌ڵكی هیچ كێشه‌و گرفتێكیان نابێت له‌ دینه‌كه‌یاندا ئه‌گه‌ر بگه‌ڕێنه‌وه‌ بۆلای زانایان، به‌ڵام گرفت و كێشه‌ ئه‌و كاته‌ ده‌ست پێ ده‌كات وسه‌ر هه‌ڵ ده‌دات كه‌ زانایان له‌ناو خه‌ڵكیدا نه‌مێنن وكۆچی دوایی بكه‌ن، یاخود خه‌ڵكی نه‌گه‌ڕێنه‌وه‌ بۆلایان له‌ كێشه‌و گومان وپرسیاره‌كانیاندا، به‌ڵكو بگه‌ڕێنه‌وه‌ بۆلای كه‌سانێكی نه‌زانی خۆبه‌زانا كه‌ فه‌توا بۆ خه‌ڵكی بده‌ن وخۆیان وخه‌ڵكیش گومڕا بكه‌ن و له‌ڕێگای راستیان ده‌ربكه‌ن، وله‌بابه‌تی گه‌وره‌ی وا فه‌توا ده‌ده‌ن كه‌ سه‌ره‌نجامی ئوممه‌تی ئیسلامی پێوه‌ په‌یوه‌سته‌، وه‌به‌هۆی فه‌تواكانیانه‌وه‌ موسڵمانان توشی گێژاوو كاره‌ساتی وا ده‌كه‌ن كه‌ ئه‌نجامه‌كه‌ی سوپاس كراو نابێت، پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) ده‌فه‌رمێت:

(إنَّ اللهَ لا يَقْبِضُ العِلْمَ إنْتِزَاعاً يَنْتَزِعُهُ مِنَ العِبادِ، ولكِنْ يَقْبِضُ العِلْمَ بِقَبْضِ العُلَمَاءِ، حَتى إذا لَمْ يَبْقَ عالِمٌ إتَّخَذَ النَّاسُ رؤوساً جُهَّالاً فَسُئِلُوا فَأَفْتَوا بِغَيرِ عِلْمٍ فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا)(٥).

٥- (صحيح الجامع الصغير، رقم: ١٨٥٤).

واته: خوای گه‌وره زانست هه‌ڵناگرێت وناهێڵێت به‌وه‌ی كه له سینگی خه‌ڵكیدا ده‌ری بكات، به‌ڵكو زانست هه‌ڵده‌گرێت ونایهێڵێت به نه‌هێشتن وبردنه‌وه‌ی زانایان، هه‌تا وای لێ دێت زانا نامێنێت، ئه‌وكاته خه‌ڵكی سه‌رانێكی نه‌زان ونه‌فام بۆ خۆیان داده‌نێن و پرسیاریان لێ ده‌كه‌ن ئه‌وانیش به‌بێ زانیاری وه‌ڵامی خه‌ڵكی ده‌ده‌نه‌وه وفه‌توایان بۆ ده‌ده‌ن وخۆیشیان وخه‌ڵكیش گومڕا ده‌كه‌ن.

له‌كاتێكدا كه زانایانی پێشینه چاكه‌كانی ئه‌م ئوممه‌ته زۆر خۆیان ده‌پاراست وخۆیان دوور ده‌گرت له فه‌توا دان، تا ئه‌گه‌ر له‌ناو كۆمه‌ڵێكیاندا پرسیار له یه‌كێكیان بكرایا وه‌ڵامی نادایه‌وه‌و ئاراسته‌ی ئه‌وه‌ی ته‌نیشتی ده‌كرد، ئه‌ویش به‌هه‌مان شێوه تا پرسیاره‌كه ده‌گه‌ڕایه‌وه بۆ یه‌كه‌م كه‌س.

وه كاتێك خه‌ڵكی شام چل پرسیاریان لێ گیر ده‌بێت و وه‌ڵامی نازانن به‌یه‌كێكدا ده‌ینێرن بۆ مه‌دینه بۆ لای ئیمامی مالیك، ئه‌ویش له چل پرسیاره‌كه ته‌نها وه‌ڵامی چواری ده‌داته‌وه وبۆ سی وشه‌شه‌كه‌ی تری ده‌ڵێت نازانم، كابرایش كه له شامه‌وه هاتووه ده‌ڵێت: ئێستا كه من چوومه‌وه چی به خه‌ڵكی شام بڵێم ئه‌وان چاوه‌ڕوانی وه‌ڵامن؟! ئیمامی مالیكیش زۆر به خۆ به‌كه‌م زانینه‌وه ده‌فه‌رمێت: پێیان بڵێ ووتی: نازانم .

چونكه ئیمامی مالیك ده‌یزانی كه (مِنَ العِلْمِ أنْ يَقولَ لِمَا لا يَعْلَمُ اللهُ أعْلَمُ)[٦]. واته: ئه‌ویش هه‌ر له‌زانیاریه‌یه كه مرۆڤـ شتێكی نه‌زانی وه‌ڵام نه‌داته‌وه‌و بڵێت: خوای گه‌وره باشتر ده‌زانێت.

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كه ئیمامی مالیك وپێشه‌وایانی تری پێشینه چاكه‌كان زانا بوونه و كۆشش كه‌ر بوونه ئه‌گه‌ر فه‌توایان بدایاو هه‌ڵه‌یشیان بكردایه تاوانبار نابوون وئه‌جر پاداشتێكیان هه‌بووه له‌سه‌ر كۆشش كردنه‌كه‌یان، به‌ڵام به‌هۆی له خواترسان وخۆپارێزییانه‌وه، خۆیان گرتۆته‌وه له‌و شتانه‌ی كه‌نه‌یان زانیووه، به‌ڵام له‌ناو خه‌ڵكانی ئه‌م سه‌رده‌مه هه‌یه هیچ زانستێكی شه‌رعی وای نه‌خوێندووه كه‌به‌هۆیه‌وه شاره‌زاییه‌كی باش په‌یدا بكات له دین تا بتوانێت فه‌توا بدات به‌ڵام جۆره‌ها فه‌توا

٦- (متفق عليه عن عبدالله بن مسعود(رضي الله عنه)، وانظر: مشكاة المصابيح رقم:٢٧٢).

ده‌دات وسنوری خوای گه‌وره‌ ده‌به‌زێنێت وهیچ كات لێی نابیستیت بۆ ته‌نها جارێكیش بێت كه‌ پرسیارێكی ئاراسته‌ كرا بلێت نازانم، به‌ڵكو تۆ چ جۆره‌ پرسیارێك ده‌كه‌یت ئه‌و وه‌ڵام ده‌داته‌وه‌، وه‌ جۆره‌ها شتیان حه‌ڵاڵ كردووه‌ به‌هۆی نه‌زانی وهه‌واو ئاره‌زووه‌كانی خۆیان وخه‌ڵكی، تا خه‌ڵكی پێیان نه‌ڵێت توندو تیژ ولێیان رازی بن، به‌ڵام له‌ بیریان كردووه‌ یاخود له‌ بیری خۆیان بردۆته‌وه‌ كه‌: (مَنِ التَمَسَ رِضَا اللهِ بِسَخَطِ النَّاسِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ وَأَرْضَى عَنْهُ النَّاس، وَمَنِ التَمَسَ رِضَا النَّاسِ بِسَخَطِ اللهِ سَخِطَ اللهُ عَلَيهِ وَأَسْخَطَ عَلَيهِ النَّاس)[٧].

واته‌: هه‌ركه‌سێك خوای گه‌وره‌ له‌ خۆی رازی بكات به‌ توره‌ بوونی خه‌ڵكی ئه‌وا خوای گه‌وره‌یش لێی رازی ده‌بێت وخه‌ڵكیشی لێ رازی ده‌كات، وه‌ هه‌ركه‌سێك خه‌ڵكی رازی بكات به‌ توره‌ بوونی خوای گه‌وره‌ ئه‌وا خوای گه‌وره‌یشی لێ توره‌ ده‌بێت وخه‌ڵكیشی لێ توره‌ ده‌كات.

هه‌روه‌ها ره‌زامه‌ندی خه‌ڵكی مه‌به‌ستێكه‌ هه‌رگیز به‌ده‌ست نایات، چونكه‌ تا كۆمه‌ڵێك له‌ خۆت رازی ده‌كه‌یت كۆمه‌ڵێكی ترت لێ ده‌ره‌نجێت، وه‌كو ئیمامی شافیعی(ره‌حمه‌تی خوای لێ بێت) ده‌فه‌رمێت: (رِضَى النَّاسِ غَايَةٌ لا تُدْرَكُ)، به‌ڵام رازی كردنی خوای گه‌وره‌ ئاسانه‌ ومرۆڤـ ده‌توانێت ئه‌و رێگایانه‌ بگرێته‌ به‌ر كه‌ به‌ هۆیه‌وه‌ ره‌زامه‌ندی خوای گه‌وره‌ به‌ده‌ست دێت، هه‌رچه‌نده‌ ئه‌گه‌ر كه‌سێك ئه‌و رێگایانه‌ بگرێته‌ به‌ر وبه‌جوانی ده‌ست بگرێت به‌ دینه‌كه‌یه‌وه‌ وپه‌یوه‌ست بێت به‌ قورئان وسوننه‌ته‌وه‌ به‌ تێگه‌یشتنی پێشینه‌ چاكه‌كان ئه‌وا تۆمه‌ت بار ده‌كرێت به‌وه‌ی كه‌توند وتیژه‌ ودین ئاسانه‌و پێویست به‌ توندو تیژی ناكات! ! ئه‌مه‌ ووشه‌یه‌كی حه‌قه‌ به‌ڵام مه‌به‌ست پێی به‌تاڵه‌، مه‌به‌ست پێی ئه‌وه‌یه‌ كه‌ خه‌ڵكی حه‌زیان له‌چی بوو وه‌ چی مۆدێل وداب ونه‌رێتێكی رۆژهه‌ڵاتی ورۆژئاوایی هاته‌ ناو موسڵمانانه‌وه‌ حه‌ڵاڵ بكرێت به‌ناوی دین ئاسانی‌یه‌وه‌، ئه‌وه‌تا جۆره‌ها شت حه‌ڵاڵ كراوه‌ له‌به‌ر ره‌زامه‌ندی خه‌ڵكی تا كار گه‌یشتۆته‌ ئه‌وه‌ی كه‌ ته‌وقه‌ كردنی ژن وپیاوی بێگانه‌ پێكه‌وه‌، وشوكردنی

٧- (صحيح الترغيب والترهيب، رقم: ٢٢٥٠).

ئافره‌تی موسڵمان به‌ گاورو جوله‌كه‌، وده‌رخستنی سه‌ر وقژ وملی ئافره‌تان بۆ پیاوی بێگانه‌، وپێش نوێژی كردن ووتار خوێندنی هه‌ینی له‌لایه‌ن ئافره‌تانه‌وه‌ بۆ پیاوان، و.......... فه‌توای حه‌ڵاڵ بوونیان بۆ دراوه‌ وخه‌ڵكانێكیش هه‌ن كه‌ جێبه‌جێیان ده‌كه‌ن. وه‌ بۆ دوركه‌وتنه‌وه‌ی موسڵمانان له‌م سه‌ره‌ نه‌زان ونه‌فامانه‌و گه‌ڕانه‌وه‌یان بۆ لای زانایانی خواویست وباوه‌ڕ پێكراو به‌ زانست وخۆپارێزی‌یان، وه‌ وه‌كو جێبه‌جێ كردنێك بۆ فه‌رمانی خوای گه‌وره‌ كه‌ ده‌فه‌رمێت: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ [النحل: ٤٣].

هه‌ستام به‌ كۆكردنه‌وه‌ی ئه‌م فه‌توایانه‌ی زانای خواویست وپایه‌به‌رز شێخ (محمد بن صالح العثیمین (ره‌حمه‌تی خوای لێ بێت) كه‌ تێكڕای زانایانی ئه‌م سه‌رده‌مه‌ شایه‌تی‌یان داوه‌ بۆ زانیاری وزانستی سودبه‌خش وخۆپارێزی وبانگه‌وازكردنی بۆ دینی خوای گه‌وره‌، كه‌ هه‌ر له‌ته‌مه‌نی منداڵی‌یه‌وه‌ تاوه‌كو كۆچی دوایی كردووه‌ له‌ناو زانایاندا ژیانی به‌سه‌ر بردووه‌.

وه‌ ئیشی من له‌م په‌رتوكه‌دا بریتی بووه‌ له‌: كۆكردنه‌وه‌ی فه‌تواكان له‌ چه‌ند په‌رتوكێك كه‌ له‌ په‌راوێز وكۆتایی په‌رتوكه‌كه‌دا ئاماژه‌یان بۆ كراوه‌، هه‌روه‌ها دانانی ناونیشان بۆ هه‌ندێك له‌ فه‌تواكان كه‌ ناونیشانیان بۆ دانانرا بوو، وه‌ ته‌خریج كردنی ئه‌و فه‌رموودانه‌ی كه‌ ته‌خریج نه‌كرا بوون، له‌گه‌ڵ وه‌رگێڕانی فه‌تواكان، داواكارم له‌ خوای گه‌وره‌ كه‌ به‌ هۆی ئه‌م فه‌توا شه‌رعی‌یانه‌وه‌ سود به‌ موسڵمانان بگه‌یه‌نێت، وه‌ئه‌م كاره‌و سه‌رجه‌م كاره‌كانی ترمان ته‌نها له‌به‌ر ره‌زامه‌ندی خوای گه‌وره‌ بێت، وه‌ بیكاته‌ توێشوی قیامه‌تمان،

آمين وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

وه‌رگێڕ

دووشه‌ممه‌ به‌رواری ٢٧ی رجب١٤٢٧ك

به‌رامبه‌ر٢١/٨/٢٠٠٦ز

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين، وبعد:

حوكمی تەبەڕوك كردن بە گۆڕو سوڕاندنەوە بە دەوریدا:

پ١ حوكمی تەبەڕوك كردن بە گۆڕو سوڕاندنەوە بە دەوریدا چیيە بەمەبەستی جێ بەجێ كردنی پێویستیيەكان، یاخود خۆ نزیك كردنەوە لێیان؟

و تەبەڕوك كردن بە گۆڕ حەرامەو جۆرێكە لە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە، چونكە جێگیر كردنی كاریگەری شتێكی تێدایە كە خوای گەورە هیچ بەڵگەیەكی لەسەر نەناردۆتە خوارەوە، هەروەها ئەم تەبەڕوك كردنە لەكارو پیشەی پێشینە چاكەكان نەبووە، كە لەم ڕووەوە دەبێتە بیدعەیش، وە ئەگەر ئەو كەسەی باوەڕی وا بێت كە مردووی ناو گۆڕ كاریگەری هەیە، یاخود توانای هەیە لەسەر لابردنی زیان، یاخود هێنانی سود ئەمە هاوبەش دانانی گەورەیە ئەگەر بۆ هێنانی سود یاخود لابردنی زیان لێی بپاڕێیتەوە.

هەروەها ئەگەر پەرستنی بۆ مردووی ناو گۆڕەكە ئەنجام دا وەكو ركوع و كڕنوش وئاژەڵ سەربڕین بۆ خۆ نزیك كردنەوە لێی و بەگەورە زانینی ئەمەیش بەهەمان شێوە هاوبەش دانانی گەورەیە، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾ [المؤمنون: ١١٧].

واتە: هەركەسێك لەگەڵ خوای گەورەدا لە خوایەكی تر بپاڕێتەوە ئەوا هیچ بەڵگەیەكی نییە لەو كارەیدا (یاخود ئیشەكەی ئەو نابێتە بەڵگە بۆ هیچ كەسێكی تر)، وەحساب ولێپرسینەوەی تەنها لەلای خوای گەورەیە و خوای گەورە لێی دەپرسێتەوە، وەخوای گەورە كافران سەرفراز وسەركەوتوو ناكات.

وه ده‌فه‌رمێت: ﴿فَمَنْ كَانَ يَرْجُوا لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا﴾ [الكهف: ١١٠]

واته: هه‌ركه‌سێك به‌ ئومێدی گه‌یشتنه‌ به‌ خوای گه‌وره‌ به‌ ڕوویه‌كی سپی‌یه‌وه‌، ئه‌وا با كرده‌وه‌ی چاك ئه‌نجام بدات (واته: كرده‌وه‌كانی له‌سه‌ر سوننه‌ت بێت وبیدعه‌ نه‌كات)، وه‌ هیچ كه‌سێك نه‌كات به‌ هاوبه‌ش بۆ خوای گه‌وره‌ له‌ په‌رستندا (واته: نیه‌تی پاك بێت له‌ كرده‌وه‌كانیدا و ته‌نها مه‌به‌ستی ڕه‌زامه‌ندی خوای گه‌وره‌ بێت و بۆ ڕیابازی نه‌بێت).

وه‌ هاوبه‌ش بڕیارده‌ری گه‌وره‌ كافره‌و به‌نه‌مری وهه‌میشه‌یی له‌ ئاگری دۆزه‌خدا ده‌مێنێته‌وه‌ وبه‌هه‌شتی لێ حه‌رامه‌، وه‌كو خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رمێت: ﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ﴾ [المائدة: ٧٢].

واته: هه‌ركه‌سێك هاوبه‌ش بۆ خوای گه‌وره‌ بڕیار بدات ئه‌وا خوای گه‌وره‌ به‌هه‌شتی له‌سه‌ر حه‌رام و قه‌ده‌غه‌ ده‌كات، وه‌ شوێنی ئه‌و ئاگری دۆزه‌خه‌، وه‌سته‌مكاران (هاوبه‌ش بڕیارده‌ران) هیچ پشتیوان ویارمه‌تی ده‌رێكیان نی‌یه‌ كه‌ له‌ئاگری دۆزه‌خ ڕزگاریان بكات[٨].

حوكمی سوێند خواردن به‌ جگه‌ له‌ خوای گه‌وره‌:

پ٢ حوكمی سوێند خواردن چی‌یه‌ به‌ جگه‌ له‌ خوای گه‌وره‌؟ وه‌كو كه‌سێك كه‌ بڵێت: به‌ پێغه‌مبه‌ر، به‌ژیانت، به‌شه‌ره‌فم، به‌م ڕزقه‌، وهاوشێوه‌ی ئه‌مانه‌، وه‌كاتێك به‌ره‌هه‌ڵستی لێ بكه‌ین له‌وه‌ڵامدا ده‌ڵێت: ئه‌مه‌ شتێكه‌ زۆر به‌ ئاسانی وه‌رمان گرتووه‌و له‌سه‌ری ڕاهاتوین.

و ئه‌گه‌ر سوێند خۆره‌كه‌ باوه‌ڕی وا بێت كه‌ سوێند پێ خوراوه‌كه‌ له‌پله‌و پایه‌دا وه‌كو خوای گه‌وره‌یه‌، ئه‌وا هاوبه‌ش بڕیاردانی گه‌وره‌یه‌و پێی ده‌بێت به‌ هاوبه‌ش بڕیارده‌ری گه‌وره‌، وه‌ئه‌گه‌ر باوه‌ڕی وانه‌بێت وبه‌گه‌وره‌ زانینی سوێند پێ خوراوه‌كه‌ له‌ دڵیدا وای لێ كردبێت كه‌ سوێندی پێ

٨- (فتاوى وأذكار لإتحاف الأخيار، ص٩-١٠).

بخوات بەبێ ئەوەی باوەڕی وا بێت كە لە پلەو پایەدا وەكو خوای گەورەیە ئەمایان هاوبەش بڕیاردانی بچوكەو پێی دەبێت بە هاوبەش بڕیاردەری بچوك، چونكە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: ﴿مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللهِ فَقَدْ كَفَرَ أو أَشْرَكَ﴾[9].

واتە: هەركەسێك سوێند بخوات بە جگە لە خوای گەورە ئەوا بەجەخت لەسەر كراویەوە كوفری كردووە، یاخود هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە.

وە پێویستە بەرهەڵستی بكرێت لەهەر كەسێك كە تەبەڕوك دەكات بە گۆڕ، یاخود سوێند دەخوات بە جگە لەخوای گەورە، وە دەبێت بۆیان ڕوون بكرێتەوە كە ئەم كارانەی لەسزای خوای گەورە رزگاری ناكەن.

وەكە دەڵێت: ئەمە شتێكە زۆر بە ئاسانی وەرمان گرتووە ولەسەری ڕاهاتوین، ئەم گومانە گومانی ئەو هاوبەش بڕیاردەرانەیە كە پێغەمبەرانیان بەدرۆ دەخستەوەو دەیان ووت:

﴿إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُقْتَدُونَ﴾ [الزخرف: ٢٣] . واتە: ئێمە باوك و باپیرانی خۆمان لەسەر جۆرە پەرستنێك بینیوە، وە ئێمە شوێنی شوێنەواری ئەوان دەكەوین، پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم) پێیانی فەرموو:

﴿قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكُمْ بِأَهْدَى مِمَّا وَجَدْتُمْ عَلَيْهِ آبَاءَكُمْ قَالُوا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُمْ بِهِ كَافِرُونَ﴾[الزخرف: ٢٤] .

واتە: ئایا ئەو دینەی كەمن بۆتانم هێناوە لەلایەن خوای گەورەوە هیدایەت دەرترو ڕێنمونی كەر تر نیە لەوەی كە لە باوك وباپیرانتانەوە بۆتان بەجێ ماوە؟ ئەوانیش لە وەڵامدا وتیان: ئەوەی كە تۆ هێناوتەو تۆی پێ نێردراوی ئێمە پێی كافرو بێ باوەڕین وبەرهەڵستی دەكەین. خوای گەورەیش دەفەرمێت:

---

[9] – (رواه الترمذي، وصححه الشيخ الألباني في إرواء الغليل، رقم: ٢٥٦١).

﴿فَانْتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ [الزخرف: ٢٥]. واته: ئێمه تۆڵه‌ی به‌درۆخستنه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) وشوێن نه‌كه‌وتنی ولاسایی كردنه‌وه‌ی كوێرانه‌ی باوك و باپیرانیانمان لێ سه‌ندن، ده‌ی ته‌ماشا بكه‌و بزانه سه‌ره‌نجامی به‌درۆخه‌ره‌وانی پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) چۆن بوو. وه‌حه‌ڵاڵ نی‌یه بۆ هیچ كه‌سێك به‌ڵگه بۆ به‌تاڵه‌كه‌ی بهێنێته‌وه به‌وه‌ی كه باوك وباپیرانی له‌سه‌ری دیوه وله‌وانه‌وه بۆی ماوه‌ته‌وه، یاخود داب ونه‌ریتی ئه‌و وایه، وهاوشێوه‌ی ئه‌مانه، وه ئه‌گه‌ر ئه‌م شتانه بكات به‌به‌ڵگه ئه‌وا به‌ڵگه‌كانی لای خوای گه‌وره پوچه‌ڵ وبێ بنه‌مایه وهیچ سودی پێ ناگه‌یه‌نێت، وه ئه‌و كه‌سانه‌ی كه توشی ئه‌م شته بوونه پێویسته تۆبه بكه‌ن وبگه‌ڕێنه‌وه بۆ لای خوای گه‌وره وشوێنی حه‌ق بكه‌ون له هه‌ر كوێیه‌ك بوو، وه له‌هه‌ر كه‌سێكه‌وه بوو، وه‌له‌هه‌ر كاتێكدا بوو، وه‌داب و نه‌ریتی نه‌ته‌وه وگه‌له‌كه‌یان یاخود لۆمه‌ی كه‌سه نه‌زانه‌كانیان وایان لێ نه‌كات كه حه‌ق وه‌رنه‌گرن، چونكه مرۆڤی باوه‌ڕداری ڕاسته‌قینه ئه‌وه‌یه كه لۆمه‌ی لۆمه‌كه‌ران وبه‌ربه‌سته‌كان نایگه‌ڕێنێته‌وه له دینی خوا.

خوای گه‌وره هه‌موو لایه‌ك سه‌ركه‌وتوو بكات بۆ هه‌موو شتێك كه ڕه‌زامه‌ندی خۆی تێدا بێت، وه‌بمانپارێزێت له هه‌موو شتێك كه توڕه‌بوون وسزای خۆی تێدا بێت[١٠].

١٠- (فتاوى وأذكار لإتحاف الأخيار، ص١٠-١١).

حوكمی سوێند خواردن به جگه له خوای گه‌وره:

پ٣ حوكمی سوێند خواردن چی‌یه به جگه له خوای گه‌وره؟ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كه لێوه‌ی گێڕدراوه‌ته‌وه كه پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رموویه‌تی: (أفلح وأبيه إن صدق)[١١]. واته: سوێند بێت به باوكی سه‌رفراز بوو ئه‌گه‌ر ڕاست بكات.

و سوێند خواردن به جگه له‌خوای گه‌وره، وه‌كو كه‌سێك بڵێت: به‌ژیانت، یاخود به ژیانم، یاخود سوێند بێت به‌سه‌رۆك، یاخود به‌گه‌ل، هه‌موو ئه‌مانه حه‌رامه، به‌ڵكو له هاوبه‌ش بڕیاردانن، چونكه ئه‌م جۆره به‌گه‌وره زانینه دروست نی‌یه بۆ جگه له خوای گه‌وره، وه‌هه‌ركه‌سێك جگه له خوای گه‌وره به گه‌وره بزانێت كه ته‌نها بۆ خوای گه‌وره بگونجێت ئه‌وه هاوبه‌ش بڕیاردانه.

به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی سوێند خۆر باوه‌ڕی وانی‌یه كه گه‌وره‌یی سوێند پێ خوراو وه‌كو گه‌وره‌یی خوای گه‌وره وایه، ئه‌مه نابێت به هاوبه‌ش بڕیاردانی گه‌وره، به‌ڵكو هاوبه‌ش بڕیادانی بچوكه، بۆیه هه‌ر كه‌سێك سوێندی خوارد به جگه له خوای گه‌وره ئه‌وا هاوبه‌شی بۆ خوای گه‌ور داناوه هاوبه‌ش دانانێكی بچوك.

پێغه‌مبه‌رﷺ ده‌فه‌رمێت:(لا تَحْلِفُوا بِآبائِكُمْ، مَنْ كَانَ حَالِفاً فَلْيَحْلِفْ بِاللهِ أو لِيَصْمُتْ)[١٢] . واته: سوێند به‌باوك وباپیرانتان مه‌خۆن، وه‌هه‌ركه‌سێك ویستی سوێند بخوات ئه‌وا با به خوای گه‌وره سوێند بخوات، یاخود بێ ده‌نگ بێت وسوێند نه‌خوات. وه‌ده‌فه‌رمێت: (مَنْ حَلَفَ بِغَيرِ اللهِ فَقَدْ كَفَرَ أو أشْرَكَ)[١٣].

١١- (سنن أبي داود: ١/١٠٧، ٣/٢٢٣، قال الشيخ الألباني شاذ بزيادة وأبيه).

١٢- (متفق عليه، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٣/ ٢٩٥١).

١٣- (رواه الترمذي، وصححه الشيخ الألباني في إرواء الغليل، رقم: ٢٥٦١).

واته‌: هه‌ركه‌سێك سوێند بخوات به‌ جگه‌ له‌ خوای گه‌وره‌ ئه‌وا به‌جه‌خت له‌سه‌ر كراوی‌یه‌وه‌ كوفری كردووه‌، یاخود هاوبه‌شی بۆ خوای گه‌وره‌ بڕیارداوه‌.

بۆیه‌ سوێند مه‌خۆ به‌ جگه‌ له‌ خوای گه‌وره‌ ئه‌گه‌ر سوێند پێ خوراوه‌كه‌ هه‌ر كه‌سێك بوو ، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر پێغه‌مبه‌ریش بوو یاخود جبریل بوو یاخود له‌وان پله‌و پایه‌ی نزمتر بوو، له‌ پێغه‌مبه‌ران یاخود فریشته‌كان یاخود له‌ مرۆڤه‌كان، یاخود له‌ خوار پێغه‌مبه‌رانه‌وه‌، سوێند مه‌خۆ به‌ هیچ كه‌س و شتێك جگه‌ له‌ خوای گه‌وره‌.

به‌ڵام فه‌رمووده‌كه‌ی پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) كه‌ ده‌فه‌رمێت: (أفلح وأبيه إن صدق).

ده‌رباره‌ی ئه‌م وشه‌یه‌(وأبيه) واته‌: سوێند به‌ باوكی، فه‌رموده‌ناسان بۆچونیان جیاوازه‌، هه‌یانه‌ به‌رهه‌ڵستی لێ كردووه‌و ووتویه‌تی به‌ صه‌حیحی له‌ پێغه‌مبه‌ره‌وه‌ (صلى الله عليه وسلم) نه‌هاتووه‌، به‌ گوێره‌ی ئه‌م بۆچونه‌ هیچ ئاڵۆزی‌یه‌ك له‌م بابه‌ته‌دا نی‌یه‌، چونكه‌ تۆ كاتێك باسی شتێك ده‌كه‌یت و وه‌ڵامی ده‌ده‌یته‌وه‌ ده‌بێت ئه‌و شته‌ بوونی هه‌بێت، وه‌ئه‌گه‌ر بوونی نه‌بوو ئه‌وا به‌رگری پێ ناكرێت وئاوڕی لێ نادرێته‌وه‌.

وه‌ئه‌گه‌ر بڵێین ئه‌م وشه‌یه‌(وأبيه) جێگیره‌، ئه‌وا وه‌ڵامه‌كه‌ی به‌م شێوه‌یه‌یه‌:

ئه‌م وشه‌یه‌ ئاڵۆزو نادیاره‌(مشكل)ه‌، وسوێند خواردن به‌ جگه‌ له‌ خوای گه‌وره‌ ئاشكرایه‌(محكم)، واته‌: (محكم) و(متشابه) مان هه‌یه‌، وه‌ ڕێگای زانا دامه‌زراوه‌كان له‌ زانیاریدا وایه‌ كه‌ واز له‌(متشابه) بهێنین و (محكم) وه‌ربگرن وكاری پێ بكه‌ن، خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رمێت: ﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا﴾ [آل عمران: ٧].

واته‌: خواى گه‌وره‌ ئه‌و خوايه‌يه‌ كه‌ ئه‌و قورئانه‌ى دابه‌زاندۆته‌ سه‌رت ئه‌ى محمد(صلى الله عليه وسلم) له‌ قورئاندا هه‌ندێك له‌ ئايه‌ته‌كانى (محكم)ن، واته‌: (يه‌ك ڕاڤه‌ كردنيان هه‌يه‌، وه‌ ماناكه‌يان ديارەو ئاشكرايه‌، وه‌ بوارى گۆڕينى ماناو لادانو شاردنه‌وه‌و دوو دڵى تێدا نىيه‌)، كه‌ ئه‌م ئايه‌تانه‌ بنچينه‌ى قورئانن و پشتيان پێ ده‌به‌سترێت، وئه‌و ئايه‌تانه‌ى پێچه‌وانه‌يان بێت ده‌گه‌ڕێنرێنه‌وه‌ بۆ ئه‌م ئايه‌تانه‌، وه‌ هه‌ندێك ئايه‌تى ترى قورئان (متشابه‌)ن، واته‌: (زياتر له‌ يه‌ك ڕاڤه‌كردنيان هه‌يه‌، وه‌ بوارى گۆڕينى ماناو لادانو شاردنه‌وه‌يان هه‌يه‌)، فه‌رمانمان پێ كراوه‌ به‌ باوه‌ڕهێنان به‌ ئايه‌تى (متشابه)و ئيش كردن به‌ ئاياتى (محكم) به‌ڵام ئه‌وانه‌ى لادان له‌ حه‌ق له‌دڵياندايه‌ شوێنى ئايه‌تى متشابه‌ ده‌كه‌ون، وه‌ گومان بۆ باوه‌ڕداران دروست ده‌كه‌ن و ده‌يكه‌ن به‌ به‌ڵگه‌ بۆ ئه‌و بيدعه‌يه‌ى كه‌ خۆيان له‌ سه‌رين كه‌ مه‌به‌ستيان ئه‌وه‌يه‌ خه‌ڵكى تووشى فيتنه‌ بكه‌ن له‌ دينه‌كه‌ياندا‌و دڵيان تێك بده‌ن، وه‌ مه‌به‌ستيان ڕاڤه‌ كردنێتى به‌و شێوه‌يه‌ى كه‌ خۆيان ده‌يانه‌وێت و بگونجێت له‌گه‌ڵ ڕێگه‌ خراپه‌كه‌ياندا له‌ كاتێكدا هيچ كه‌سێك له‌ ڕاڤه‌كردنه‌كه‌ى نازانێت ته‌نها خواى گه‌وره‌ نه‌بێت، وه‌ ئه‌وانه‌ى كه‌ دامه‌زراون له‌ زانستدا ده‌ڵێن باوه‌ڕمان پێ‌ى هه‌يه‌ هه‌مووى له‌ لايه‌نى په‌روه‌ردگارمانه‌وه‌يه‌.

وه‌كه‌ ده‌ڵێين (متشابه)ه‌، ماناى وايه‌ ئه‌گه‌رێكى زۆرى هه‌يه‌، له‌وانه‌يه‌ ئه‌مه‌ پێش قه‌ده‌غه‌ كردنى بێت، وه‌له‌وانه‌يه‌ تايبه‌ت بێت به‌ پێغه‌مبه‌ره‌وه‌(صلى الله عليه وسلم) له‌به‌ر دووری هاوبه‌ش بڕياردان له‌ حه‌قى ئه‌ودا، وه‌له‌وانه‌يه‌ ئه‌مه‌ له‌و شتانه‌ بێت كه‌به‌سه‌ر زماندا هاتبێت به‌بێ مه‌به‌ست، وه‌ له‌به‌ر ئه‌وه‌ى ئه‌م ئه‌گه‌رانه‌ هه‌موو هه‌ن له‌سه‌ر ئه‌م وشه‌يه‌(وأبيه) ئه‌گه‌ر صحيح بێت له‌ پێغه‌مبه‌ره‌وه‌(صلى الله عليه وسلم) ئه‌وا پێويسته‌ له‌سه‌رمان(محكم) ه‌كه‌ وه‌ربگرين وكارى پێ بكه‌ين كه‌ بريتى‌يه‌ له‌ قه‌ده‌غه‌ كردنى سوێند خواردن به‌ جگه‌ له‌ خواى گه‌وره‌. به‌ڵام له‌وانه‌يه‌ هه‌ندێك له‌ خه‌ڵكى بڵێن:

سوێند خواردن به‌ جگه‌ له‌ خوای گه‌وره‌ دێته‌ سه‌ر زمانی و قورسه‌ له‌سه‌ری كه‌ وازی لیٚ بێنێت، وه‌لاٚمی ئه‌مه‌ چی‌یه‌؟

ده‌ڵێین: ئه‌مه‌ ناكرێته‌ به‌ڵگه‌ به‌ڵكو كۆششی نه‌فسی خۆت بكه‌ له‌سه‌ر واز هێنان و ده‌رچون لیٚی .

وه‌له‌ یادمه‌ جارێكیان به‌رهه‌ڵستیم له‌ پیاوێك كرد كه‌ بڵێت: به‌ پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم)، ئه‌ویش ده‌رباره‌ی شتێك قسه‌ی له‌گه‌ڵمدا ده‌كرد ووتی: به‌ پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) ناگه‌ڕێمه‌وه‌ سه‌ری.

ئه‌م ووتنه‌ی له‌سه‌ر ئه‌و بنچینه‌یه‌ بوو كه‌ دووپاتی بكاته‌وه‌ كه‌ ناگه‌ڕێته‌وه‌ سه‌ر سوێند خواردن به‌ پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم)، به‌لاٚم هاته‌ سه‌ر زمانی، ده‌ڵێین هه‌وڵ بده‌ ئه‌وه‌نده‌ی له‌ تواناتدا هه‌یه‌ ئه‌م ووشه‌یه‌ له‌سه‌ر زمانت بسڕه‌ره‌وه‌، چونكه‌ هاوبه‌ش بڕیاردانه‌، وه‌ هاوبه‌ش بڕیاردانیش ترسناكی-یه‌كه‌ی زۆر گه‌وره‌یه‌ هه‌رچه‌نده‌ ئه‌گه‌ر بچوكیش بێت، تا شيخ الإسلام إبن تيمية(ره‌حمه‌تی خوای لیٚ بێت) ده‌فه‌رمێت: (هاوبه‌ش بڕیاردان خوای گه‌وره‌ لیٚی خۆش نابێت ئه‌گه‌ر بچوكیش بێت).

وه‌ إبن مسعود(خوای لیٚ ڕازی بێت) ده‌فه‌رمێت: (لَانْ أَحْلِفَ باللهِ كاذِباً أَحَبُّ إليَّ مِنْ أَنْ أَحْلِفَ بِغَيْرِهِ صَادِقاً)[١٤]. واته‌: ئه‌گه‌ر سوێند بخۆم به‌خوای گه‌وره‌ به‌ درۆ لام خۆش تره‌ له‌وه‌ی كه‌ سوێند بخۆم به‌ جگه‌ له‌ خوای گه‌وره‌ به‌ڕاستی.

شيخ الإسلام إبن تيمية(ره‌حمه‌تی خوای لیٚ بێت) ده‌فه‌رمێت: (چونكه‌ تاوانی هاوبه‌ش بڕیاردان گه‌وره‌تره‌ له‌ تاوانی گه‌وره‌)[١٥].

١٤- (صححه الشيخ الألباني في: إرواء الغليل: ٨/ ٢٥٦٢).

١٥- (فتاوى مهمة لعموم الأمة: ص٦٨-٧١).

حوكمی سه‌ردانی كردنی گۆڕی پیاو چاكان:

پ٤ حوكمی سه‌ردانی كردنی گۆڕی پیاو چاكان چی‌یه به‌مه‌به‌ستی داواكردنی له‌ش ساغی لێیان؟

و سه‌ردانی كردنی گۆڕی خه‌ڵكی به گشتی بێت، یاخود گۆڕی كه‌سانێك كه وا ده‌زانرێت پیاوچاك بوونه، بۆ ئه‌وه‌ی داوای فریاكه‌وتن و یارمه‌تی و ئاسانكاری باری ژیانیان لێ بكرێت، ئه‌مه هاوبه‌ش بڕیاردانی گه‌وره‌یه وخاوه‌نه‌كه‌ی له ئاینی ئیسلام ده‌رده‌كات، خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێت: ﴿وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾ [المؤمنون: ١١٧].

ئه‌م ئایه‌ته پیرۆزه ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێت كه‌هه‌ركه‌سێك له‌گه‌ڵ خوای گه‌وره‌دا له خوایه‌كی تر بپاڕێته‌وه، ئه‌وا له‌م كاره‌یدا هیچ به‌ڵگه‌یه‌كی نی‌یه، به‌ڵكو به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر گێلی ونه‌فامی وگومڕایی، هه‌روه‌ها هه‌ڕه‌شه‌ی تێدایه بۆ هه‌موو كه‌سێك كه له‌گه‌ڵ خوای گه‌وره‌دا له خوایه‌كی تر بپاڕێته‌وه كه ده‌فه‌رمێت: ﴿ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ﴾، هه‌روه‌ها سودی ئه‌وه‌ی تێدایه كه ئه‌و كه‌سه‌ی كه له جگه له خوای گه‌وره ده‌پاڕێته‌وه به‌م پاڕانه‌وه‌یه هه‌رگیز سه‌ركه‌وتوو وسه‌رفراز نابێت، وه‌سودی ئه‌وه‌یشی تێدایه كه ئه‌و كه‌سه كافره، چونكه خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێت: ﴿إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾.

وه پاڕانه‌وه له جگه له خوای گه‌وره گێلی ونه‌فامی وگومڕایی‌یه، چونكه خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێت: ﴿وَمَنْ يَرْغَبُ عَنْ مِلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلَّا مَنْ سَفِهَ نَفْسَهُ﴾ [البقرة: ١٣٠]. واته: كێ هه‌یه له دین وڕێگا وبه‌رنامه‌ی ئیبراهیم(صلى الله عليه وسلم) لابدات مه‌گه‌ر كه‌سانێكی خۆگێل ونه‌زان ونه‌فام كردوو.

وه ده‌فه‌رمێت: ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ مَنْ لَا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَنْ دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ﴾[الأحقاف: ٥].

واته: كێ گومڕاته له‌و كه‌سه‌ی كه له جگه له خوای گه‌وره ده‌پاڕێته‌وه له كه‌سانێك كه تا ڕۆژی قیامه‌ت ناتوانن وه‌ڵامیان بده‌نه‌وه، وه ئه‌وان بێ ئاگان له پاڕانه‌وه‌ی ئه‌م خه‌ڵكه نه‌زان وگومڕایه له‌وان.

وەسەرسوڕهێنەر ئەوەیە كە ئەم كەسە نەزانانە بچنە سەر گۆڕی ئەو مردووانەی كە دەزانن ئەمانە تەنها لاشەیەكی رزیوی بێ گیانن ناتوانن خۆیان رزگار بكەن لەو حاڵەی كە تێیدان چ جای ئەوەی كە جگە لە خۆیان رزگار بكەن، ئەوانیش داوایان لێ دەكەن كە لە سەغڵەتی وناخۆشی رزگاریان بكەن، وداوای لابردنی ناخۆشییەكانیان لێ دەكەن.

ئەگەر مرۆڤ بڕوانێتە حاڵی ئەو كەسانە ئەوا زۆر سەرسام دەبێت، وە ئەگەر ئەو كەسانە بگەڕێنەوە سەر خۆیان و بیر بكەنەوە ئەوا گێلی ونەزانی خۆیان بۆ دەردەكەوێ، كە ئەوان لە گومڕاییەكی ئاشكرادان، داواكارین لە خوای گەورە كەتێكڕای موسڵمانان چاو ڕۆشنا بكات لە دینەكەیدا، وەڕێنموونیيان بكات بۆ حەق، وەدامەزراویان بكات لەسەری.

وەمن بەو جۆرە كەسانە دەڵێم: پاڕانەوەیەكی سودبەخش بپاڕێنەوە كەوا پەنا بەرن بۆ خوای گەورە، چونكە هەر ئەو وەڵامی لێقەوماوان دەداتەوە كاتێك كە لێی دەپاڕێنەوە، وەهەر ئەو دەردو بەڵاو ناخۆشییان لەسەر لادەبات، وە موڵكی هەموو شتێك هەر بەدەستی ئەوە، وەهەر ئەوە كە بە پێغەمبەرەكەی(صلی الله علیه وسلم) دەفەرمێت: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾ [البقرة: ١٨٦]. واتە: ئەی محمد(صلی الله علیه وسلم) ئەگەر بەندەكانی من پرسیاری منیان لێت كرد ئەوا من لێیانەوە نزیكم(بەزانیاری وبیستن و بینین وتواناو دەسەلات و ویست)، وەوەڵامی دوعاو پاڕانەوەی ئەو كەسانە دەدەمەوە كە لێم دەپاڕێنەوە(یاخود داوای چییان كردووە بۆیان جێبەجێ دەكات، یاخود لە قیامەتدا پاداشتیان دەداتەوە، یاخود لەدونیادا بایی پاڕانەوەكەیان بەڵاو ناخۆشییان لەسەر لادەبات)، بەڵام بەو مەرجەی كە ئەوانیش وەڵامی بانگەوازی من بدەنەوە وباوەڕم پێ بهێنن بەڵكو دەچنە سەر ڕێگای ڕاست.

وە با ئەو كەسانە خۆیان تاقی بكەنەوە كاتێك كە ڕوو دەكەنە خوای گەورە و بەڕاستی و دڵسۆزی پەنای بۆ دەبەن، یاخود بە پێویستی و ئومێدی وەڵامدانەوە، تا بۆیان دەركەوێت كە هیچ كەسێك سودیان پێ ناگەیەنێت تەنها خوای گەورە نەبێت.

وە ئەگەر بڵێن: جاری وا هەیە ئەو كەسانە دوعا دەكەن لە خاوەنی ئەو گۆڕانەی كەوا گومان دەبەن پیاو چاكن، پاشان بە قەزاو قەدەری خوای گەورە داواكاریەكانیان بۆ جێبەجێ دەبێت، ئایا ئێمە هەڵوێستمان چۆن بێت سەبارەت بەم ڕووداوە؟

وەڵام: هەڵوێستی ئێمە ئەوەیە كە ئێمە دەزانین و دڵنیاین كە ئەوەی بۆ ئەوان ڕووی داوە لە خاوەنی گۆڕەكانەوە نیە، وە بەهۆی پاڕانەوەی ئەوانەوە لە گۆڕەكان نیە، چونكە خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ مَنْ لَا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَنْ دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ﴾ [الأحقاف: ٥].

واتە: كێ گومڕاتە لەو كەسەی كە لە جگە لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە لە كەسانێك كە تا ڕۆژی قیامەت ناتوانن وەڵامیان بدەنەوە، وە ئەوان بێ ئاگان لە پاڕانەوەی ئەم خەڵكە نەزان وگومڕایانە لەوان.

وە خاوەنی ئەو گۆڕانە ناتوانن نە سودیان پێ بگەیەنن، وە نەزیانیشیان لەسەر لادەن، وەكو خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ أَمْوَاتٌ غَيْرُ أَحْيَاءٍ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴾ [النحل: ٢٠-٢١].

واتە: ئەوانەی كە جگە لە خوای گەورە خەڵكی لێیان دەپاڕێتەوە توانای دروست كردنی هیچ شتێكیان نیە، بەڵكو خۆیان دروست كراون، وە ئێستا ئەوان مردون وزیندوو نین، وە خۆیشیان هەست ناكەن كە خوای گەورە چ كاتێك زیندوویان دەكاتەوە.

ئه‌م مردووانه ناتوانن هیچ شتێكیان بۆ بكه‌ن به ده‌قی قورئان و سوننه‌ت و یه‌كده‌نگی زانایانی موسڵمانان، به‌ڵام ئه‌وه‌ی كه بۆیان جێبه‌جێ بووه له‌كاتی پاڕانه‌وه‌یان له مردووه‌كان تاقی كردنه‌وه‌یه‌كه له خوای گه‌وره‌وه ئه‌وانی پێ تاقی ده‌كاته‌وه، جاری وا هه‌یه خوای گه‌وره به‌نده‌كانی تاقی ده‌كاته‌وه به‌وه‌ی كه هۆكاره‌كانی تاوان كردنیان بۆ ئاسان ده‌كات بۆ ئه‌وه‌ی تاقی‌یان بكاته‌وه، ئایا نابینیت خوای گه‌وره به‌چی به‌نی ئیسرائیلی تاقی كردووه؟ كاتێك كه ڕاوكردنی ماسی لێ حه‌رام كردن له ڕۆژی شه‌ممه‌دا، وه له‌و ڕۆژه‌دا ماسی‌یه‌كان گه‌لێك زۆر ده‌بوون وله زۆریدا سه‌ر ئاو ده‌كه‌وتن، به لام له ڕۆژانی تری جگه له شه‌ممه ماسی‌یان نابینی، ئه‌مان له‌م تاقی كردنه‌وه‌یه‌دا ده‌رنه‌چون وپه‌نایان بۆ فێڵ كردنێك برد ئه‌ویش ئه‌وه بوو كه له ڕۆژی هه‌ینی تۆڕیان ده‌خسته ناو ئاوه‌كه تا ڕۆژی شه‌ممه ماسی زۆریان بۆ بگرێت، به‌ڵام له شه‌ممه‌دا ده‌ریان ناكرد وده‌ستیان لێ نادا، له ڕۆژی یه‌ك شه‌ممه‌دا ماسی‌یه‌كانیان ده‌رده‌كرد، خوای گه‌وره‌یش پێی فه‌رموون: ﴿ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ﴾ [الأعراف: ١٦٦]. واته: ببن به مه‌یمونی بێ ڕێزی زه‌لیل له سزای ئه‌و كاره ناهه‌مواره‌تاندا.

وه‌كو خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێت:

﴿وَاسْأَلْهُمْ عَنِ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَتْ حَاضِرَةَ الْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِي السَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ لَا تَأْتِيهِمْ كَذَلِكَ نَبْلُوهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ﴾ [الأعراف: ١٦٣].

واته: ئه‌ی محمد(صلى الله عليه وسلم) پرسیار له جوله‌كاكان بكه (وه‌كو یادكردنه‌وه‌یان به‌وه‌ی كه به‌سه‌ر پێشینه‌كانیاندا ڕوویدا كاتێك كه خوای گه‌وره كردیانی به مه‌یمون وبه‌راز به هۆی یاری كردنیان به دینه‌كه‌ی وفێڵ كردنیان)، ده‌رباره‌ی ئه‌و دێیه‌ی كه به ته‌نیشت ڕوباره‌كه‌وه بوو(دێی آيلة ی ته‌نیشت عقبة) كاتێك سنوری خوای گه‌وره‌یان به‌زاند، به‌وه‌ی كه له ڕۆژی شه‌ممه‌دا ڕاوی ماسیان ده‌كرد كه‌قه‌ده‌غه كرابوو لێیان له‌و ڕۆژدا، وه خوای گه‌وره به‌وه تاقی كردنه‌وه كه له ڕۆژی

شه‌ممه‌دا ماسی‌یه‌كان سه‌ر ئاو ده‌كه‌وتن ودیارو ئاشكراو زۆر بوون، و به‌ئاسانی راو ده‌كران، به‌ڵام له‌ رۆژه‌كانی تردا كه‌ دروست بوو بۆیان راو بكه‌ن ماسی‌یه‌كان ناهاتن وتوانای راوكردنیانیان نه‌بوو، خوای گه‌وره‌ به‌م شێوه‌یه‌ تاقی كردنه‌وه‌ به‌هۆی خراپه‌و تاوان و له‌رێ ده‌رچونی خۆیان تا خوای گه‌وره‌ بزانێت تا چ راده‌یه‌ك ئارام ده‌گرن.

هه‌روه‌ها ده‌فه‌رمێت: ﴿وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ الَّذِينَ اعْتَدَوْا مِنْكُمْ فِي السَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ فَجَعَلْنَاهَا نَكَالًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِلْمُتَّقِينَ﴾ [البقرة: ٦٥-٦٦].

واته‌: به‌ دڵنیاییه‌وه‌ ئێوه‌ به‌سه‌رهاتی ئه‌و كه‌سانه‌تان زانی كه‌ له‌ ئێوه‌ (جوله‌كه‌كان) سنوری خوای گه‌وره‌یان به‌زاند له‌ رۆژی شه‌ممه‌دا كه‌ فێڵیان كرد(رۆژی هه‌ینی تۆڕیان ده‌خسته‌ ناو ئاوه‌كه‌ و رۆژی یه‌ك شه‌ممه‌ ده‌ریان ده‌كرد، یاخود رۆژانی شه‌ممه‌ جۆگه‌یان لێ ده‌دا تا ماسی زۆر ده‌چونه‌ ناوی‌یه‌وه‌، پاشان به‌ربه‌ستیان ده‌كردو له‌ رۆژی یه‌ك شه‌ممه‌ ده‌ریان ده‌كرد).

خوای گه‌وره‌یش له‌ سزای ئه‌م سه‌رپێچی‌یه‌دا كردیانی به‌ مه‌یمونی بێ رێز و زه‌لیل، وه‌ ئه‌و دێیه‌ی كرد به‌ په‌ندو عیبره‌ت بۆ دێیه‌كانی پێش وپاشی خۆی، وه‌ تا ببێت به‌ ئامۆژگاری بۆ له‌ خوا ترسان وخۆپارێزان تا رۆژی قیامه‌ت.

پاشان ئایا نابینیت خوای گه‌وره‌ به‌چی هاوه‌ڵانی تاقی كردوه‌ كاتێك كه‌ له‌ ئیحرامدا بوون؟ خوای گه‌وره‌ فه‌رمووی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَيَبْلُوَنَّكُمُ اللَّهُ بِشَيْءٍ مِنَ الصَّيْدِ تَنَالُهُ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ لِيَعْلَمَ اللَّهُ مَنْ يَخَافُهُ بِالْغَيْبِ﴾ [المائدة: ٩٤].

واته‌: ئه‌ی باوه‌ڕداران خوای گه‌وره‌ تاقی‌تان ده‌كاته‌وه‌ به‌ شتێك له‌ راوكردن(كه‌ له‌كاتی ئیحرامدا له‌ حه‌ره‌مدا لێی قه‌ده‌غه‌ كردن، هه‌روه‌كو چۆن له‌ جوله‌كه‌كانی قه‌ده‌غه‌ كرد له‌ رۆژی شه‌ممه‌دا) له‌م كات وشوێنه‌دا خوای گه‌وره‌ تاقی‌یانی كردوه‌ كه‌ راوكردنی بۆ ئاسان كردبوون به‌ شێوه‌یه‌ك كه‌ ده‌یانتوانی به‌ده‌ست و رمه‌كانیان راو بكه‌ن ، به‌بێ ئه‌وه‌ی كه‌ پێویستیان به‌ تیر و راونان و

دواكەوتنیان بێت، بۆ ئەوەی خوای گەورە بزانێت كێ لە ئێوە لە نهێنیدا لە خوای گەورە دەترسێت، هەروەكو چۆن لەبەر چاو خەڵكی لێی دەترسێت.(بەڵام هاوەڵان وەكو جولەكەكان نەبوون و لەم تاقی كردنەوەیەدا دەرچون و سنوری خوای گەورەیان نەبەزاند هەرچەندە زۆر پێویستیشیان بوو لەبەر خۆپاریزی و لە خوا ترسانیان.

مەبەست لێرەدا ئەوەیە ئەو هاوبەش بڕیاردەرانەی كە دوعا لەو گۆڕانە دەكەن، پاشان بەقەزاو قەدەری خوای گەورە ئەوەی داوایان كردووە بۆیان جێبەجێ دەبێت، ئەمە بەبێ گومان تاقی كردنەوەیەكە لەلایەن خوای گەورەوە تاقیيان دەكاتەوە.

داواكارین لە خوای گەورە حەقمان بە حەق نیشان بدات و شوێنكەوتنیمان پێ ببەخشێت، وبەتاڵیشمان بەبەتاڵ نیشان بدات و دوركەوتنەوەیمان پێ ببەخشێت(١٦).

حوكمی قورئان خوێندن لەسەر گۆڕ:

پ٥ حوكمی قورئان خوێندن چیيە لەسەر گۆڕ ئایا دروستە یان نا؟

و قورئان خوێندن لەسەر گۆڕ دروست نیيە وبیدعەیە، وە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) زانا ترین كەس بووە بە شەریعەتی خوا، وە زانا ترین كەس بووە بەوەی كە ووتویەتی، وە زاناترینو پاراو ترین كەس بووە لەوەی دەری بڕیووە، وە لەهەموو كەس ئامۆژگاری زیاتر كردووە لەوەی كە ویستوویەتی، ئەوە كە

دەفەرمێت: ﴿كُلُّ بِدْعَةٍ ضَلالَة﴾(١٧). واتە: هەموو بیدعەیەك گومڕاییيە.

وە ئەم ڕستە گشتییە كۆگیرە هیچ شتێكی لێ جیا ناكرێتەوە ودەرناكرێت، وە هەموو بیدعەیەك گومڕاییيە بەم دەقە(محكم)ە ڕەوانبێژە كە ئەگەر كەسێك بیەوێت درێژەی پێ بدات و ڕوونی

١٦- (فتاوى مهمة لعموم الأمة: ص٧٥-٨٠).

١٧- (صححه الشيخ الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٦/ ٢٧٣٥).

بكاتەوە ئەوا پەرتووكێكی گەورەی دەوێت، بۆیە قورئان خوێندن لەسەر گۆڕ بیدعەیە ولەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) نەبووە، وە پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ئەم شتەی نەكردووە بە سوونەت نەبە ووتەی، نەبە كردەوەی نە بە بێدەنگ بوون و ڕازی بوونی، بەڵكو ڕێنمونی ئوممەتەكەی دەكرد بۆ ئەم شتە دەیفەرموو بڵێن: ﴿ السَّلامُ عَلَيكُمْ دارَ قَومٍ مُؤْمِنِين، وإنَّا إنْ شَاءَ اللهُ بِكُمْ لاحِقُون، يَرْحَمُ اللهُ المسْتَقْدِمِينَ مِنا ومِنْكُمْ والمسْتَأْخِرِين، نَسْأَلُ اللهَ لنا ولَكُمُ العافِيةَ، اللَّهُمَّ لا تَحْرِمْنا أجْرَهُمْ ولا تَفْتِنا بعدَهُم، واغْفِرْ لَنا ولَهُم﴾[18].

واتە: سەلامی خوای گەورەتان لێ بێت ئەی خەڵكانی باوەڕداری ئەم گۆڕستانە، ئێمەش إن شاء الله پێتان دەگەین و دێین بۆ لاتان، خوای گەورە ڕەحم بە ڕۆیشتوەكان و هاتووەكانی ئێمەو ئێوەش بكات، داواكاری پارێزراوین لە خوای گەورە بۆ ئێمەو ئێوەیش، خوایە بێ بەشمان نەكەیت لە پاداشتیان، وە لە دوای

ئەوانیش تاقیمان نەكەیتەوە، وە لەئێمەو ئەوانیش خۆش بە[19].

حوكمی تەوەسول كردن بە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)**:**

پ٦ حوكمی تەوەسول كردن چیە بە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)؟

و تەوەسول كردن بە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) چەند بەشێكە:

یەكەم: تەوەسول بكات بە باوەڕهێنانی بە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، ئەمە تەوەسولێكی دروستە وەكو ئەوەی بڵێت: خوایە بۆخاتر باوەڕهێنانم بەتۆ و پێغەمبەرەكەت (صلى الله عليه وسلم) لێم خۆش بە، ئەمە ئاساییەو دروستەو هیچی تێدا نییە، خوای گەورە لە قورئاندا باسی ئەم جۆرەی كردووە كە دەفەرمێت:

١٨- (صحيح الجامع الصغير، رقم: ٤٤٢١، دون (اللهم لا تحرمنا أجرهم ولا تفتنا بعدهم، واغفر لنا ولهم).

١٩- (فتاوى مهمة لعموم الأمة: ص٧٤-٧٥).

﴿رَبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلْإِيمَانِ أَنْ آمِنُوا بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الْأَبْرَارِ﴾ [آل عمران: ١٩٣]. واته: ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان ئێمه گوێ بیستی بانگه‌وازكارێك بووین بانگه‌وازی ده‌كرد بۆ باوه‌ڕهێنان به تۆ (واته: پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم)) ئێمه‌ش باوه‌ڕمان هێنا، خوایه بۆخاتری ئه‌م باوه‌ڕهێنانه‌مان به تۆ وپێغه‌مبه‌ره‌كه‌ت (صلى الله عليه وسلم) له تاوانه‌كانمان خۆش به و گوناهه‌كانمان بسڕه‌وه وله‌گه‌ڵ چاكه‌كاراندا بمانمرێنه.

چونكه باوه‌ڕهێنان به پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) وه‌سیله‌و هۆكارێكی شه‌رعی‌یه بۆ لێخۆش بوونی خوای گه‌وره له تاوانه‌كان وسڕینه‌وه‌ی گوناهه‌كان، ئه‌و ته‌وه‌سولی كردووه به هۆكارێكی جێگیری شه‌رعی. **دووه‌م:** ته‌وه‌سول كردن به پاڕانه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم)، واته: پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) دوعای بۆ بكات و له خوا بپاڕێته‌وه بۆی، ئه‌میش به هه‌مان شێوه دروسته، به‌ڵام ناگونجێت ته‌نها له ژیانی پێغه‌مبه‌ردا (صلى الله عليه وسلم) نه‌بێت، به‌ڵام پاش مردنی دروست نی‌یه، هه‌روه‌كو چۆن ئیمامی عومه‌ر (خوای لێ ڕازی بێت) له پاش وه‌فاتی پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) له بێ بارانیدا ته‌وه‌سولی كرد به ئیمامی عباسی(خوای لێ ڕازی بێت) مامی پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) نه‌ك به پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) چونكه كۆچی دوای كردبوو، وه فه‌رمووی:

﴿اللَّهُمَّ إنَّا كُنَّا نَتَوَسَّلُ إليكَ بِنَبِيِّنَا فَتُسْقِينا، وإنا نَتَوَسَّلُ إليكَ بِعَمِّ نَبِيِّنَا فَاسْقِنَا﴾[٢٠].

واته: ئه‌ی په‌روه‌ردگار ئێمه پێش تر ته‌وه‌سولمان ده‌كرد به پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) له ژیانیدا تۆیش بارانت بۆ ده‌باراندین، وه ئێستا ته‌وه‌سول ده‌كه‌ین به مامی پێغه‌مبه‌ره‌كه‌مان (صلى الله عليه وسلم) تۆیش بارانمان بۆ ببارێنه. وه فه‌رمانی ده‌كرد به ئیمامی عه‌باس(خوای لێ ڕازی بێت) كه هه‌ڵسێت و له‌خوا بپاڕێته‌وه تا بارانیان بۆ ببارێنێت.

٢٠- (رواه البخاري، وانظر: مشكاة المصابيح: ١/ [١٣](١٥٠٩).

بۆیه ته‌وه‌سول كردن له ژیانی پێغه‌مبه‌ردا (صلى الله عليه وسلم) به پاڕانه‌وه‌كه‌ی دروسته‌و هیچ شتێكی تێدا نی‌یه.

سێیه‌م: ته‌وه‌سول كردن به‌خاتری پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) ئیتر له ژیاندا بێت یاخود مرد بێت جیاوازی نی‌یه‌و ته‌وه‌سولێكی بیدعی‌یه‌و دروست نی‌یه، چونكه خاتری پێغه‌مبه‌ر كه‌س سودی لێ نابینێت ته‌نها خۆی نه‌بێت، بۆیه دروست نی‌یه بۆ مرۆڤ بڵێت: خوایه بۆ خاتری پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ت (صلى الله عليه وسلم) لێم خۆش به، یاخود فلانه شتم پێ ببه‌خشه، چونكه وه‌سیله ده‌بێت هۆكار بێت، وه وه‌سیله له(وسل)ه‌وه وه‌رگیراوه به مانای گه‌یشتن به شتێك.

بۆیه ده‌بێت وه‌سیله‌كه بتگه‌یه‌نێت به شته‌كه، وه ئه‌گه‌ر نه‌تی گه‌یاند به شته‌كه ئه‌وا وه‌سیله‌یه‌كی بێ سووده.

له‌سه‌ر ئه‌م بنچینه‌یه ده‌ڵێین: ته‌وه‌سول كردن به پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) سێ به‌شه:

به‌شی یه‌كه‌م: ته‌وه‌سول كردن به باوه‌ڕ هێنان پێی و شوێن كه‌وتنی، ئه‌مه دروسته له ژیانی و له‌پاش مردنی.

به‌شی دووه‌م: ته‌وه‌سول كردن به پاڕانه‌وه‌ی، واته: داوا له پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) بكات دوعای بۆ بكات، ئه‌مه‌یان له ژیانیدا دروسته نه‌ك له پاش مردنی چونكه له‌پاش مردنی ناگونجێت‌و ناشێت. **به‌شی سێیه‌م:** ته‌وه‌سول كردن به خاتر و پله‌و پایه‌ی پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) له لای خوای گه‌وره، ئه‌مه‌یان دروست نی‌یه نه له‌ژیانیدا وه نه‌له پاش مردنی، چونكه وه‌سیله نی‌یه ومرۆڤ ناگه‌یه‌نێت به مه‌به‌ستی چونكه له كرده‌وه‌ی خۆی نی‌یه. ئه‌گه‌ر كه‌سێك بڵێت: هاتوم بۆ لای پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) لای گۆڕه‌كه‌ی، وه داوام لێ كردووه داوای لێخۆشبوونم بۆ بكات له خوای گه‌وره ئایا ئه‌م شته دروسته یان نا؟

ده‌ڵێین: دروست نی‌یه‌، ئه‌گه‌ر بڵێت: ئه‌وه‌ نی‌یه‌ خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رمێت: ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ جَاءُوكَ فَاسْتَغْفَرُوا اللَّهَ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُوا اللَّهَ تَوَّابًا رَحِيمًا﴾ [النساء: ٦٤].

واته‌: كاتێك كه‌ سته‌م له‌ خۆیان ده‌كه‌نو تاوان ئه‌نجام ده‌ده‌ن و حوكم بۆ لای جگه‌ له‌ خوای گه‌وره‌ ده‌به‌ن، ئه‌گه‌ر بێن بۆ لای تۆ ئه‌ی محمد (صلى الله عليه وسلم) وداوای لێخۆشبوون له‌ خوای گه‌وره‌ بكه‌نو تۆیش داوای لێخۆشبوونیان بۆ بكه‌یت له‌ خوای گه‌وره‌ ئه‌وا ده‌بینن خوای گه‌وره‌ لێخۆشبوو به‌ به‌زه‌یی‌یه‌.

پێی ده‌ڵێین: به‌ڵێ خوای گه‌وره‌ وا ده‌فه‌رمێت، به‌ڵام ده‌فه‌رمێت: ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذْ ظَلَمُوا﴾. وه‌ ئه‌م ﴿إِذْ﴾ه‌ بۆ ڕابردووه‌ نه‌ك بۆ داهاتوو، خوای گه‌وره‌ نه‌یفه‌رمووه‌: ﴿ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذَا ظَلَمُوا﴾. به‌ڵكو فه‌موویه‌تی: ﴿ إِذْ ظَلَمُوا﴾، ئایه‌ته‌كه‌ باسی شتێك ده‌كات كه‌ له‌ ژیانی پێغه‌مبه‌ردا (صلى الله عليه وسلم) ڕوویداوه‌، وه‌ داوای لێخۆشبوونی پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) له‌ پاش مردنی شتێكی نه‌شیاو ونه‌گونجاوه‌، چونكه‌ ئه‌گه‌ر مرۆڤـ بمرێت هه‌موو كرده‌وه‌كانی ده‌بچڕێت ته‌نها سێ شت نه‌بێت: سه‌ده‌قه‌و خێرێكی نه‌بڕاوه‌، یاخود زانیاری‌یه‌كی به‌سود، یاخود منداڵێكی چاك له‌پاش خۆی دوعای خێری بۆ بكات. هه‌روه‌كو پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) فه‌موویه‌تی: (صَدَقَةٌ جَارِيَة، أو عِلْمٌ يُنْتَفَعُ بِهِ، أو وَلَدٌ صَالِحٌ يَدْعُو لَهُ)[٢١]. بۆیه‌ گونجاو نی‌یه‌و ناشێت هیچ مرۆڤێك له‌ پاش مردنی داوای لێخۆشبون بۆ كه‌س بكات، به‌ڵكو ته‌نانه‌ت داوای لێخۆشبوون بۆ خۆیشی بكات، چونكه‌ كرده‌وه‌كانی بچڕاوه‌[٢٢].

٢١- (صحيح الجامع الصغير: ١/ ٧٩٣).

٢٢- (فتاوى مهمة لعموم الأمة: ص٩٩-١٠٢).

حوكمی دواكه‌وتن له كاتی دیاری كراوی كاركردن:

پ٧ ئێمه چه‌ند مامۆستایه‌كی ئافره‌تین تێبینی ده‌كه‌ین زۆرێك له مامۆستایانی تر دوا ده‌كه‌ون له چونه ژووره‌وه بۆ پۆله‌كان له كاتی دیاری كراودا، داده‌نیشن له‌گه‌ڵ یه‌كتریدا له ژووره‌كه‌یاندا به بێ هیچ پێویستی‌یه‌ك ئایا حوكمی ئه‌مه چی‌یه؟

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی هه‌مان كێشه‌مان بیستووه له‌لای مامۆستایانی پیاویش، خوا پاداشتی خێرتان بداته‌وه.

و ئه‌مه كارێكی حه‌رامه، دروست نی‌یه بۆ مامۆستایانی ژن وپیاو دوا بكه‌ون له چونه ژووره‌وه‌ی پۆل له‌پاش زه‌نگ لێدان، چونكه خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ﴾ [المائدة: ١]. واته: ئه‌ی باوه‌ڕداران وه‌فاتان هه‌بێت به‌رامبه‌ر ئه‌و به‌ڵێن وپه‌یمانانه‌ی كه‌داوتانه و جێ به‌جێی بكه‌ن له كاتی دیاری كراوی خۆیدا.

وه ده‌فه‌رمێت: ﴿وَأَوْفُوا بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْئُولًا﴾ [الإسراء: ٣٤] . واته: وه‌فاتان هه‌بێت به‌رامبه‌ر په‌یمانه‌كانتان وبیبه‌نه سه‌ر، چونكه ئێوه لێتان ده‌پرسرێته‌وه له‌و په‌یمانانه‌ی كه داوتانه ونه‌تان بردۆته سه‌ر.

وه ده‌فه‌رمێت: ﴿ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ [الحجرات: ٩]. واته: ئێوه له‌هه‌موو كارو بارێكتاندا دادپه‌روه‌ربن، چونكه به ڕاستی خوای گه‌وره دادپه‌روه‌رانی خۆش ده‌وێت.

وه له دادپه‌روه‌ری نی‌یه كه فه‌رمانبه‌ر ئه‌گه‌ر مامۆستای پیاو بێت یاخود ئافره‌ت، یاخود جگه له مامۆستا موچه‌كه‌ی خۆی به ته‌واوی وه‌ربگرێت و كه‌مته‌رخه‌می بكات له جێ به‌جێ كردنی ئه‌و فه‌رمانی كه له به‌رامبه‌ریدا ئه‌و موچه‌یه‌ی بۆ دانراوه، گه‌ر كه‌مته‌رخه‌می لێوه‌ی ڕوویدا ئه‌وا باچاوه‌ڕوانی هه‌ڕه‌شه‌ی سه‌خت بێت له‌م فه‌رمووده‌یه‌ی خوای گه‌وره كه ده‌فه‌رمێت:

﴿وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَوْ وَزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ﴾ [المطففين: ١-٣].

واته‌: هه‌ڕه‌شه‌و سزا بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ فێڵ ده‌كه‌ن له‌ كێشانه‌و پێوانه‌دا و مافی خه‌ڵكی به‌ ته‌واوی نادەن و لێی كه‌م ده‌كه‌ن، كاتێك كه‌ شت بۆ خۆیان بكڕن به‌ ته‌واوی ده‌یكێشن‌و ده‌یپێون، به‌ڵام بۆ جگه‌ له‌ خۆیان بكێشن‌و بپێون كه‌می ده‌كه‌ن[٢٣].

كۆبوونه‌وه‌ له‌ ماڵی مردوو به‌مه‌به‌ستی سه‌رخۆشی كردن:

پ٨ له‌ پاش به‌ خاك سپاردنی مردوه‌كه‌و سه‌رخۆشی كردن له‌ كه‌س‌و كاری خه‌ڵكی هه‌ڵده‌ستن به‌ چون بۆ ماڵی مردووه‌كه‌، وه‌ زۆر جار له‌ پاش نوێژی ئێواره‌ ده‌چن، پاشان قاوه‌ ده‌خۆنه‌وه‌ وجارێكی تر سه‌رخۆشی له‌ كه‌س‌و كاری مردووه‌كه‌ ده‌كه‌ن وپاشان ده‌ڕۆن، حوكمی ئه‌م كاره‌ چی-یه‌؟

و ئه‌مه‌ كارێكی بیدعه‌یه‌ هاوه‌ڵان (خوایان لێ رازی بێت) نه‌ له‌ سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ردا (صلى الله عليه وسلم) وه‌ نه‌ له‌ پاشی له‌ ماڵه‌كانیان چاوه‌ڕوانی خه‌ڵكیان ناكرد بۆ سه‌رخۆشی كردن لێیان، له‌ ڕاستیدا ئه‌مه‌ وا ده‌رده‌خات كه‌ ئه‌و كه‌سه‌ ناڕازی‌یه‌ له‌ به‌ڵاكه‌، وه‌ك ئه‌وه‌ی بڵێت: خه‌ڵكینه‌ من له‌ ماڵی خۆم به‌ خه‌فه‌تباری دانیشتووم وه‌رن سه‌رخۆشیم لێ بكه‌ن، سوننه‌ت وایه‌ مرۆڤ ماڵه‌كه‌ی داخات پاشان هه‌ركه‌سێك له‌ بازاڕ ببینی، یاخود له‌ مزگه‌وت ببینی سه‌ره‌خۆشی لێ بكات كه‌ ده‌یبینێت خه‌فه‌تباره‌ دڵی بداته‌وه‌ به‌ سه‌ره‌خۆشی كردن وپێی بڵێت: ﴿إِنَّ للهِ ما أخَذَ، وَلَهُ ما أعْطَى، وَكُل شيءٍ عندَهُ بِأجَلٍ مُسَمَّى، فَلْتَصْبِرْ وَلْتَحْتَسِبْ﴾[٢٤].

٢٣- (إجابات مفيدة وتوجيهات سديدة: ص١٢-١٣).

٢٤- (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: ١/ [٢] ١٧٢٣).

واته: ئه‌وه‌ی كه خوای گه‌وره بردۆتیه‌وه ئه‌وه‌ی كه داوێتی هه‌موی موڵكی خۆیه‌تی، وه هه‌موو شتێكیش له لای ئه‌و كاتێكی دیاری كراوی خۆی هه‌یه، بۆیه ئارام بگره‌و چاوه‌ڕوانی پاداشت به له خوای گه‌وره[٢٥].

ده‌ف لێدان له زه‌ماوه‌ندا:

پ٩ له‌م دواییه‌دا هه‌ڵه‌كان زۆر بوونه له بۆنه‌كانی ئاهه‌نگ گێڕانی شایی‌دا له ماڵه‌كان وكۆشكی ئاهه‌نگ گێڕان، وه به‌تایبه‌ت له كۆشكه‌كاندا، وه‌كو ده‌ف لێدان به بڵندگۆ وگۆرانی ووتن له‌لایه‌ن ئافره‌تانه‌وه و وێنه‌گرتنی به كامیرای ڤیدیۆ، وه له‌مانه ناشیرین تر پیاو ماچی ژنه‌كه‌ی خۆی ده‌كات له‌پێش چاوی خه‌ڵكی، ئیتر كوا شه‌رم وله خوا ترسان؟! وه‌كاتێك كه ئامۆژگاری ده‌كرێن له‌لایه‌ن كه‌سانی به غیره‌ت بۆ سنوره‌كانی خوای گه‌وره، ده‌ڵێن: فلاَنه زانا فه‌توای به دروستێتی ده‌ف لێدان داوه، ئایا ئه‌مه ڕاسته؟ ئایا هیچ مه‌رج وسنوری هه‌یه تا بۆ خه‌ڵك روون بكرێته‌وه؟ بۆ ئه‌وه‌ی له سنوری خۆیان راوه‌ستن، داوا له‌به‌رێزتان ده‌كه‌ین له‌م بابه‌ته‌دا ئه‌وه‌ی حه‌ق بێت بۆ موسڵمانانی روون بكه‌نه‌وه خوای گه‌وره پاداشتی خێرتان بداته‌وه.

و ئه‌وه‌ی كه راستی بێت له ده‌ف لێداندا له‌كاتی ژن هێناندا ئه‌وه‌یه كه دروسته، یاخود سوننه‌ته ئه‌گه‌ر بۆ راگه‌یاندنی ژن هێنانه‌كه بێت، به‌چه‌ند مه‌رجێك:

مه‌رجی یه‌كه‌م: لێدانه‌كه به ده‌ف بێت ئه‌وه‌ی كه یه‌ك دیوی گیراوه، چونكه ئه‌وه‌ی كه هه‌ردوو دیوی گیراوه پێی ده‌وترێت ته‌پڵ، كه ئه‌مه‌یان دروست نی‌یه چونكه له ئامێره‌كانی مۆسیقایه ومۆسیقایش به‌هه‌موو جۆره‌كانی‌یه‌وه حه‌رامه، ته‌نها ئه‌وه نه‌بێت كه به‌ڵگه له‌سه‌ر حه‌لاَڵێتی هاتبێت ئه‌ویش ته‌نها ده‌فه له‌كاتی ئاهه‌نگی زه‌ماوه‌ندا.

٢٥- (إجابات مفيدة وتوجيهات سديدة: ص١٩-٢٠).

مه‌رجی دووه‌م: نابێت شتی حه‌رامی له‌گه‌ڵدا بێت، وه‌كو گۆرانی نزمی ئاره‌زوو جوڵێن، ئه‌مه قه‌ده‌غه‌یه ئه‌گه‌ر ده‌فی له‌گه‌ڵدا بێت یان نا، وه ئه‌گه‌ر له‌كاتی ئاهه‌نگ گێڕانی زه‌ماوه‌ند بێت یان نا.

مه‌رجی سێیه‌م: به‌م ده‌ف لێدانه فیتنه روونه‌دات، وه‌كو ده‌رخستنی ده‌نگی خۆشی ئافره‌تان بۆ پیاوان، ئه‌گه‌ر فیتنه روویدا ئه‌وا دیسانه‌وه قه‌ده‌غه‌یه.

مه‌رجی چواره‌م: نابێت ئه‌م ده‌ف لێدانه ئازاری كه‌س بدات، ئه‌گه‌ر ئازارو بێزاركردنی تێدا بوو ئه‌وا دیسانه‌وه قه‌ده‌غه‌یه، وه‌كو به‌رز كردنه‌وه‌ی ده‌نگه‌كان له‌رێگای بڵندگۆوه، چونكه ئه‌مه ئازاری دراوسێكان وجگه له‌وانیش ده‌دات، له‌وانه‌ی كه به‌م ده‌نگه بێزارده‌بن[٢٦]، هه‌روه‌ها خاڵیش نی‌یه له فیتنه، وه‌پێغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه وسلم) قه‌ده‌غه‌ی كرد كه نوێژ كه‌ران هه‌ندێكیان ده‌نگ به‌رز بكه‌نه‌وه به‌سه‌ر هه‌ندێكیاندا له قورئان خوێندندا چونكه ته‌شویشی دروست ده‌كردو ئازاری تێدا بوو چ جای ده‌نگی ده‌ف وگۆرانی و وێنه‌گرتنی به ئامێری وێنه گرتن، هیچ مرۆڤێكی ژیر گومانی له ناشیرینیدا نی‌یه‌و هیچ مرۆڤێكی ژیر چ جای باوه‌ڕدار ڕازی نابێت وێنه‌ی كه‌س‌و كاری بگیرێت له دایك وكچ وخوشك وخێزانی وجگه له‌مانه بۆ ئه‌وه‌ی ببێت به شت ومه‌كێك ونیشانی هه‌موو كه‌سێك بدرێت، یاخود ببێته یاری یه‌ك وهه‌موو مرۆڤێكی له ڕێ ده‌رچوو ڕابوێرێت به ته‌ماشا كردنی، وه له هه‌مووی ناشیرین تر وێنه‌گرتنی به كامێرای ڤیدیۆ، چونكه ئه‌مه وێنه‌ی ڕووداوه‌كه ده‌گرێت به زیندوویی به بیستن وبینینه‌وه كه ئه‌مه‌یش كارێكه هه‌موو خاوه‌ن عه‌قڵێكی ساغو دینێكی دامه‌زراو به‌رهه‌ڵستی ده‌كه‌ن، وه به خه‌یاڵدا نایات هیچ كه‌سێك شه‌رم و باوه‌ڕی هه‌بێت ئه‌م شته حه‌ڵاڵ بكات. وه سه‌ما كردنی ئافره‌تان شتێكی ناشیرینه فه‌توا به دروستێتیناده‌ین چونكه بیستوومانه

٢٦- ره‌حمه‌تی خوای گه‌وره له شێخی پایه به‌رز بێت بۆ خۆی و فه‌توای، به‌ڕاستی سه‌رده‌مێك بوو خه‌ڵكی ده‌یان ناڵاند به‌ده‌ستی گۆرانی ومۆسیقای شایی، به‌تایبه‌تی به‌شه‌وان كه خه‌ڵكی تا پاش ته‌واو بوونی ئاهه‌نگه‌كه نه خه‌ویان هه‌بوو نه‌پشوو. وه‌رگێڕ.

به هۆیه‌وه چی له‌ناو ئافره‌تاندا ڕوویداوه، وه‌ئه‌گه‌ر له لایه‌نی پیاوانه‌وه بێت ئه‌وا ناشیرین تره، وه له خۆ چواندنی پیاوانه به ئافره‌تان، وه ئه‌و خراپانه‌ی كه تێیدایه شاراوه نی‌یه.

وه ئه‌گه‌ر له نێوان ئافره‌تان و پیاواندا بێت به تێكه‌ڵی هه‌روه‌كو خه‌ڵكانی نزمو بێ ڕێز ده‌یكه‌ن ئه‌مه‌یان تاوانه‌كه‌ی گه‌وره‌تره‌و ناشیرین تره، چونكه تێكه‌ڵی كێشه‌ی زۆری تێدایه به تایبه‌ت ئه‌گه‌ر بۆنه‌كه بۆنه‌ی ژن هێنان بێت.

وه ئه‌وه‌ی كه پرسیاركه‌ر باسی كرد له‌وه‌ی كه پیاوه‌كه ده‌چێته ناو ئافره‌تانه‌وه له‌به‌ر چاویان ماچی ژنه‌كه‌ی ده‌كات، ئه‌مه شتێكی سه‌یره له كه‌سێكه‌وه ڕوو بدات خوای گه‌وره به‌خششی خۆی ڕژاندبێت به سه‌ریدا به به‌خششی ژن هێنان ئه‌ویش ڕووبه‌ڕووی ئه‌و به‌خششه ببێته‌وه به‌م كاره له‌به‌رچاو ئافره‌تانو له ئاهه‌نگی زه‌ماوه‌ند كه جێگه‌ی ئاره‌زووه.

پاشان چۆن كه‌س وكاری ژنه‌كه ڕێگه‌ی پێ ده‌ده‌ن؟! وه ئایا له‌وه ناترسن كه ئه‌م پیاوه له‌كۆبوونه‌وه‌ی ئه‌و ئافره‌تانه ئافره‌تێكی جوانتر له ژنه‌كه‌ی خۆی ببینێت و پێی سه‌رسام بێت و ژنه‌كه‌ی خۆی له‌به‌رچاو بكه‌وێت و مێشك و بیری سه‌رقاڵ بكات به بیركردنه‌وه لێی و سه‌ره‌نجامی نێوان خۆی و ژنه‌كه‌یشی باش نه‌بێت؟!

من كۆتایی به‌وه‌ڵامه‌كه‌م ده‌هێنم به ئامۆژگاری كردنی برایانی موسڵمانم كه‌واز بهێنن له‌م كرده‌وه خراپانه، وه بانگیان ده‌كه‌م بۆ هه‌ڵسان به سوپاس كردنی خوای گه‌وره له‌سه‌ر ئه‌م به‌خششه‌و جگه له‌مه، وه ڕێگای پێشینه چاكه‌كان بگرن و ئه‌وه‌نده‌ی له سوننه‌تدا هاتووه هه‌ر ئه‌وه بكه‌ن و شوێنی هه‌واو ئاره‌زووی كه‌سانێك نه‌كه‌ون كه خۆیان گومڕا بوونه‌و خه‌ڵكیان گومڕا كردووه وڕێگای ڕاستیان وێڵ كردووه، داواكارم له خوای گه‌وره من و برایانی موسڵمانم سه‌ركه‌وتوو بكات بۆ هه‌موو شتێك كه

خۆشی ده‌وێت و لێی ڕازی‌یه‌، وه‌یارمه‌تیمان بدات له‌سه‌ر یادكردنه‌وه‌ و سوپاس كردنی و باش په‌رستنی. إنه قريب مجيب، وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين[٢٧].

حوكمی شه‌رواڵ درێژی بۆ پیاوان:

پ١٠ حوكمی شه‌رواڵ درێژی چی‌یه‌ بۆ پیاوان؟

و شه‌رواڵ درێژی بۆ پیاوان ئه‌گه‌ر مه‌به‌ستی پێی خۆبه‌گه‌وره‌ زانین و فیز كردن بێت ئه‌وا سزاكه‌ی ئه‌وه‌یه‌ كه‌ خوای گه‌وره‌ له‌ ڕۆژی قیامه‌تدا ته‌ماشای ناكات و قسه‌ی له‌گه‌ڵ ناكات و پاكی ناكاته‌وه‌و سزایه‌كی به‌ ئێش و ئازاری ده‌دات.

به‌ڵام ئه‌گه‌ر مه‌به‌ستی پێ‌ی فیزكردن و خۆهه‌ڵكێشان نه‌بوو ئه‌وا سزاكه‌ی ئه‌وه‌یه‌ سزای خوار گوێزینگی (قوله‌پێی) بدات به‌ ئاگر، چونكه‌ پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) ده‌فه‌رمێت:

﴿ثلاثةٌ لايُكَلِّمُهُمُ اللهُ يومَ القيامةِ ولا يَنْظُرُ إليهِم ولا يُزَكِّيهِم ولَهُم عذابٌ أليم: المسْبِلُ، والمَنَّانُ، والمُنْفِقُ سِلْعَتَهُ بِالحلفِ الكاذِب﴾[٢٨]. واته‌: سێ كۆمه‌ڵ له‌ ڕۆژی دواییدا خوای گه‌وره‌ نه‌ قسه‌یان له‌گه‌ڵ ده‌كات و نه‌ ته‌ماشایان ده‌كاتو نه‌ پاكیان ده‌كاته‌وه‌و سزایه‌كی به‌ ئێشو ئازاریان هه‌یه‌: ئه‌و پیاوه‌ی شه‌رواڵه‌كه‌ی شۆڕ كردۆته‌وه‌ بۆ خوار گوێزینگی(قوله‌پێ‌ی)، وه‌منه‌ت كه‌ر، وئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ شتومه‌كه‌كه‌ی ده‌فرۆشێت به‌ سوێن خواردنی درۆ.

وه‌ده‌فه‌رمێت: ﴿مَنْ جَرَّ ثَوْبَهُ خُيَلاء لَمْ يَنْظُرِ اللهُ إليهِ يومَ القيامة﴾[٢٩]. واته‌: هه‌ر پیاوێك شه‌رواڵه‌كه‌ی شۆڕ بكاته‌وه‌ بۆ خوار گوێزینگی(قوله‌پێ‌ی) ئه‌وا خوای گه‌وره‌ له‌ ڕۆژی قیامه‌تدا ته‌ماشای ناكات.

٢٧- (إجابات مفيدة وتوجيهات سديدة: ص٢٨-٣٢).

٢٨- (صححه الشيخ الألباني في: إرواء الغليل، رقم: ٩٠٠).

٢٩- (صحيح الجامع الصعير: ٢/ ٦١٨٨).

ئەمە سزای کەسێکە کە لە فیزکردن وخۆ هەڵکێشاندا شەرواڵەکەی شۆڕ بکات، بەڵام ئەو پیاوەی لە شۆڕکردنیدا مەبەستی فیزکردن نەبێت ئەوا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەربارەی دەفەرمێت:

﴿ما أسْفَلَ الكَعْبَينِ مِنَ الإزارِ فَفِي النَّارِ﴾[30].

واتە: هەر پیاوێك شەرواڵەکەی لە خوار گوێزینگی‌یەوە(قولەپێ) بێت ئەوا ئەو شوێنەی لەئاگری دۆزەخدایە.

وە ئەم شتەی نەبەستۆتەوە بە فیز کردن وخۆ بەگەورە زانینەوە، وە راستیش نی‌یە بیبەستینەوە بە فیزکردن لەسەر فەرمودەکەی پێش تر، چونکە أبوسعيد الخدري (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ﴿إزرَةُ المؤمِنِ إلى نِصْفِ السَّاقِ، ولا حَرَجَ، أو قالَ ولا جُناحَ عليه فِيما بَيْنَهُ وَبَيْنَ الكَعْبَيْنِ، وما أسْفَلَ مِنْ ذلِكَ فَهُوَ في النارِ، وَمَنْ جَرَّ إزارَهُ بَطَراً لم يَنْظُرِ اللهُ إليهِ يومَ القيامةِ﴾[31]. واتە: شەرواڵی پیاوی باوەڕدار تا نیوەی قاچێتی، وەتاوان نی‌یە و ئاسایی‌یە ئەگەر تا گوێزینگەکانی(قولەپێ) شۆڕ بێت، بەڵام لەخوار تر وشۆڕ تر بێت ئەوا لە ئاگردایە، وە هەر کەسێك شەرواڵەکەی شۆڕ بکات لە فیز وخۆبەگەورە زانیندا ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا تەماشای ناکات.

وە چونکە دوو کردارەکە لێك جیاوازن (ئەوەی بۆ فیز شۆڕی دەکات، وئەوەی بەبێ فیز)، وەدوو سزاکەیشیان لێك جیاوازن (ئەوەی بۆ فیز شۆڕی دەکات سزاکەی ئەوەیە: خوای گەورە نەقسەی لەگەڵ دەکات ونەتەماشای دەکات ونە پاکی دەکاتەوە وسزایەکی بە ئێش وئازاری بۆ داناوە، وەئەوەی کە بەبێ فیز شۆڕی دەکات سزاکەی ئەوەیە: ئەو شوێنەی لە ئاگری دۆزەخدایە)،

٣٠-(صحيح الجامع الصغير: ٢/ ٥٥٢٩).

٣١- (صحيح الترغيب والترهيب: ٢/ ٢٠٣١).

وه‌هه‌ركاتێك حوكم وهۆكار لێك جیاواز بوون ئه‌وا ناتوانرێت (مطلق)ه‌كه‌ هه‌ڵگیرێت بۆ سه‌ر(مقيد)ه‌كه‌، چونكه‌ دژ به‌یه‌كی دروست ده‌بێت.

به‌ڵام كه‌سێك فه‌رمووده‌كه‌ی أبوبكر[٣٢](خوای لیٚ ڕازی بێت) بكات به‌ به‌ڵگه‌، ئه‌وا پێ ده‌ڵێین: نابێته‌ به‌ڵگه‌ بۆت له‌ دوو رووه‌وه‌: **یه‌كه‌م:** أبو بكر (خوای لیٚ ڕازی بێت) فه‌رمووی: لایه‌كی شه‌رواڵه‌كه‌م دێته‌ خواره‌وه‌ مه‌گه‌ر به‌رزی بكه‌مه‌وه‌، پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) پیٚی فه‌رموو: (إِنَّكَ لَسْتَ مِمَّنْ يَصْنَعُ ذِلِكَ خُيَلاء)[٣٣].

واته‌: تۆ له‌و كه‌سانه‌ نێت كه‌ بۆ فیز و خۆ هه‌ڵكێشان شۆڕی ده‌كه‌نه‌وه‌. أبو بكر (خوای لیٚ ڕازی بێت) بۆ فیز شۆڕی نه‌كردبووه‌وه‌، به‌ڵكو خۆی شۆڕده‌بووه‌وه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌یشدا به‌رزی ده‌كرده‌وه‌، وه‌ئه‌وانه‌ی كه‌ شه‌رواڵه‌كانیان شۆڕ ده‌كه‌نه‌وه‌ وده‌ڵێن: بۆ فیزو خۆ هه‌ڵكێشانمان نیه‌، پێیان ده‌ڵێین: ئه‌گه‌ر مه‌به‌ستتان له‌ شۆڕكردنی شه‌رواڵه‌كانتان بۆ خوار گوێزینگه‌كانتان(قوله‌پیٚ) فیز وخۆبه‌گه‌وره‌ زانین نه‌بێت ئه‌وا خوای گه‌وره‌ سزاتان ده‌دات ته‌نها به‌ ئاگر، وه‌ ئه‌گه‌ر به‌مه‌به‌ستی فیزو خۆ به‌گه‌وره‌ زانین شۆڕتان كردبێته‌وه‌ ئه‌وا سزاتان ده‌دات به‌وه‌ گه‌وره‌تر: له‌رۆژی قیامه‌تدا نه‌قسه‌تان له‌گه‌ڵ ده‌كات، وه‌نه‌ته‌ماشاتان ده‌كات، وه‌نه‌پاكتان ده‌كاته‌وه‌، وه‌ سزایه‌كی به‌ ئێش و ئازارتان بۆ هه‌یه‌. **دووه‌م:** پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم)أبو بكری (خوای لیٚ ڕازی بێت) پاك كرده‌وه‌و ته‌زكیه‌ی كرد وشایه‌تی بۆدا كه‌ ئه‌و له‌و كه‌سانه‌ نیه‌ كه‌ بۆ خۆبه‌گه‌وره‌ زانین وفیز شۆڕی ده‌كه‌نه‌وه‌، به‌ڵام ئایا كه‌س له‌وانه‌ی وا ده‌ڵێن ئه‌م پاككردنه‌وه‌یه‌و شایه‌تیه‌ی ده‌ست كه‌وتووه‌و بۆدراوه‌؟!

٣٢- [قال رسول الله(صلى الله عليه وسلم): (من جر ثوبه خيلاء لم ينظر الله إليه يوم القيامة)، قال أبو بكر(رضي الله عنه): إن أحد جانبي إزارى يسترخي، إني لأتعاهد ذلك منه. قال: (لست ممن يفعله خيلاء)]. (صحيح سنن أبي داود، رقم: ٤٠٨٥).

٣٣- نفس المصدر.

به‌ڵام شه‌یتان بۆ هه‌ندێك له‌ خه‌ڵكی ده‌رگای شوێن كه‌وتنی(المتشابه) ده‌كاته‌وه‌ له‌ ده‌قه‌كانی قورئان وسوننه‌ت، بۆ ئه‌وه‌ی بیانویان بۆ بدۆزێته‌وه‌ بۆ ئه‌و كرده‌وانه‌ی كه‌ ده‌یكه‌ن.

والله يهدي من يشاء إلى صراط مستقيم[٣٤].

تێكه‌ڵ كردنی نوێژه‌ سوننه‌ته‌كان به‌ یه‌ك نیه‌ت:

پ١١ ئایا نوێژه‌ سوننه‌ته‌كان هه‌ندێكیان ده‌چنه‌ ناو هه‌ندێكی تریانه‌وه‌؟ بۆ نمونه‌: كه‌سێك بیه‌وێت سوننه‌تی ده‌ست نوێژ ئه‌نجام بدات، ئایا ده‌توانێت نوێژی چێشت ته‌نگاویشی(ضحى) تێكه‌ڵ بكات؟ واته‌: هه‌ردوو نوێژه‌كه‌ بكات به‌یه‌ك نیه‌ت؟

و هه‌ندێك له‌ سوننه‌ته‌كان مه‌به‌ست له‌ جێبه‌جی كردنیان خودی خۆیانه‌، ئه‌مانه‌ تێكه‌ڵ ناكرێن وبه‌جیا ده‌كرێن، وه‌هه‌ندێك له‌ سوننه‌ته‌كان مه‌به‌ست له‌ جێبه‌جێ كردنیان ته‌نها كردنی نوێژه‌، بۆ نمونه‌: سوننه‌تی ده‌ست نوێژ مه‌به‌ست پێی ته‌نها ئه‌وه‌یه‌ كه‌له‌پاش ده‌ست نوێژ هه‌ڵگرتن دوو ركات نوێژ بكه‌یت، ئیتر ئایا ئه‌و دوو ركاته‌ سوننه‌تی ده‌ست نوێژ بێت، یاخود ضحى بێت، یاخود پێش نوێژی نیوه‌ڕۆ بێت، یاخود پێش نوێژی به‌یانی بێت، یاخود له‌نێوانی بانگ وقامه‌تدا بێت، چونكه‌ له‌ نێوانی هه‌موو بانگ وقامه‌تێكدا دوو ركات نوێژ هه‌یه‌، هه‌روه‌ها تحية المسجد دروسته‌ بۆت كه‌ چویته‌ مزگه‌وته‌وه‌ دوو ركات بكه‌یت به‌ نیه‌تی سوننه‌تی پێش نوێژ وتحية المسجد، ئه‌مانه‌ كۆده‌كرێنه‌وه‌(واته‌: نیه‌ت له‌ دوو نوێژ بهێنیت وهه‌ردووكیان كۆ بكه‌یته‌وه‌).

به‌ڵام ئه‌گه‌ر په‌رستنه‌كه‌ مه‌به‌ست بوو خۆی جێبه‌جێ بكرێت ئه‌وا كۆناكرێته‌وه‌ وتێكه‌ڵ ناكرێت له‌گه‌ڵ نوێژی تردا، بۆیه‌ ئه‌گه‌ر كه‌سێك بڵێت: من چوار ركاته‌كه‌ی پێش نوێژی نیوه‌ڕۆ كۆده‌كه‌مه‌وه‌ ونیه‌ت ده‌هێنم وبه‌دوو ركات ده‌یكه‌م، پێی ده‌ڵێین: ئه‌مه‌ ناگونجێت ودروست نیه‌، چونكه‌ ئه‌م

٣٤- (إجابات مفيدة وتوجيهات سديدة: ص٣٤-٣٦).

سوننه‌ته لێره‌دا مه‌به‌ست پێی جێبه‌جێ كردنی خۆیه‌تی، واته: دوو ركات بكه‌یت پاشان دوو ركاتی تر بكه‌یت.

به‌هه‌مان شێوه دوو ركاتی سوننه‌تی سوڕانه‌وه به‌ده‌وری كه‌عبه‌دا (طواف) له‌گه‌ڵ سوننه‌تی پێش به‌یانی، بۆ نمونه: ئه‌گه‌ر كه‌سێك له طواف كردن ته‌واو بوو له پاش بانگی به‌یانی و پێش قامه‌ت كردن، دوو ركات بكات ونیه‌تی پێی دوو ركاته‌كه‌ی طواف و دوو ركاته‌كه‌ی سوننه‌تی به‌یانی بێت، ئه‌وا هیچیان له جیاتی ئه‌وی تریان ناكرێت ودروست نی‌یه تێكه‌ڵ بكرێت، چونكه سوننه‌تی طواف سوننه‌تێكه مه‌به‌ست پێی جێبه‌جێ كردنی خۆیه‌تی، وه سوننه‌تی پێش به‌یانیش سوننه‌تێكه مه‌به‌ست پێی جێبه‌جێ كردنی خۆیه‌تی[٣٥].

نه‌خۆشی گواستنه‌وه:

پ١٢ ئایا كۆكردنه‌وه له نێوان ئه‌م دوو فه‌رمووده‌یه چۆنه (فِرْ مِنَ المجْذُومِ فِرارك مِنَ الأسَدِ)[٣٦] وه(لا عَدوى ولا طِيرة)[٣٧]؟

واته: (له‌نه‌خۆشی رابكه وه‌ك راكردنت له شێر)، (نه‌خۆشی گواستنه‌وه وشومی نی‌یه).

و ئه‌گه‌ر تێ بروانین له فه‌رمووده‌كان ده‌بینین هیچ دژ به‌یه‌كی‌یه‌ك له نێوانیاندا نی‌یه، فه‌رمووده‌ی یه‌كه‌م: (فر من المجذوم) پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) مه‌به‌ستی پێی ئه‌وه‌یه كه مرۆڤ خۆی دوور بخاته‌وه له هۆكاری ترسناكی، وه فه‌رمووده‌ی دووه‌م: (لا عدوى ولا طيرة) مه‌به‌ستی ئه‌وه‌یه كه روونی بكاته‌وه ئه‌گه‌ر وادابنێین كه‌سێك توشی نه‌خۆشی بوو له كه‌سێكی تره‌وه، ئه‌وا ئه‌م نه‌خۆشی گواستنه‌وه‌یه روویداوه به ئیزن و رێگه پێدانی خوای گه‌وره، نه‌ك وه‌ك هه‌ندێك له عه‌ره‌ب باوه‌ڕیان

٣٥- (لقاء الباب المفتوح، رقم: ٢٥، ص٢٥-٢٦).

٣٦- (سلسلة الأحاديث الصحيحة، رقم: ٧٨٣).

٣٧- (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢/ ٧٨٤).

وایه كه نه‌خۆشی خۆی ده‌گوازرێته‌وه، به‌ڵكو وانی‌یه و به‌فه‌رمانی خوای گه‌وره ده‌گوازرێته‌وه، بۆیه ئه‌م نه‌فی كردنه(لاعدوى ولا طيرة) مه‌به‌ست پێی نه‌فی كاریگه‌ری‌یه‌كه‌یه‌تی كه كاریگه‌ری نی‌یه به‌بێ رێگه پێدانی خوای گه‌وره، نه‌ك نه‌فی بوونی، به‌ڵكو نه‌خۆشی گواستنه‌وه بوونی هه‌یه، وه هه‌مووما ده‌زانین كه هه‌ندێك نه‌خۆشی زۆر به خێرایی ده‌گوازرێته‌وه، به‌ڵام گواستنه‌وه‌كه‌ی به فه‌رمان و رێگه پێدانی خوای گه‌وره‌یه نه‌ك له خۆیه‌وه[٣٨].

به‌سته‌ره‌وه‌كانی بیدعه:

پ١٣ هه‌فته‌ی رابردوو پرسیارمان كرد ده‌باره‌ی ئه‌و لافیتانه‌ی كه‌له رێگاو بان وشه‌قامه‌كاندا هه‌ڵواسراون وسبحان الله والحمد لله‌ی لێ نوسراوه یه‌كێك له ئێمه ووتی: ئه‌مه بیدعه نی‌یه؟ ئایا هاوه‌ڵان (خوایان لێ رازی بێت) ئیشی وایان كردووه؟ ئایا رێكخه‌رو به‌سته‌ره‌وه بۆ بیدعه چی‌یه؟

و بیدعه ئه‌وه‌یه كه مرۆڤـ خوای گه‌وره بپه‌رستێت به شێوه‌یه‌ك كه خوای گه‌وره داینه‌نابێت و ته‌شریعی نه‌كردبێت، به‌ڵام هۆكاره‌كانی په‌رستن بیدعه نین، وه جیاوازی هه‌یه له‌نێوان مه‌به‌ست و هۆكاره‌كاندا، ئه‌گه‌ر یه‌كێك بڵێت: بڵند گوێ ده‌نگ له نوێژو ووتارو ئامۆژگاری وجگه له‌مانه له‌سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ردا (صلى الله عليه وسلم) نه‌بووه ئه‌وا بیدعه‌یه، ئه‌وا پێی ده‌ڵێین: ئه‌مه هه‌ڵه‌یه، چونكه ئه‌مه هۆكارێكه بۆ گه‌یاندنی خێرو چاكه به‌خه‌ڵكی، وه ئه‌م لافیتانه‌ی كه له رێگه‌و بان وشه‌قامه‌كاندا هه‌یه هۆكارێكه بۆ یادخستنه‌وه‌ی خه‌ڵكی به‌یاد كردنی خوای گه‌وره، بۆیه نابینم هیچ شتێكی تێدا بێت و ئاسایی‌یه[٣٩].

٣٨- (لقاء الباب المفتوح، رقم: ٢٥، ص٢٧-٢٨).

٣٩- (لقاء الباب المفتوح، رقم: ٢٥، ص٣٣-٣٤).

حەج وبازرگانی كردن پێكەوە:

پ١٤ ئایا دروستە كەسێك بچێت بۆ مەككە بۆ بازرگانی كردن لەگەڵ جێبەجێ كردنی حەجدا؟

و بەڵێ دروستە بۆ مرۆڤـ بچێت بۆ مەككە بە نیەتی حەج كردن وبازرگانی، چونكە خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ﴾ [البقرة: ١٩٨].

واتە: هیچ گوناه وتاوانێكتان لەسەر نییە ئەگەر لەگەڵ حەج كردندا بازرگانی بكەن، بەڵام پێویستە لایەنی حەج كردنەكە زاڵ بێت بەسەر بازرگانی كردنەكەدا[٤٠].

سوجدەی سەهو:

پ١٥ ئایا مەرجە بۆ پێشەوا سوجدەی سەهو ببات لە نوێژی چوار ركاتیدا تەنها لەبەر هەڵسانەوەی، یاخود تەنها لەبەر ئەوەی كە خەریك بووە هەڵسێتەوە؟

و زیادە دروست نابێت ئیللا ئەگەر روكنێك بداتە پاڵ ئەوەی دوای خۆی، هەروەكو چۆن مرۆڤـ ئەگەر بەرز بێتەوە بۆ هەڵسانەوە بۆ ركاتی پێنجەم لە نوێژە چوار ركاتییەكاندا، پاشان یادی بكەوێتەوە پێش ئەوەی بەرز بێتەوە ئەوا دادەنیشێتەوە وسوجدەی سەهوی لەسەر نییە، چونكە نەچووە روكنەكەی دوای ئەوەوە[٤١].

ناداد پەروەری لە نێوان منداڵدا:

پ١٦ پیاوێك سێ باڵەخانەی هەیە ودوو ژنی هەیە، لەیەكێك لە ژنەكانی كچێكی هەیە، وە لەدووەمی چەند كوڕێكی هەیە، بەنهێنی یەكێك لە باڵەخانەكانی كردۆتە ناو ئەو كچەیەوە كە لە ژنەكەی ترە، ئایا ئەم كارەی دروستە؟

٤٠-(لقاء الباب المفتوح، رقم: ٢٥، ص٣٩).

٤١ - نفس المصدر.

و ئه‌وه‌ی ئه‌و پیاوه‌ ئه‌نجامی داوه‌ حه‌رامه‌ له‌سه‌ری، واته‌: دروست نی‌یه‌ یه‌كێك له‌ كوڕه‌كانی یاخود كچه‌كانی تایبه‌ت بكات به‌ شتێك له‌ماڵه‌كه‌ی و ئه‌وانی تری لێ بێ به‌ش بكات، چونكه‌ به‌شیری كوڕی سه‌عد (خوای لێ ڕازی بێت) شتێكی دا به‌ نوعمانی كوڕی، ئه‌م شته‌ گه‌یشته‌ پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) وپرسیاری لێ كرد: ﴿هَلْ فَعَلْتَ ذلِكَ بِكُلِّ وَلَدِكَ؟﴾.

واته‌: ئایا ئه‌مه‌ت له‌گه‌ڵ هه‌موو منداڵه‌كانت كردووه‌ وبه‌وانیشت داوه‌؟ ئه‌ویش ووتی: نه‌خێر، پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) پێی فه‌رموو: ﴿إتَّقُوا الله واعْدِلُوا بَيْنَ أولادِكُم﴾[٤٢]. واته‌: له‌ خوا بترسن ودادپه‌روه‌ر بن له‌ نێوان منداڵه‌كانتاندا.

(به‌شیر)یش(خوای لێ ڕازی بێت) له‌ به‌خشینه‌كه‌ی بۆنوعمان گه‌ڕایه‌وه‌و لێی وه‌رگرته‌وه‌. بۆیه‌ ئه‌و پیاوه‌ ئه‌گه‌ر زیندوو بێت وپێی بگات ئه‌م كاره‌ی كردوویه‌تی حه‌رامه‌، ده‌بێت لێی بگه‌ڕێته‌وه‌ وبه‌ڵێن نامه‌ وتاپۆكه‌ بدڕێنێت، وه‌ ئیشه‌كه‌ بگه‌ڕێنێته‌وه‌ بۆ حوكمی خوای گه‌وره‌، وه‌ئه‌گه‌ر خوای گه‌وره‌ وای بڕیار دابێت مردبێت وكچه‌كه‌ زیندوو بێت ئه‌وا ده‌بێت ئه‌وه‌نده‌ی شایانێتی له‌ میراتی له‌ دینی خوای گه‌وره‌دا ئه‌وه‌نده‌ وه‌ربگرێت له‌گه‌ڵ براكانیدا[٤٣].

پیرۆزبایی كردن له‌ كافران به‌بۆنه‌ی جه‌ژنه‌كانیانه‌وه‌:

پ١٧ حوكمی پیرۆزبایی كردن چی‌یه‌ له‌ كافران به‌ بۆنه‌ی جه‌ژنی كریسمس وجه‌ژنی سه‌ری ساڵی زایینی، چونكه‌ ئه‌وان له‌گه‌ڵماندا كار ده‌كه‌ن؟ وه‌ئه‌گه‌ر ئه‌وان پیرۆزباییان لێ كردین به‌بۆنه‌ی جه‌ژنه‌كانیانه‌وه‌ چۆن وه‌ڵامیان بده‌ینه‌وه‌؟

وه‌ ئایا دروسته‌ بڕۆین بۆ ئه‌و شوێنانه‌ی كه‌ ئاهه‌نگی لێ ده‌گێڕن به‌م بۆنانه‌وه‌؟

٤٢- (البخاري: ٢٥٨٧)، و(مسلم: ١٧٢٣ [١٣]).

٤٣- (لقاء الباب المفتوح، رقم: ٢٥، ص٤١-٤٢).

وه‌ ئایا مرۆڤـ تاوان بار ده‌بێت ئه‌گه‌ر شتێك له‌وانه‌ی پێشو كه‌باسكرا ئه‌نجام بدات به‌بێ مه‌به‌ست؟ به‌ڵكو وه‌كو له‌ ڕوودا دامان یاخود له‌شه‌رما، یاخود له‌ شه‌رمه‌زاریدا یاخود جگه‌ له‌م هۆیانه‌؟

وه‌ ئایا خۆ چواندن به‌وان دروسته‌ له‌و بۆنانه‌دا؟

و پیرۆزبایی كردن له‌ كافران به‌بۆنه‌ی چه‌ژنی كریسمس وجگه‌ له‌مه‌ له‌ چه‌ژنه‌ ئایینیه‌كانی تریان حه‌رامه‌ به‌یه‌كده‌نگی زانایان، هه‌روه‌كو چۆن إبن القيم له‌په‌رتوكه‌كه‌یدا(أحكام أهل الذمة) باسی ده‌كات وده‌فه‌رمێت: (پیرۆزبایی كردن به‌ دروشمه‌كانی تایبه‌ت به‌ كوفر حه‌رامه‌ به‌یه‌كده‌نگی زانایان، وه‌كو ئه‌وه‌ی پیرۆزبایی یان لێ بكرێت به‌بۆنه‌ی چه‌ژن و ڕۆژووگرتنه‌كانیان وبوترێت: چه‌ژنت پیرۆز بێت وهاوشێوه‌ی ئه‌مانه‌، ئه‌مه‌ ئه‌گه‌ر بێژه‌ره‌كه‌ی سه‌لامه‌ت بێت له‌ كوفر، ئه‌وا له‌ قه‌ده‌غه‌كراو وحه‌رامه‌كانه‌، وه‌ وه‌كو ئه‌وه‌ وایه‌ كه‌ پیرۆزبایی یان لێ بكرێت به‌ كڕنوش بردنیان بۆ خاچه‌كه‌یان، به‌ڵكو ئه‌مه‌ لای خوای گه‌وره‌ تاوانی گه‌وره‌تروتوڕه‌بوونی سه‌خت تره‌ له‌ پیرۆزبایی كردن له‌ مه‌ی خواردنه‌وه‌ و كوشتن وزینا كردن وهاوشێوه‌ی ئه‌م تاوانانه‌، وه‌زۆرێك له‌وانه‌ی كه‌ ڕێزی دینیان له‌لا نیه‌ ده‌كه‌ونه‌ ناو ئه‌م تاوانانه‌وه‌و ناشیرینی كاره‌كه‌یشی نازانێت كه‌ پیرۆزبایی له‌كه‌سێك كردووه‌ به‌ تاوان كردن یاخود بیدعه‌ كردن یاخود كوفر كردن، وه‌ توشی توڕه‌بوون وغه‌زه‌بی خوای گه‌وره‌ بووه‌) قسه‌كه‌ی ته‌واو بوو(ره‌حمه‌تی خوای لێ بێت). وه‌بۆیه‌ پیرۆزبایی كردنی له‌ كافران حه‌رامه‌ به‌م چه‌شنه‌ی كه‌ إبن القيم باسی ده‌كات، چونكه‌ دان نانی تێدایه‌ بۆ ئه‌و دروشمه‌ كوفری-یانه‌ی كه‌ ئه‌وانی له‌سه‌رن، وه‌ رازی بوونه‌ بۆیان بۆ ئه‌و شته‌ی كه‌له‌سه‌رین، هه‌رچه‌نده‌ بۆ خۆی رازی نابێت به‌و كوفره‌ به‌ڵام حه‌رامه‌ بۆ موسڵمان كه‌ رازی بێت به‌ دروشمه‌كانی كوفر، یاخود پیرۆزبایی پێ بكات له‌ خه‌ڵكانی تر، چونكه‌ خوای گه‌وره‌ به‌م شته‌ رازی نابێت، هه‌روه‌كو ده‌فه‌رمێت: ﴿إِنْ تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنْكُمْ وَلَا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِنْ تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ﴾ [الزمر: ٧].

واته: ئه‌گه‌ر ئێوه كافر و بێباوه‌ڕ بن ئه‌وا خوای گه‌وره هیچ پێویستی به په‌رستنی ئێوه نی‌یه وبێ پێویسته لێتان، وه‌هه‌رچی له ئاسمانه‌كان وزه‌ویدایه خوای گه‌وره ده‌په‌رستن و مل كه‌چین، به‌لاَم له‌هه‌مان كاتدا خوای گه‌وره به كوفر رازی نابێت بۆ به‌نده‌كانی، وه‌ئه‌گه‌ر ئێوه سوپاس گوزاری بكه‌ن ئه‌وا رازی ده‌بێت لێتان.

وه‌ده‌فه‌رمێت: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ [المائدة: ٣].

واته: ئه‌مڕۆ من دینه‌كه‌م بۆتان ته‌واو كرد وبه‌خششی خۆم ته‌واو رژاند به‌سه‌رتاندا ورازی بووم كه ئیسلام دینی ئێوه بێت.

وه پیرۆزبایی لێ كردنیان به‌م بۆنانه‌وه حه‌رامه وجیاوازی نی‌یه ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵتاندا كار بكه‌ن یان نا.

وه ئه‌گه‌ر ئه‌وان پیرۆزبایی‌یان لێكردین به‌بۆنه‌ی چه‌ژنه‌كانیانه‌وه ئه‌وا ئێمه پیرۆزبایی‌یان لێ ناكه‌ین له‌سه‌ر ئه‌و شته، چونكه چه‌ژنی ئێمه نی‌یه، وه‌چه‌ژنانێكه كه خوای گه‌وره پێی رازی نی‌یه، چونكه یاخود داهێنراوه له دینه‌كه‌یاندا، یاخود له شه‌رعه‌كه‌یاندا هه‌بووه به‌لاَم سڕاوه‌ته‌وه به دینی ئیسلام كه خوای گه‌وره محمدی(صلى الله عليه وسلم) پێ ناردووه بۆ لای هه‌موو خه‌ڵكی بی تێكڕا، كه ده‌فه‌رمێت: ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [آل عمران: ٨٥].

واته: هه‌ركه‌سێك جگه له‌ئیسلام داوای دینێكی تر بكات و هه‌ڵی بژێرێت به‌سه‌ر ئیسلامدا ئه‌وا لای خوای گه‌وره لێی وه‌رناگیرێت، وه‌له دوا رۆژیشدا له زه‌ره‌ر مه‌ندان ده‌بێت.

وه حه‌رامه موسڵمان به‌ده‌میانه‌وه بچێت به‌م بۆنانه‌وه، چونكه ئه‌مه گه‌وره‌تره له پیرۆزبایی كردنیان، وه چونكه چون بۆ لایان به‌شداری كردنیانه له‌و ئاهه‌نگه‌دا، هه‌روه‌ها حه‌رامه موسڵمان خۆی بچوێنێت به‌كافران به‌وه‌ی كه ئاهه‌نگ بگێڕێت به‌م بۆنانه‌وه، یاخود دیاری بگۆڕێته‌وه، یاخود

شیرینی دابەش بكات، یاخود خواردن ببەخشێت، یاخود خۆی لەكار بخات وهاوشێوەی ئەمانە، چونكە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: ﴿مَنْ تَشَبَهَ بِقَومٍ فَهُوَ مِنْهُم﴾(٤٤).

واتە: هەركەسێك خۆی بچوێنێت بەهەر كۆمەڵێك ئەوا ئەویش لەوان دەژمێردرێت. وە شيخ الإسلام إبن تيمية (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە پەرتوكەكەیدا (إقتضاء الصراط المستقيم مخالفة أصحاب الجحيم) دەفەرمێت: (خۆ چواندن پێیان لە هەندێك لە چەژنەكانیان دڵیان خۆش دەكات بەو بیروباوەڕە بەتاڵەی كەلە سەرین، وەلەوانەیە وایان لێ بكات كە هەلەكان بقۆزنەوە وباوەڕ لاوازەكان بەلای خۆیاندا رابكێشن.

وە هەركەسێك بەشداری شتێك لەوانە بكات ئەوا گوناه بارە، ئیتر جیاوازی نی یە ئەگەر لە رودا دامان كردبێتی یاخود لە خۆشەویستیاندا، یاخود لەشەرمدا، یاخود جگە لەم هۆكارانە، چونكە ئەمە لە نزم كردنی دینی خوایە، وەلە هۆكارەكانی بە هێز كردنی دەروونی كافرانە وشانازی كردنیانە بە دینەكەیانەوە.

داواكارین لە خوای گەورە كە موسڵمانان بە عیزەت بكات بەدینەكەیان و دامەزراوی‌یان پێ ببەخشێت لەسەری وسەریان بخات بەسەر دوژمنەكەیاندا هەر ئەو بە هێز ودەسەلاتە(٤٥).

٤٤- (صحيح الجامع الصغير: ١/ ٢٨٣١).

٤٥- (فتاوى وأذكار لإتحاف الأخيار: ص٢٩-٣٢).

حوكمی كرداره خۆكوژی یەكان:

پ١٨ حوكمی كرداره خۆكوژییەكان چییە؟

و لەڕاڤەی فەرموودەی چیرۆكی(أصحاب الأخدود)دا سودە وەدەست هاتوەكان دیاری دەكات و دەفەرمێت: دروستە مرۆڤـ گیانی خۆی ببەخشێت لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان، ئەو منداڵە ڕێنمایی پاشاكەی كرد بۆ شتێك كە بە هۆیەوە بتوانێت بیكوژێت، كە ئەویش بریتی بوو لەوەی كە تیرێك لەناو تیرەكانی دەربكات و بڵێت بەناوی پەروەردگاری ئەم منداڵەوە....

شیخ الإسلام دەفەرمێت: (چونكە ئەمە جیهاد كردنە لە پێناوی خوای گەورەدا، ئوممەتێك باوەڕیان هێناو ئەو منداڵەیش هیچ شتێكی لە دەست نەچوو چونكە مرد، وە هەر دەمرد لە داهاتوودا بوایا یاخود لە ڕابردوودا).

بەڵام ئەو كرداره خۆكوژیانەی كە هەندێك لە خەڵكی دەیكەن بە شێوەیەك كە تەقینەوە هەڵدەگرن دەچنە ناو كافرانەوە پاشان لە ناویاندا خۆی دەتەقێنێتەوە، ئەمە خۆكوژییە پەنا بە خوای گەورە، وە هەركەسێكیش خۆی بكوژێت ئەوا بە نەمری وهەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە، هەروەكو چۆن لە فەرموودەیەكی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم هاتووە، چونكە ئەمە خۆی كوشتووە لە بەرژەوەندی ئیسلامدا نەبووە، چونكە ئەگەر خۆی بكوژێت و دە كەس یاخود سەد كەس یاخود دووسەد كەس بكوژێت ئیسلام سود لەمە نابینێتو خەڵكی نابنە موسڵمان، بە پێچەوانەی چیرۆكی منداڵەكەوە، وە بەم كاره لەوانەیە دوژمن زیاتر سەختو توندو تیژتر بێت و ئەم كاره زیاتر دڵی قیناوی بكات، و كوشتاری موسڵمانان بكات بەسەختترین شێوە ولەناویان ببات. هەرەكو چۆن جولەكە وا لە خەڵكی فەلەستین دەكات ،خەڵكی فەلەستین ئەگەر یەكێكیان خۆی بتەقێنێتەوەو شەش كەس یاخود حەوت كەس بكوژێت ئەوان لە تۆڵەی ئەمەدا شەست كەس یان زیاتر دەگرن، كەواتە نە هیچ سود بە موسڵمانان گەیشت نە بەوانەی كەوا تەقینەوە لە ناویاندا كرا.

بۆیه وا ده‌بینین ئه‌وه‌ی كه هه‌ندێك له خه‌ڵكی پێی هه‌ڵده‌ستن له‌م خۆته‌قاندنه‌وه‌یه ئه‌وا خۆكوژی‌یه به‌بێ حه‌ق، وه وا پێویست ده‌كات كه خاوه‌نه‌كه‌ی بخاته ئاگری دۆزه‌خه‌وه –په‌نا به خوای گه‌وره– وه خاوه‌نه‌كه‌ی شه‌هید نی‌یه، به‌ڵام ئه‌گه‌ر مرۆڤـ ئه‌م كاره‌ی كردو ته‌ئویلی كردو گومانی وابوو كه دروسته، ئه‌وا ئێمه به ئومێدی ئه‌وه‌ین كه‌وا تاوانبار نه‌بێت، به‌ڵام به شه‌هید بژمێردرێت ئه‌مه‌یان نا، چونكه ڕێگای شه‌هید بوونی نه‌گرتۆته به‌ر، وه هه‌ر كه‌سێكیش كۆشش بكات وهه‌ڵه بكات ئه‌وا خێرێكی بۆ هه‌یه[٤٦].

حوكمی خۆ ته‌قاندنه‌وه له‌ناو كافراندا:

پ١٩ حوكمی شه‌رعی چی‌یه كه‌وا كه‌سێك خۆی مین ڕێژ ده‌كات و خۆی ده‌ته‌قێنێته‌وه له‌ناو كافراندا بۆ له‌ناو بردنیان؟ وه ئایا ڕاسته چیرۆكی منداڵه‌كه بكرێت به به‌ڵگه كه فه‌رمانی كرد به پاشاكه بیكوژێت؟

و ئه‌و كه‌سه‌ی كه خۆی مین ڕێژ ده‌كات بۆ ئه‌وه‌ی خۆی بته‌قێنێته‌وه له‌ناو كۆمه‌ڵگایه‌ك له كۆمه‌ڵگاكانی دوژمندا، ئه‌وه خۆی كوشتووه، وه له ئاگری دۆزه‌خدا سزا ده‌درێت به‌و شته‌ی كه خۆی پێ كوشتووه، وه به نه‌مری تێیدا ده‌مێنێته‌وه هه‌روه‌كو چۆن ئه‌م شته جێگیر بووه له پێغه‌مبه‌ره‌وه(صلى الله عليه وسلم)، وه سه‌یره ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌به‌م كاره هه‌ڵده‌ستن و ئه‌م ئایه‌ته‌یش ده‌خوێننه‌وه كه خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێت: ﴿ وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ [النساء: ٢٩]. واته: ئێوه خۆتان مه‌كوژن، چونكه به ڕاستی خوای گه‌وره زۆر به‌به‌زه‌یی‌یه له گه‌ڵتاندا.

ئایا هیچ به‌رهه‌م دێنن؟ ئایا دوژمن تێك ده‌شكێت؟ یاخود زیاتر توند و تیژترو سه‌خت تر ده‌بێت به‌رامبه‌ر ئه‌و كه‌سانه‌ی كه به‌م كاره هه‌ڵده‌ستن، هه‌روه‌كو چۆن ئێستا بینراوه له وڵاتی جوله‌كه‌دا، كه به‌م كارانه هیچ شتێكیان زیادی نه‌كردووه ته‌نها كه‌له ڕه‌قی‌و توند و تیژی نه‌بێت، به‌ڵكو ده‌بینین

٤٦- (فتاوى الأئمة في النوازل المدلهمة: ص١٢٧-١٢٨).

لەووڵاتی جولەكەدا لە دوا ڕاپرسیدا (ڕاست ڕەوەكان) تێیدا سەركەوتن كە دەیانەوێت عەرەب لەناو بەرن. بەڵام هەركەسێك ئەم كارە بكات و كۆشش بكات و واگومان بەرێت كە بەمە لە خوای گەورە نزیك دەبێتەوە، ئەوا دواكارین لە خوای گەورە كە لێی نەگرێت چونكە تەئویلی كردووە و نەزان بووە..

بەڵام چیرۆكی منداڵەكە بكرێت بەبەڵگە، ئەوا چیرۆكی منداڵەكە بە هۆیەوە خەڵكی موسڵمان بوون و هاتنە ناو ئیسلامەوە، نەك بۆ دوژمن كردنە پەندو تۆڵە سەندنەوە، بۆیە كاتێك پاشاكە خەڵكی كۆكردەوە تیرێكی لە كێلانەی منداڵەكە دەركردو ووتی: بەناوی خوای پەروەردگاری ئەم منداڵە، خەڵكی هەموو هاواریان كرد: پەروەردگار پەروەردگاری منداڵەكەیە، بە هۆیەوە ئوممەتێكی گەورە موسڵمان بوون، ئەگەر وەكو ئەم چیرۆكە ڕوودات ئەوا ئێمەیش دەڵێین بواری كردنە بەڵگەی هەیە، وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بۆمانی گێڕایەوە تا پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرین، بەڵام ئەوانەی كەوا خۆیان دەتەقێننەوە و دەكەس دەكوژن لە دوژمن یاخود سەد كەس دەكوژن ئەوا دوژمن هیچ شتێكی زیاد ناكات تەنها ڕق و كینەو دەست گرتن نەبێت بەوەی كە لەسەرین(٤٧).

حوكمی سەلام كردن لە بیدعە چی:

پ٢٠ ئایا سەلام بكەین لە بیدعەچی؟

و ئەگەر بیدعەكەی كوفری بوو ئەوا دروست نییە سەلامی لێ بكەیت، چونكە سەلام كردن لە كافر دروست نییە، وە ئەگەر بیدعەكەی ناگەیشتە كوفر وەكو ئەوەی بیدعەچی بێت لە هەندێك لە زیكرەكاندا كە مرۆڤ لە ئیسلام دەرناكات هاوشێوەی ئەمانە، ئەوا سەیری ئەوە دەكرێت ئەگەر لەسەلام نەكردن لێی بەرژەوەندی تێدا بوو ئەوا پێویستە سەلامی لێ نەكەیت.

٤٧- (فتاوى الأئمة في النوازل المدلهمة: ص١٢٨-١٣٠).

چۆن بەرژەوەندی لە سەلام نەكردندا هەیە؟

بەڵێ. بۆ ئەوەی بزانێت كە وازی لێ هێنراوە تەنها لەبەر ئەوەیە كە بیدعەچییە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوەو واز لە بیدعەكەی بهێنێت، لێرەدا پێویستە وازی لێ بهێنرێت و هەجر بكرێت بۆ ئەوەی تۆبە بكات، وە ئەگەر بەواز لێ هێنان و هەجر كردنەكە هیچ شتێكی زیادی ناكرد تەنها زیادڕەوی كردنی و بەرەو پیری چونی بیدعەكە وبانگەواز بۆ كردنی نەبێت ئەوا ئێمە وازی لێ ناهێنین و هەجری ناكەین، چونكە موسڵمانەوەو دروست نییە موسڵمان هەجر بكرێت بەبێ بەرژەوەندییەكی شەرعی[٤٨].

حوكمی سەلام كردن لە كافر:

پ٢١ ئایا سەلام لە كافر بكەین؟

و نا نەخێر هەرگیز سەلامیان لێ ناكەین چونكە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (لا تَبْدَؤا اليَهُودَ والنَّصارى بِالسَّلام، وإذا لَقِيتُمُوهُم في طَرِيقٍ فاضْطَرُّوهُم إلى أضْيَقِهِ)[٤٩].

واتە: دەست پێشخەری مەكەن لە سەلام كردن لە جولەكەو گاورەكان، وە ئەگەر پێیان گەیشتن لە ڕێگادا ئەوا ناچاریان بكەن لە تەسك ترین لای ڕێگاكەدا بڕۆن.

لەگەڵ ئەوەی جولەكەو گاور لە هەموو كافرەكان باشترن، هەرچەندە هەموو كافرەكان بێخێرن و خێریان تێدا نییە، بەڵام ئەمان چەند حوكمێكی تایبەتیان هەیە، بۆیە ئافرەت و سەربڕاوی دەستیان حەڵاڵە بۆمان، وە سەرانە(جزية)یان لێ دەسەنرێ ولەسەر دینی خۆیان دەمێننەوە، بەڵام جگە لەمان نە ئافرەتیان بۆمان حەڵاڵەو نەسەربڕاوی دەستیان، وە نە سەرانەیشیان لێ وەردەگیرێت بەرامبەر مانەوەیان لەسەر دینەكەیان لە لای زۆربەی زانایان.

٤٨- (اللقاء الشهري، رقم: ١٣، ص٢٠-٢١).

٤٩- (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢/ ٧٠٤).

ئه‌گه‌ر پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) به‌رهه‌ڵستی ئه‌وه‌ی لیَكردبێن كه‌ ده‌ست پێشخه‌ری سه‌لام كردن بكه‌ین له‌ جوله‌كه‌و گاوره‌كان، ئه‌وا جگه‌ له‌وان له‌ بوذي وئاگر په‌رست و بت په‌رست وشیوعی-یه‌كان شایانترن به‌وه‌ی كه‌ سه‌لامیان لیَنه‌كه‌ین. بۆیه‌ دروست نی‌یه‌ سه‌لام له‌ جوله‌كه‌و گاورو كافرانی تر بكه‌یت ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر چویته‌ ناویانه‌وه‌ له‌ شوێنی دانیشتنه‌كانیان سه‌لامیان لیَ مه‌كه‌ وه‌كو گوێڕایه‌ڵی‌یه‌ك بۆ پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم)، وه‌ هه‌ركه‌سێكیش گوێڕایه‌ڵی پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) بكات ئه‌وا گوێڕایه‌ڵی خوای گه‌وره‌ی كردووه‌: ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾ [النساء: ٨٠].

به‌ڵام ئه‌گه‌ر سه‌لامیان كرد ئایا وه‌ڵامیان بده‌مه‌وه‌؟

ده‌ڵێین: به‌ڵیَ، وه‌ڵامی سه‌لام كردنیان ده‌ده‌ینه‌وه‌، چونكه‌ خوای گه‌وره‌ فه‌رمانی كردووه‌ به‌ دادپه‌روه‌ری و چاكه‌ كردن، وه‌ له‌ دادپه‌روه‌ری نی‌یه‌ ئه‌گه‌ر كه‌سێك سه‌لامت لیَ بكات و وه‌ڵامی نه‌ده‌یته‌وه‌ بۆیه‌ له‌ چاكه‌ كاری‌یه‌كانی ئایینی ئیسلام ئه‌وه‌یه‌ كه‌ وه‌ڵامی سه‌لامی كافران بده‌ینه‌وه‌.

چۆن وه‌ڵامیان بده‌ینه‌وه‌؟

ئه‌گه‌ر به‌ ئاشكراو به‌ ڕاشكاوی ووتیان: السلام عليكم ئه‌وا پێیان ده‌ڵێین: عليكم السلام، به‌ڵام ئه‌گه‌ر به‌ نهێنی ونادیاری ونائاشكرایی سه‌لامیان كرد ئه‌وا پێیان ده‌ڵێین: عليكم، یاخود وعليكم، پێیان ناڵێین: السلام چونكه‌ جوله‌كه‌ له‌مه‌دینه‌ له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ری خوا بوون (صلى الله عليه وسلم) به‌ ته‌نیشتیدا تێده‌په‌ڕین وپێیان ده‌وت: (السام عليك يامحمد) واته‌: مردنت له‌سه‌ر بێت‌و بمریت‌و له‌ناوچیت ئه‌ی محمد (صلى الله عليه وسلم). وه‌ سه‌لامه‌كه‌یان به‌ ئاشكراو ڕوون ناوت، نایان ووت: السلام عليكم به‌ڵكو له‌ نێوان ده‌ربڕینی(لام)ه‌كه‌و ده‌رنه‌بڕینی ده‌یان ووت، پێغه‌مبه‌ریش (صلى الله عليه وسلم) فه‌رمووی: ﴿إِنَّ اليَهُودَ إذا سَلَّمُوا عَلَيكُمْ يَقُولُونَ السَّامُ عَلَيكُمْ، فَقُولُوا: وعَلَيكُمْ﴾(٥٠).

٥٠- (البخاري: ٦٢٥٧)، و(مسلم: ٢١٦٤).

واتە: ئەگەر جولەكە سەلامتان لێبكەن ئەوا پێتان دەڵێن: (السام عليكم) واتە: مردنتان لەسەر بێت، ئێوەش تەنها بڵێن: وعليكم، واتە: لەسەر خۆتان. وە جولەكەیەك بە تەنیشت پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) تێپەڕی و دایكی ئیمانداران خاتو عائیشەی (خوای لێ ڕازی بێت) لابوو، جولەكەكە ووتی: (السام عليك يامحمد) عائیشەیش (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: (عليك السام واللعنة) واتە: مردن و نەفرەت لە سەر خۆت بێت، واتە: زیاتری پێووت لەوەی كە ووتی، بەڵام خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا﴾ [النساء: ٨٦]. واتە: ئەگەر سەلامتان لێكرا ئەوا وەڵامی سەلامەكە بدەنەوە بە باشتر لەو، یاخود وەكو خۆی وەڵامی بدەنەوە. جولەكەكە سەلامێكی خراپی كرد، عائیشەیش (خوای لێ ڕازی بێت) وەڵامی دایەوە بە خراپتر لەو پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بەرهەڵستی كردو پێی فەرموو:

﴿إِنَّ اللهَ رفيقٌ يُحِبُّ الرِّفْقَ في الأمرِ كُلِّهِ﴾. واتە: خوای گەورە نەرم و نیانەو لە هەموو ئیش وكارێكدا نەرم و نیانی خۆش دەوێت، عائیشەیش (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: ئایا نەتبیست چیان ووت؟ فەرمووی: (قد قلت: وعليكم)[٥١].

واتە: بەڵێ منیش پێم ووتن: لەسەر خۆتان.

لە چاكەوەیە كە بەباشتر وەڵامی سەلام بدەیتەوە، وە لە دادپەروەرییەوەیە كە بەخراپتر وەڵامی سەلام نەدەیتەوە، بەم شێوەیە وەڵامی پێویست دەست دەكەوێت، ئەگەر ووتیان: (السام عليك) ئەوا بڵێن: وعليكم بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە، وە ئەگەر ووتبێتیان: (السلام عليكم) ئەوا دیسان بۆ خۆیانە، وە ئەگەر بە ڕاشكاویو ئاشكرایی بڵێن: (السلام عليكم) هەروەكو ئێستا لای زۆرێك لە عەجەمەكان لە هیندی و جگە لەوانیش دەڵێن: السلام عليكم وە كافریشە، تۆ چۆن وەڵامی

٥١- (البخاري: ٦٢٥٦)، و(مسلم: ٢١٦٥).

ده‌ده‌یته‌وه‌؟ بۆت هه‌یه‌ بڵێیت: عليك السلام و هیچ شتێكی تێدا نیه‌و ئاساییه‌، چونكه‌ ئیسلام ته‌رازووی حه‌ق و دادپه‌روه‌ریه‌[٥٢]. :

ده‌ست پێكردنی ته‌وقه‌ كردن

پ٢٢ زانای پایه‌ به‌رز ئه‌گه‌ر گه‌یشتم به‌ كۆمه‌ڵێك و ویستم سه‌لامیان لێبكه‌م و ته‌وقه‌یان له‌ گه‌ڵدا بكه‌م، ئه‌گه‌ر پیاوێكی پیر یاخود خاوه‌ن پله‌و پایه‌یان له‌ ناودا بوو ئایا له‌وه‌وه‌ ده‌ست بكه‌م به‌سه‌لام كردن یاخود لای ڕاسته‌وه‌، پاشان ئه‌گه‌ر سه‌لامم لێكرد ئایا له‌ دوای ئه‌و له‌ ڕاستی ئه‌وه‌وه‌ به‌رده‌وام بم، یاخود لای ڕاستی خۆم؟

و ئه‌م بابه‌ته‌ لای هه‌ندێك له‌ خه‌ڵكی شاراوه‌یه‌، ئه‌گه‌ر به‌ یه‌كێك گه‌یشتی یاخود چویته‌ شوێنێك ئه‌وا له‌ گه‌وره‌وه‌ ده‌ست پێ بكه‌ ئیتر ئایا به‌ ته‌وقه‌ كردن بێت، یاخود چای و قاوه‌ دانان بێت، یاخود هاوشێوه‌ی ئه‌مانه‌، هه‌ندێك له‌ خه‌ڵكی لای ڕاسته‌وه‌ ده‌ست پێ ده‌كات ئه‌گه‌ر بچوكیش بێت، ئه‌مه‌ پێچه‌وانه‌ی سوننه‌ته‌، چونكه‌ پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم)، سیواكی به‌ده‌سته‌وه‌ بوو، وه‌ دوو پیاو له‌ پێشی‌یه‌وه‌ بوون وویستی بیداته‌ ده‌ست بچوكه‌كه‌یان پێی ووترا: له‌ گه‌وره‌وه‌ ده‌ست پێ بكه‌ پاشان گه‌وره‌[٥٣].

ئه‌مه‌ به‌ پێچه‌وانه‌ی ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر دانیشتبوو لای ڕاستی بچوك و لای چه‌پی گه‌وره‌ بوو ئه‌وا لای ڕاست پێش ده‌خات ئه‌گه‌ر بچوكیش بێت، به‌م شێوه‌یه‌ ئه‌گه‌ر چویته‌ شوێنێكه‌وه‌ له‌ گه‌وره‌وه‌ ده‌ست پێ بكه‌ پاشان ده‌یدات به‌وه‌ی لای ڕاستی خۆیه‌وه‌ دانیشتوه‌ نه‌ك لای ڕاستی گه‌وره‌تر، بۆ نموونه‌

٥٢- (اللقاء الشهري، رقم: ١٣، ص٢٤-٢٧).

٢٣- (أبو داود: ٥٠)، وحسنه الشيخ الألباني في: (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٤/ ٧٦).

کەسێك چای دێنێت بۆ شوێنێك دەیدات بە گەورەترین کەس، لەدوای ئەو دەیدات بە کێ؟ لای ڕاستی خۆیەوە دەست پێ دەکات تا تەواو دەبێت پاشان دەیدات بە لای چەپی[٥٤].

هێشتنەوەی وێنە لە ماڵەوە:

پ٢٣ ئافرەتێك پرسیار دەکات و دەڵێت: جارێکیان ناچار بووم سەفەر بکەم بۆ دەرەوەی وڵات، وە داوای وێنەم لێ کرا بۆ پاسە پۆرتەکەم، منیش کەسم دەست نەکەوت تەنها شوێنی وێنەگرتنی پیاوان نەبێت، وێنەیەکم گرت لە پێویستیدا وە یەکێك لە وێنەکانم لای خۆم هێشتەوە، لەوە دەترسام ئەگەر لەناوی بدەم جارێکی تر پێویستم پێی بێت و ناچاربم جارێکی تر خۆم نیشانی پیاو بدەمەوە، ئێستا هێشتوومەتەوە بەڵام لەوە دەترسم کە بێبەش بم لە هاتنە ژورەوەی فریشتە بۆ ماڵەکەم. چی بکەم فەتوامان بۆ بدەن خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە؟

و دەڵێین مانەوەی وێنەکە باشترە لە فەوتاندنی، ئەگەر بە داپۆشراوی بیهێڵێتەوە لەناو جانتایەکدا، یاخود لە ناو دۆڵاب ئەوا نادیارەو شاراوەیە، بەڵام ئەگەر لە ناوی ببات لەوانەیە لە داهاتوودا جارێکی تر پێویستی بەوە بێت کە پیاو وێنەی بگرێت، وە پارەی زیاتریشی لەدەست بچێت، بۆیە مانەوەی باشترە، هەروەها سەبارەت بە پیاوانیش لەوانەیە چەند وێنەیەك بگرنو لە داهاتوودا پێویستیان بێت دەڵێین: ئاساییە هەڵی بگرن بۆ داهاتوو[٥٥].

٥٤- (اللقاء الشهري، رقم: ١٣، ص٣٢-٣٣).

٥٥- (اللقاء الشهري، رقم: ١٣، ص٤٧-٤٨).

گێڕانه‌وه‌ی نوكته‌و قسه‌ی هه‌ڵبه‌ستراو:

پ٢٤ بۆچونی بەڕێزتان چیه سه‌باره‌ت به‌و نوكته‌و چیرۆكانه‌ی كه له دانیشتنه تایبه‌ت و گشتی-یه‌كاندا باس ده‌كرێن بۆ خۆشی؟ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كه ئه‌م شتانه زۆرجار ڕاست نی‌یه‌و هه‌ڵبه‌ستراوه به‌ڵگه‌یشیان له‌و شته‌دا ئه‌وه‌یه كه بیسه‌ر ده‌زانێت ڕاست نی‌یه؟

و به‌ڵێ. چیرۆكه خه‌یاڵی و ناڕاستی‌یه‌كان كه دروست كراوی خه‌یاڵه‌و هیچ بنچینه‌یه‌كی نی‌یه ئه‌م فه‌رمووده‌یه‌ی پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) ده‌یگرێته‌وه كه ده‌فه‌رمێت:

﴿وَيْلٌ لِمَنْ حَدَّثَ فَكَذَبَ لِيضحكَ بِهِ القومُ وَيلٌ له ثُمَّ ويل له﴾(٥٦).

واته: هاوارو سزا بۆ ئه‌و كه‌سه‌ی كه قسه بكات و درۆ بكات بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵكی پێبكه‌نن هاوارو سزا بۆ ئه‌و، هاوارو سزا بۆ ئه‌و.

سێ جار پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) دوباره‌ی كردووه‌ ئه‌مه‌یش به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه حه‌رامه، بۆیه هه‌ركه‌سێك چیرۆكی خه‌یاڵی ناڕاستی باس بكات بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵكی پێبكه‌نێت ئه‌وا تاوانباره‌و هه‌ڕه‌شه لێكراوه به‌م هه‌ڕه‌شه‌یه –په‌نا به خوای گه‌وره–: (ويل لمن حدث فكذب ليضحك به القوم ويل له ثم ويل له)(٥٧).

٥٦- (صحيح الجامع الصغير: ٧١٣٦).

٥٧- (اللقاء الشهري، رقم: ١٣، ص٤٨-٤٩).

دەركردنی غوسڵ بە بێ دەست نوێژ هەڵگرتن:

پ٢٥ غوسلّی جەنابەتم دەركردووەو دەست نوێژم هەڵنەگرتووە، ئایا جێگای دەست نوێژیش دەگرێتەوەو ڕاستەوخۆ نوێژ بكەم؟

و بەڵێ دروستە بۆ ئەو كەسەیكە جەنابەتی لەسەرە(لەش گرانی) تەنها غوسڵ دەربكات لەگەڵ ئاو لەدەمو گوێ وەردان، چونكە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت: ﴿وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا﴾ [المائدة: ٦].

واتە: ئەگەر ئێوە لەشتان گران بوو ئەوا غوسڵ دەركەن وخۆتان بشۆرن، لێرەدا خوای گەورە باسی دەست نوێژ گرتن ناكات.

وەلە فەرموودەیەكی درێژدا هاتووە كە پیاوێك جیاببووەوە و نوێژی بەكۆمەڵی نەدەكرد، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو: ﴿مَا مَنَعَكَ أنْ تُصَلِّيَ﴾.واتە: چی قەدەغەت دەكات لە نوێژ كردن و بۆچی نوێژیان لە گەڵدا ناكەیت؟ پیاوەكەیش ووتی: تووشی لەش گرانی بوومەو ئاویش نیيە، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو: ﴿عليكَ بِالصَّعِيدِ فإنَّهُ يَكْفِيكَ﴾(٥٨).واتە: تەیەمم بكە ئەوەت بەسە. پاشان ئاو پەیدا بوو پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) زیادەكەی پێداو فەرمووی: ﴿خُذْ هذا أفْرِغْهُ على نَفْسِكَ﴾(٥٩). واتە: ئەم ئاوە بگرەو بیكە بە خۆتداو غوسلّی پێ دەربكە.

لێرەیشدا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) باسی دەست نوێژ هەڵگرتن ناكات، بۆیە قورئانو سوننەت دەلالەتیان كرد لەسەر ئەوەی كە هەركەسێك جەنابەتی لەسەر بێت ئەگەر غوسلّی دەركرد ئەوا بەسیەتی و جێگای دەست نوێژ هەڵگرتنیش دەگرێتەوەو پێویست بە دەست نوێژ هەڵگرتن ناكات،

٥٨- (البخاري عن عمران بن حصين(رضي الله عنه): ٣٤٤).

٥٩- (البخاري: ٥٨٩٢)، و(مسلم: ٢٥٩[٥٤]).

به‌ڵام باشتر وایه غوسڵی ته‌واو ده‌ربكرێت كه ئه‌ویش بریتی‌یه له‌وه‌ی كه یه‌كه‌مجار ده‌ست نوێژێكی ته‌واو هه‌ڵبگرێت و پاشان سێ جار ئاو بكات به‌سه‌ریدا تا ته‌ڕ بێت و پاشان هه‌موو له‌شی بشوات[٦٠].

سه‌ره‌نجامی ئافره‌تی باوه‌ڕدار له‌به‌هه‌شتدا ئه‌گه‌ر پێش شوكردنی بمرێت:

پ٢٦ ئه‌گه‌ر ئافره‌تی باوه‌ڕدار شوبكات و بمرێت ئه‌وا له‌به‌هه‌شتدا له‌گه‌ڵ مێرده‌كه‌ی ده‌بێت، وه ئه‌گه‌ر دوو مێردی هه‌بوو بێت ئه‌وا یه‌كێكیان هه‌ڵده‌بژێرێت له‌به‌هه‌شتدا به ویستی خۆی، باشه ئه‌ی سه‌ره‌نجامی ئافره‌تی باوه‌ڕدار چی‌یه له‌به‌هه‌شتدا ئه‌گه‌ر پێش شوكردنی بمرێت؟

و ئه‌گه‌ر شووی نه‌كردبێت ئه‌وا خوای گه‌وره له‌به‌هه‌شتدا مێردی بۆ داده‌نێت: ﴿ إِنَّا أَنْشَأْنَاهُنَّ إِنْشَاءً فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا عُرُبًا أَتْرَابًا﴾ [الواقعة: ٣٥-٣٧].

به‌ڵام له‌وانه‌یه پێم بڵێن: ئایا ئێمه له دوعای نوێژی مردودا ناڵێین: (أَبْدِلْهَا زوجاً خيراً مِنْ زوجها).

واته: خوایه مێرده‌كه‌ی له‌به‌هه‌شتدا بۆ بگۆڕه به مێردێكی باشتر له‌وه‌ی خۆی؟ به‌ڵام ئه‌مه ئاڵۆزه، چونكه ئه‌گه‌ر شوی كردبێت چۆن ده‌ڵێین: خوایه مێرده‌كه‌ی له‌به‌هه‌شتدا بۆ بگۆڕه به مێردێكی باشتر له‌وه‌ی خۆی؟ وه ئه‌گه‌ر شووی نه‌كردوه كوا مێرده‌كه‌ی؟

و ده‌ڵێین: شووی نه‌كردووه مه‌به‌ست له‌پاڕانه‌وه‌كه ئه‌وه‌یه كه مێرده‌كه‌ی بۆ بگۆڕه به باشتر له‌و مێرده‌ی كه بۆی دیاری كرابوو ئه‌گه‌ر بمایاو نه‌مردایا، وه ئه‌گه‌ر مێردی هه‌بێت ئه‌وا مه‌به‌ست ئه‌وه‌یه كه سیفاتی مێرده‌كه‌ی بۆ بگۆڕه به باشتر له سیفاته‌كانی دونیای، چونكه گۆڕان جاری وا هه‌یه به گۆڕانی خودی شته‌كه ده‌بێت وه‌كو چۆن مه‌ڕێك بگۆڕیت به وشترێك، وه جاری وا هه‌یه به گۆڕینی وه‌سفه‌كان ده‌بێت وه‌كو ده‌ڵێیت: خوای گه‌وره كوفری ئه‌م پیاوه‌ی گۆڕی بۆ باوه‌ڕ، هه‌روه‌ها وه‌كو خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێت:

٦٠- (اللقاء الشهري، رقم: ١٣، ص٥٠-٥١).

﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ الْأَرْضُ غَيْرَ الْأَرْضِ وَالسَّمَوَاتُ﴾ [إبراهيم: ٤٨]. واته: ڕۆژی قیامه‌ت زه‌وی و ئاسمانه‌كان ده‌گۆڕێت بۆ جگه له‌م زه‌وی‌و ئاسمانانه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی زه‌وی هه‌مان زه‌وی‌یه به‌ڵام درێژ كراوه‌ته‌وه، وه ئاسمان هه‌مان ئاسمانه به‌ڵام له‌ت بووه[٦١].

شیردانی ئافره‌ت به مندالی جگه له خۆی به پیاڵه:

پ٢٧ ئایا ئافره‌ت شیر بدات به مندالی جگه له خۆی به پیاڵه ده‌بێت به مندالی خۆی و منداڵه‌كانی لێی حه‌رام بن؟

و شیر پێدان ئه‌گه‌ر به پیاڵه بێت یان به مه‌مك جیاوازی نی‌یه‌و یه‌كسانه‌و حه‌رامی ده‌كات ئه‌گه‌ر بگاته پێنج جار، چونكه خۆراكی منداڵه‌كه‌یه ئیتر ئایا به پیاڵه بێت یان به مه‌مك چونكه پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) ده‌فه‌رمێت:

﴿إِنَّمَا الرَّضَاعَةُ مِنَ المجَاعَةِ﴾[٦٢].

واته: ته‌نها شیر پێدانی مندال له برسێتی‌یه‌وه‌یه.

كه‌واته: ئه‌و شیر پێدانه‌ی كه برسێتی تیر بكات ئه‌وا حه‌رامی ده‌كات، ئیتر یه‌كسانه وجیاوازی نی‌یه ڕاسته‌وخۆ شیره‌كه له مه‌مكی ئافره‌ته‌كه‌وه بخوات، یاخود به‌هۆی پیاڵه‌و قاپێكه‌وه بێت[٦٣].

ئامۆژگاری كردنی خه‌ڵكی به‌شێوازێكی به‌رده‌وام له‌سه‌ر گۆڕ:

پ٢٨ حوكمی ئامۆژگاری كردنی خه‌ڵكی چی‌یه به‌شێوازێكی به‌رده‌وام له‌سه‌ر گۆڕ؟

و وا ده‌بینم كه پێچه‌وانه‌ی سوننه‌ته، چونكه له‌سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ردا(صلى الله عليه وسلم) شتی وا نه‌بووه، كه له هه‌موو كه‌س زیاتر ئامۆژگاری خه‌ڵكی كردووه، وه له هه‌موویان زیاتر سوور بوه

٦١- (لقاء الباب المفتوح، رقم: ٣، ص٢٣-٢٤).

٦٢- (البخاري: ٢٦٤٧)، و(مسلم: ١٤٥٥).

٦٣- (لقاء الباب المفتوح، رقم: ٣، ص٢٤).

لەسەر گەیاندنی حەق، وە نەمانزانیوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەرگیز لەسەر گۆڕ ئامۆژگاری کردبێت وبە پێوە قسەی کردبێت، هەروەکو چۆن خەطیب وتار دەدات، بەڵکو تەنها چەند ووشەیەکی لێوە دەرچووە وەکو ئەوەی کە گەیشتنە سەر گۆڕێك هێشتا بانی نەدرابوو دانیشت و خەڵکیش لەدەوری دانیشتن، ئەویش قسەی بۆ کردن کە لەکاتی مردندا چی ڕوودەدات، ئەمە **یەکەم**، وە ئەمەیش ووتار نەبووە، ڕانەوەستاوە لە نێوان خەڵکیداو ووتاریان بۆ بدات و ئامۆژگاریان بکات و قسەیان لەگەڵ بکات. **دووەمیش:** کاتێك لەسەر لێواری گۆڕێك دانیشتبوو فەرمووی:

﴿ما مِنْكُمْ مِنْ أحَدٍ إلا وقد كُتِبَ مَقْعَدُهُ مِنَ الجنةِ أو النارِ﴾. واتە: هیچ کەسێك نییە لە ئێوە ئیلا شوێنی دیاری کراوە لە بەهەشت یاخود دۆزەخ، هاوەڵانیش(خوایان لێ ڕازی بێت) ووتیان: ئایا ئیتر بۆ واز لە کردەوە نەهێنین و پاڵ نەدەینەوە؟! فەرمووی: ﴿ لا إعْمَلُوا فَكُلٌّ مُيَسَّرٌ لما خُلِقَ﴾[٦٤].

واتە: نەخێر واز لە کردەوە مەهێنن و بەردەوام بن لەسەر کردەوەی چاك، چونکە هەموو کەسێك بۆ کوێ دروست کرابێت ئەوا کردەوەی ئەو شوێنەی بۆ ئاسان کراوە.

بەڵام ئەمە بکات بە داب و نەریت وهەرکاتێك مردوویەك بەخاك سپێردرا یەکێك لەناو خەڵکی هەڵسێت و ووتار بۆ خەڵکی بدات و قسەیان بۆ بکات ئەمە لە داب و نەریتی پێشینە چاکەکان نەبووە بە ڕەهایی، وە با لەم شتەدا بگەڕێینەوە بۆ سوننەت، وە لەوە دەترسم ئەمە لە توندڕەوی بێت چونکە شوێنەکە لە ڕاستیدا شوێنی خشوعو هێمنی وئارامییە نەك شوێنی جوڵاندنی سۆز.

وە شوێنی ووتاردان سەر مینبەرو مزگەوتەکانە هەروەکو چۆن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەمەی دەکرد، وە نابێت شتی تایبەت بکەین بە بەڵگە لەسەر شتی گشتی، واتە: ئەگەر کەسێك بڵێت: فەرموودەکەی ئیمامی عەلی(خوای لێ ڕازی بێت) کەلەسەر لێواری گۆڕەکە ڕاوەستابوو هەروەها فەرموودەکەی تر کە دانیشتبوو چاوەڕێی ئەوە بوو گۆڕەکە گۆڕیچکەی بۆ بکرێت و

٦٤- (البخاري: ٤٩٤٩)، و(مسلم: ٢٦٤٧).

قسه‌یان بۆ بكات ده‌كه‌ینه بنچینه له‌م بابه‌ته‌دا. ئه‌وا پێیان ده‌ڵێین: ئه‌م بنچینه‌یه ڕاست نی‌یه، چونكه ئه‌گه‌ر بنچینه بوایه له‌م بابه‌ته‌دا ئه‌وا پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) به‌كاری ده‌هێنا له ژیانیدا وه كاتێك كه وازی لێ هێنا ئه‌وا واز لێ هێنانی سوننه‌ته[٦٥].

سڕینه‌وه‌ی چاكه‌كان:

پ٢٩ چاكه‌كان خراپه‌كان ده‌سڕنه‌وه، ئایا خراپه‌كانیش چاكه‌كان ده‌سڕنه‌وه؟

و چاكه‌كان خراپه‌كان ده‌سڕنه‌وه ونایهێڵن هه‌روه‌كو پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) فه‌رموویه‌تی: ﴿الصَلَواتُ الخَمْسُ، والجُمُعَةُ الى الجُمُعَةِ، ورمَضانٌ الى رمضان مُكَفِّرَاتٌ لما بينهُنَّ ما اجْتُنِبَتِ الكبائِرُ﴾[٦٦].

واته: نوێژه فه‌رزه‌كان، و هه‌ینی بۆ هه‌ینی، و ڕه‌مه‌زان بۆ ڕه‌مه‌زان تاوانه‌كان له نێوانیاندا ده‌سڕنه‌وه ئه‌گه‌ر مرۆڤـ خۆی بپارێزێت له تاوانه گه‌وره‌كان.

به‌ڵام خراپه‌كان چاكه‌كان بسڕنه‌وه نه‌خێر چاكه‌كان ناسڕنه‌وه به‌ڵام له‌كاتی كێشاندا له ڕۆژی قیامه‌تدا له‌وانه‌یه زاڵ بێت به‌سه‌ر چاكه‌كاندا و قورستر بێت، خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێت: ﴿وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾ [الأنبياء: ٤٧].

واته: له ڕۆژی قیامه‌تدا ته‌رازووی دادپه‌روه‌ری داده‌نێین، كرده‌وه چاكه‌كانو خراپه‌كان ده‌كێشین، له‌وانه‌یه خراپه‌كان زیاد بكات و مرۆڤـ شایانی چونه دۆزه‌خه‌وه بێت و به‌هۆیه‌وه سزا بدرێت به گوێره‌ی تاوانه‌كه‌ی، وه له‌وانه‌یه چاكه‌كان و خراپه‌كان یه‌كسان بن ومرۆڤـ له ئه‌هلی ئه‌عراف بێت (ئه‌وانه‌ی كه چاكه‌و خراپه‌كانیان یه‌كسانه‌و له نێوان به‌هه‌شت ودۆزه‌خدا ده‌مێننه‌وه و ناچنه

٦٥-(لقاء الباب المفتوح، رقم: ٣، ص٢٤-٢٦).

٦٦- (مسلم: ٢٣٣).

بەهەشتەوە ئیلا پاش ویست و ڕێگە پێدانی خوای گەورە نەبێت)، وە لەوانەیە چاكەكان زیاتر بێت و بچێتە بەهەشتەوە[٦٧].

حەج كردنی ئافرەت بە بێ مەحرەم:

پ٣٠ ئایا ئافرەت ئەگەر حەج بكات بە بێ مەحرەم پێویستە جارێكی تر حەج بكاتەوە یان نا؟

و ئەگەر ئافرەت بە بێ مەحرەم حەج بكات ئەوا سەرپێچی خوای گەورەو پێغەمبەری كردووە(صلى الله عليه وسلم)، چونكە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ﴿لا تُسافِرُ إمْرأةٌ إلا مَعَ ذِي مَحْرَم﴾.

واتە: ئافرەت نابێت سەفەر بكات بە بێ مەحرەم، پیاوێك هەستاو ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) من خێزانم دەرچووە بۆ حەج كردن، وە منیش ماومەتەوە بۆ غەزای ئەوەو ئەوە، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:

﴿إنْطَلِقْ فَحُجَّ مَعَ إمْرَأتِكَ﴾[٦٨]. واتە: برۆ لەگەڵ خێزانەكەتدا حەج بكە.

بەڵام بە بێ مەحرەم حەجەكەی تەواوەو لەسەری لاچووە، واتە: پێویست نی‌یە لەسەری جارێكی تر دووبارەی بكاتەوە، بەڵكو پێویستە لەسەری بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورەو داوای لێخۆشبوونی لێ بكات لەوەی كە ڕووی داوە(بەبێ مەحرەم چووە بۆ حەج)[٦٩].

٦٧- (لقاء الباب المفتوح، رقم: ٣، ص٣٦-٣٧).

٦٨- (البخاري: ٣٠٠٦)، و(مسلم: ١٣٤١).

٦٩- (لقاء الباب المفتوح، رقم: ٣، ص٢٩).

حه‌ج كردن له جیاتی نه‌خۆش:

پ٣١ گه‌نجێك ته‌مه‌نی بیست ساڵه‌و زه‌ندی برینه‌و خوێنی لێ دێت، هه‌روه‌ها شه‌لیشه‌و هێشتا حه‌جی نه‌كردووه وده‌یه‌وێت ئه‌مساڵ حه‌ج بكات، به‌ڵام له قه‌ره‌باڵه‌غی حه‌ج ده‌ترسێت توشی خوێن به‌ربوون بێت چی بكات؟

و ئه‌گه‌ر ئه‌م گه‌نجه توانای هه‌یه به‌پاره به‌ڵام توانای نی‌یه به‌لاشه ئه‌وا ده‌توانێت كه‌سێكی تر له جیاتی خۆی بنێرێت و حه‌جی بۆ بكات، له‌به‌ر فه‌رمووده‌كه‌ی ابن عباس (خوایان لێ ڕازی بێت) كه ده‌فه‌رمێت:

إنَّ إمرأةً من خثعم قالت: يارسول الله إنَّ أبي أدرَكَتْهُ فريضةُ اللهِ على عباده الحَج شيخاً لا يَثْبُتُ على الراحلة، أفأحج عنه؟ ﴿قال: نعم﴾[٧٠].

واته: ئافره‌تێك له خثعم ووتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا(صلى الله عليه وسلم) باوكم پیره‌و حه‌جی له‌سه‌ر فه‌رزه‌و ناتوانێت له‌سه‌ر وشتر خۆی بگرێت وتوانای نی‌یه، ئایا من له جیاتی ئه‌و حه‌جی بۆ بكه‌م؟ فه‌رمووی: به‌ڵێ. ئه‌گه‌ر ئه‌م پیاوه ناتوانێت حه‌ج بكات چونكه شه‌له یاخود كه بریندار بێت به‌هه‌ر برینێك خوێنه‌كه‌ی ناوه‌ستێته‌وه‌و نه‌زیف ده‌بێت كه ئه‌مه‌یش مه‌ترسی‌یه له‌سه‌ر ژیانی، ئه‌وا عوزری هه‌یه له‌به‌ر برینه‌كه‌ی و ناڕه‌حه‌تی قه‌ڵه‌باڵه‌غی، وه ئه‌گه‌ر حه‌جیش بكات تاوانی له‌سه‌ر نی-یه[٧١].

٧٠- (متفق عليه، وانظر: إرواء الغليل: ٩٩٢).

٧١-(لقاء الباب المفتوح، رقم: ٣، ص٢٨-٢٩).

سیواك كردن لەكاتی بەڕۆژوو بووندا :

پ٣٢ سیواك كردن لە كاتی بەڕۆژوو بوون بە سیواكێكی تەڕ هەست بەهەندێك تام دەكرێت لەو سیواكەداو قورسە لەسەری ئەو تفە فڕێ بدات یان لەبەر زۆری یان لەبەر ئەوەی لەناو مزگەوتدایە حوكمی قوت دانی ئەو تفە چیە؟

و دروست نیە ئەو تفە قوت بدات كە سیواكەكە تامی تێكراوە، بەڵكو پێویستە لەسەری سیواكەكەی بشوات وپاكی بكاتەوە لەو تامە پاشان بەكاری بهێنێت، یاخود سەرەتای بەكارهێنانەكەی بەشەو بێت تا تامەكەی نامێنێت پاشان كە تامی نەما بە ڕۆژ بەكاری بهێنێت، وە ئەگەر نەیتوانی ئەوا دەبێت ئەو تفەی كە تامی سیواكەكەی تێدایە فڕێی بدات، وە ئەگەر لە مزگەوت بوو ئەوا ئێستا دەستەسڕ زۆرە دەتوانێت تفەكەی تێ بكات، وە ئەگەر نەیتوانی، یاخود زۆربوو ئەوا با بەڕۆژ سیواك نەكات چونكە سیواك كردن واجب نیە[٧٢]

كردنی هەندێك لە ڕۆژو بەتاڵ كەرەوەكان بە نەزانی :

پ٣٣ هەندێك لە ڕۆژوو بەتاڵ كەرەوەكانم كردووە ونەمزانیوە كە ڕۆژوو بەتاڵ دەكەنەوە، وە چەند ڕۆژێكی زۆر كردوومەو ئێستا ژمارەی ڕۆژەكان نازانم ئایا چیم لەسەرەو چی بكەم؟

و هیچ شتێكت لەسەر نیە: نەگێڕانەوەی ڕۆژوو، نە تاوان چونكە نەتزانیوە كە ئەو شتانە ڕۆژوو بەتاڵ دەكەنەوە[٧٣].

٧٢- (اللقاء الشهري، رقم: ٨، ص٥٧-٥٨).

٧٣- (اللقاء الشهري، رقم: ٨، ص٥٨).

قه‌زا نه‌كردنه‌وه‌ی ڕۆژوو بۆ ماوه‌ی سی ساڵ:

پ٣٤ ئافره‌تێك له ڕه‌مه‌زاندا كه تووشی(حه‌یز) بوه ڕۆژووی شكاندووه به‌ڵام له‌پاش ڕه‌مه‌زان قه‌زای نه‌كردۆته‌وه، وه سی ساڵه به‌م شێوه‌یه‌یه چی له‌سه‌ره؟

و ئه‌گه‌ر ئه‌و ئافره‌ته له شوێنێكی دوور له زانایان و فێرخوازانی زانستی شه‌رعی بێت وه‌كو ئه‌وه‌ی له ده‌شتێكی دوور ژیابێت و حوكمی ئه‌و شته‌ی نه‌زانیبێت، ئه‌وا قه‌زا كردنه‌وه‌ی له‌سه‌ر نی‌یه، چونكه عوزری هه‌یه به‌ڵام ئه‌گه‌ر كه‌مته‌رخه‌م بووبێت به‌وه‌ی كه له شارێكدا ژیابێت كه زانای تێدا بووه، ئه‌وا ئه‌و حوكمه نادیار نابێت ئیلا له لای كه‌سێكی كه‌مته‌رخه‌م وبێ بایه‌خ وپشت گوێ خه‌ر نه‌بێت، ئه‌گه‌ر وابوو ئه‌وا پێویسته قه‌زای ئه‌و ڕۆژانه بكاته‌وه كه تێیدا به ڕۆژوو نه‌بووه، وه ئه‌گه‌ر گومانی هه‌بوو ئه‌وا كار به دڵنیای ده‌كات كه كه‌مه‌كه‌یه، بۆ نمونه ئه‌گه‌ر گومانی هه‌یه كه سێ ساڵه یاخود دوو ئه‌و دوو ساڵه‌كه ده‌ژمێردرێت، وه ئه‌گه‌ر گومانی هه‌بوو چوار ساڵه یاخود سێ ساڵه ئه‌وا سێ ساڵه‌كه ده‌ژمێردرێت و به‌م شێوه‌یه[٧٤].

به ڕۆژوو نه‌بوون به هۆی سه‌فه‌ر كردن به فڕۆكه:

پ٣٥ زانای پایه‌به‌رز باسی ئه‌وه‌تان كرد كه دروسته مرۆڤـ به‌ڕۆژوو نه‌بێت له‌ڕه‌مه‌زاندا به‌هۆی سه‌فه‌ركردنی هه‌رچه‌نده به فڕۆكه بێت یاخود ئۆتۆمبێلێك كه فێنك كه‌ره‌وه‌ی تێدا بێت، ئه‌گه‌ر كه‌سێك بڵێت به‌ڵگه‌ت چی‌یه له‌سه‌ر ئه‌م شته له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كه ئه‌م شتانه له‌سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ردا (صلی الله علیه وسلم) نه‌بووه ئایا بنچینه‌ی قیاس له هاوشێوه‌ی ئه‌م شتانه چی‌یه؟

و لێره‌دا هیچ قیاس نی‌یه، چونكه ئه‌وانه‌ی كه سه‌فه‌ر ده‌كه‌ن به ئۆتۆمبێل بێت یان فڕۆكه ڕێبوارن و وولاتی خۆیان به‌جێ هێشتووه كه ئه‌مه‌یش سه‌فه‌ره، به‌ڵام سه‌باره‌ت به ئۆتۆمبێل و فڕۆكه ئه‌وا

٧٤-(اللقاء الشهري، رقم: ٨، ص٥٨-٥٩).

خوای گه‌وره له قورئانی پیرۆزدا باسی كردووه كه ده‌فه‌رمێت: ﴿وَجَعَلَ لَكُمْ مِنَ الْفُلْكِ وَالْأَنْعَامِ مَا تَرْكَبُونَ﴾ [الزخرف: ١٢].

واته: خوای گه‌وره كه‌شتی وئاژه‌ڵی بۆ ژێربار وئاسان كردون بۆ سوار بوونیان.

وه ئه‌گه‌ر له‌سه‌رده‌می هاتنه خواره‌وه‌ی قورئاندا هه‌ر كه‌شتی ئاو زانرابێت ئه‌وا له پاش سه‌رده‌می هاتنه خواره‌وه‌ی قورئان كه‌شتی وشكانی زانرا، وه كه‌شتی ئاسمانی زانرا، وه(ال) له(الفلك) یاخود بۆ جنسه یاخود بۆ گشتێتی‌یه، وه خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێت:

﴿وَالْخَيْلَ وَالْبِغَالَ وَالْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ [النحل: ٨]. واته: خوای گه‌وره ماین و ئه‌سپ و گوێدرێژی بۆ دروست كردوون بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ندێكیان بۆ سواری وهه‌ندێكیان بۆ جوانی به‌كار بهێنن، وه خوای گه‌وره شتی وا دروست ده‌كات ئێوه نایزانن.

كه‌واته ئۆتۆمبێل و گوێدرێژو كه‌شتی و وشتر هه‌موو هۆكاری سه‌فه‌ر كردنن، وه عیبره‌ت به مه‌به‌سته‌كه‌یه كه سه‌فه‌ر كردنه‌كه‌یه، وه له‌م بابه‌ته‌دا قیاس نی‌یه چونكه ده‌ق ده‌یگرێته‌وه به بێ قیاس[٧٥].

ماوه‌ی خه‌تم كردنی قورئان:

پ٣٦ ئه‌و ماوه‌یه‌مان بۆ دیاری بكه‌ن كه قورئانی تێدا خه‌تم بكرێت، وه ئه‌وه‌ی كه پێغه‌مبه‌رو هاوه‌ڵه به‌رێزه‌كانی كردوویانه؟

و كه‌مترین ماوه كه قورئانی تێدا خه‌تم بكرێت سێ رۆژه، هه‌رچه‌نده هه‌یه له شوێن كه‌وتوان (التابعين) كه قورئانیان خه‌تم كردووه له شه‌و و رۆژێكدا به تایبه‌تی له ره‌مه‌زاندا، به‌ڵام چاكتر وایه كه خه‌تم بكرێت له سێ رۆژدا، وه ئه‌گه‌ر له پێنج رۆژ یاخود شه‌ش رۆژیشدا خه‌تمی كرد ئه‌وا هه‌ر

٧٥- (اللقاء الشهري، رقم: ٨، ص٦٢-٦٣).

ئاساییە، وە ئەگەر لە مانگێكدا جارێك یاخود دووجار خەتمی كرد ئەوا ئاساییەو شتەكە فراوانە، گرنگ ئەوەیە كە ڕەمەزان تایبەتمەندێتی هەبێت لە قورئان خوێندندا[٧٦].

ئاشكرا كردنی بەڕۆژوو نەبوون لەسەفەردا :

پ٣٧ ئایا دەتوانم بەڕۆژوو نەبوونم لەسەفەردا ئاشكرا بكەم تا بۆ خەڵكی ڕوونی بكەمەوە كە ڕێگەی پێدراوە ؟

و بەڵێ، تۆ پاداشتت هەیە لەسەر ئەم كارەت، ئەگەر بەڕۆژوو نەبوونت ئاشكرا كرد بۆ خەڵكی لەسەفەردا[٧٧].

بەكارهێنانی حەبی ڕاگرتنی خوێنی بێ نوێژی(حیض) بۆ پێویستی :

پ٣٨ ئەگەر ئافرەت خوێنی بێ نوێژی بكەوێتە دە ڕۆژی كۆتایی ڕەمەزان، ئایا دەتوانێت حەبی ڕاگرتنی خوێنی بێ نوێژی بەكاربهێنێت بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لەسەر گوێڕایەڵی خوای گەورەو لەو دە ڕۆژەدا بەردەوام بێت لەسەر پەرستن؟

و نابینین كە دروست بێت ئەو حەبانە بەكاربهێنێت بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لەسەر گوێڕایەڵی خوای گەورە، چونكە بێ نوێژی شتێكە خوای گەورە لەسەر كچانی ئادەمی نوسیوە، وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، چوو بۆ لای عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) كە لە حەجی ماڵئاوایدا لەگەڵیدا بوو، وە لە ئیحرامی عومرەدا بوو تووشی بێ نوێژی ببوو پێش ئەوەی بگاتە مەككە، بینی دەگریا پێی فەرموو: چی دەتگرێنێت؟ ئەویش پێی ڕاگەیاند كە توشی بێ نوێژی بووە، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ﴿إنَّ هذا شَيءٌ كَتَبَهُ اللهُ على بَناتِ آدم﴾[٧٨].

٧٦-(اللقاء الشهري، رقم: ٨، ص٧٥).

٧٧- (اللقاء الشهري، رقم: ٨، ص٨٨).

٧٨- (صحيح سنن أبي داود: ١٧٨٢).

واتە: ئەمە شتێكە خوای گەورە لەسەر كچانی ئادەمی نوسیوە.

بۆیە بێ نوێژی لە خۆیەوە نییە ئەگەر لە دە ڕۆژی كۆتایی ڕەمەزاندا هات با ڕازی بێت بەوەی كە خوای گەورە لەسەری نوسیوێتی، و ئەو حەبانەیش بەكارنەهێنێت، وە لە پزیشكی باوەڕ پێكراوەوە پێم ڕاگەیەنراوە كە ئەم حەبانە زیان بە ڕەحمو خوێن دەگەیەنێت، وە لەوانەیە هۆكارێك بێت بۆ تێكچونی شێوەی كۆرپە ئەگەر منداڵی ببێت، بۆیە وا دەبینین خۆی لێ دوور بخاتەوەو سوپاسی خوای گەورە بكات كە توشی بێ نوێژی دەبێت و واز لە نوێژو ڕۆژوو دێنێت، چونكە ئەمە بە قەزاو قەدەری خوای گەورەیە نەك بە دەستی خۆی[79].

ڕۆژوو شكاندنی ڕێبوار لەسەفەردا:

پ٣٩ ئایا دروستە ڕێبوار ئەگەر گەیشتەوە شارەكەی خۆی بەردەوام بێت لە بەڕۆژوو نەبوون هەرچەندە ئەم شتە زەحمەتیش بێت لە سەری؟ وە ئایا پاداشتی ڕێبواری ڕۆژووەوان چەند جارێكە لەگەڵ ئەوەی ئێستا هەموو هۆكارێك ئاسانە؟

و ئەگەر مرۆڤ بگاتە ئەو شارەی كە بۆی چووەو بە ڕۆژوو بێت ئاساییە ئەگەر ڕۆژووەكەی بشكێنێت، چونكە ڕۆژووەوان لەسەفەردا هەڵبژاردن بە ویستی خۆیەتی، ئەگەر وویستی لێ بێت بەردەوام دەبێت لە بەڕۆژوو بوون، وە ئەگەر ویستیشی لێ بێت ڕۆژووەكەی دەشكێنێت، بەڵام ئەگەر بگاتەوە شارەكەی خۆی وبەڕۆژوو بێت ئەوا پێویستە لەسەری بەردەوام بێت لەسەر بەڕۆژوو بوونەكەی، وە حەڵاڵ نییە بۆی ڕۆژووەكەی بشكێنێت، بەڵام ئەگەر بگاتەوە شارەكەی خۆی و لەسەفەردا ڕۆژووەكەی شكاند بێت ئەوا پێویست نییە لەسەری خۆی بگرێتەوە لە خواردن وخواردنەوە، چونكە ئەم خۆگرتنەوەیە هیچ سودێكی پێ ناگەیەنێت كە ئەم سەرەتای ڕۆژ ڕۆژووەكەی شكاندووە، وەئەمە پێی ناوترێت ڕۆژوو وە بۆی هەیە بخوات و بخواتەوە تا خۆر ئاوا

٧٩- (اللقاء الشهري، رقم: ٨، ص٩٠-٩١).

بوون، به‌ڵام ئه‌گه‌ر له‌وه‌ ترسا خه‌ڵكی تۆمه‌ت باری بكه‌ن به‌وه‌ی كه‌ به‌ ڕۆژو نابێت و هاوشێوه‌ی ئه‌مانه‌ ئه‌وا ده‌بێت به‌ نهێنی بخوات و بخواته‌وه‌و كه‌س نه‌یبینێت[٨٠].

له‌به‌ر كردنی جل وبه‌رگێك كه‌ وێنه‌ی تێدا بێت:

پ٤٠ حوكمی له‌به‌ركردنی ئه‌و جل وبه‌رگانه‌ چی‌یه‌ كه‌ وێنه‌ی تێدایه‌؟

و له‌به‌ر كردنی ئه‌و جل وبه‌رگانه‌ی كه‌ وێنه‌ی تێدایه‌ دروست نی‌یه‌، ئیتر ئایا جل وبه‌رگی منداڵان بێت یان گه‌وره‌، هه‌روه‌ها هێشتنه‌وه‌ی وێنه‌ بۆ یادگاری یاخود جگه‌ له‌ یادگاری دروست نی‌یه‌ ، مه‌گه‌ر وا بخوازێت وه‌كو وێنه‌ی مامه‌ڵه‌، وه‌هه‌ر كه‌سێك وا گومانی بردبێت كه‌ من فه‌تواى ئه‌وه‌م داوه‌ كه‌ وێنه‌ی حه‌رام ته‌نها خاوه‌ن لاشه‌یه‌ ئه‌وا درۆی بۆمان هه‌ڵبه‌ستووه‌.......

چونكه‌ پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) فه‌رموویه‌تی: ﴿إِنَّ الملائِكَةَ لا تَدْخُلُ بَيْتاً فيهِ صُورَةٌ﴾[٨١]. واته‌: فریشته‌ی ره‌حمه‌ت ناچێته‌ هیچماڵێكه‌وه‌ كه‌ وێنه‌ی تێدا بێت.

بۆیه‌ رێگه‌ ناده‌ین به‌كه‌س وێنه‌ بهێڵێته‌وه‌ بۆ یادگاری هه‌روه‌كو ده‌ڵێن، وه‌هه‌ركه‌سێك وێنه‌ی هێشتۆته‌وه‌ وهه‌ڵگرتووه‌ بۆ یادگاری ئه‌وا پێویسته‌ له‌سه‌ری بیدڕێنێت وله‌ناوی به‌رێت، ئیتر جیاوازی نی‌یه‌ ئایا هه‌ڵیواسیوه‌ به‌ دیواره‌وه‌، یاخود خستویه‌تی‌یه‌ ناو ئه‌لبوومه‌وه‌، یاخود جگه‌ له‌مانه‌، چونكه‌ هێشتنه‌وه‌ی وێنه‌ خه‌ڵكی ئه‌و ماڵه‌ بێ به‌ش ده‌كات له‌ چونه‌ ژووره‌وه‌ی فریشته‌ی ره‌حمه‌ت[٨٢].

٨٠- (اللقاء الشهري، رقم: ٨، ص٨٥).

٨١- (صحيح الجامع الصغير: ٧٢٦١).

٨٢- (المسائل الميسرة في زينة المرأة المسلمة: ص٤٢).

فیكه لێدان وچه پڵه لێدان:

پ٤١ حوكمی فیكه لێدان وچه‌پڵه لێدان چی‌یه؟

و دەركەوتووه كه ئەمانه لەجگه له موسڵمانانەوه وەرگیراوه، بۆیه نابێت موسڵمانان بەكاری بهێنن، وه ئەگەر به شتێكیش سەرسام بوون ئەوا با الله أكبر یاخود سبحان الله بكەن، هەروەها نابێت الله أكبر (تەكبیر كردن) بەكۆمەڵ بێت، هەروەكو هەندێك له خەڵكی دەیكەن، بەڵكو مرۆڤ له نێوان خۆی ونەفسیدا سبحان الله دەكات، بەڵام تەكبیر كردن به كۆمەڵ و سبحان الله كردنی به كۆمەڵ كاتێك كه شتێكی سەرسوڕهێنەر دەبێت ئەوا نازانم هیچ بنچینەیەكی هەبێت[٨٣].

له پێ كردنی پانتۆڵ بۆ ئافرەتان:

پ٤٢ حوكمی لەپێ كردنی پانتۆڵ چی‌یه بۆ ئافرەتان ؟

و پانتۆڵ قەبارەی قاچ وسك وپەراسو ومەمكی ئافرەت دەردەخات، بۆیه ئەو ئافرەتەی پانتۆڵ لەپێ دەكات ئەم فەرموودە صەحیحه دەیگرێتەوه كه پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت:

﴿صِنْفانِ مِنْ أهْلِ النَّارِ لم أرَهُما.....ونِساءٌ كاسِياتٌ عارِياتٌ مُمِيلاتٌ مائِلاتٌ رؤوسُهُنَّ كأسْنِمَةِ البُخْتِ المائِلةِ، لا يَدْخُلْنَ الجنةَ ولا يَجِدْنَ رِيحَهَا، وإنَّ رِيحَها لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذا وَكَذا﴾[٨٤].

واته: دوو كۆمەڵ هەن ئەهلی دۆزەخن وهێشتا من نەمبینیون......وه ئافرەتانی پۆشتەی رووت سەرەنجی پیاوان رادەكێشن بەلای خۆیاندا وبەلارولەنجەوه دەڕۆن به رێدا، قژەكانیان لەبان سەریان بەستووه وەكو بان پشتی وشتر بەرزیان كردۆتەوه، ئەمانه بەهۆی ئەم كردەوەیانەوه ناچنه بەهەشتەوه، وه بۆنی بەهەشتیش ناكەن، هەرچەنده بۆنی بەهەشت دەكرێت لەدووری ئەوەندەو دەوەندەوه.

٨٣- (المسائل الميسرة في زينة المرأة المسلمة: ص٨١).

٨٤- (صحيح الجامع الصغير: ٣٧٩٩).

بۆیه ئامۆژگاریم بۆ ئافره‌تانی باوه‌ڕدار ئه‌وه‌یه كه له خوای گه‌وره بترسن وسوربن له‌سه‌ر جل وبه‌رگی ئیسلامی داپۆشه‌ر، وه پاره‌ی خۆیان به فیڕۆ نه‌ده‌ن له كڕینی ئه‌م جل وبه‌رگانه‌دا. والله الموفق.

وه پرسیاركرا له‌پایه‌به‌رزیان: به‌ڵگه‌ی ئه‌و ئافره‌تانه‌ی كه پانتۆڵ ده‌كه‌ن ئه‌وه‌یه ده‌ڵێن: پانتۆڵ فراوانه‌و ته‌سك نی‌یه وداپۆشه‌ره؟

فه‌رمووی: ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر پانتۆڵه‌كه فراوانیش بێت، چونكه جیاكردنه‌وه‌ی قاچێكی له قاچه‌كه‌ی تری شتێكه له دانه‌پۆشراوی، پاشان له‌وه ده‌ترسین كه له خۆ چواندنی ئافره‌تان بێت به پیاوان، چونكه پانتۆڵ جل وبه‌رگی پیاوانه، وه‌پێغه‌مبه‌ریش (صلی الله علیه وسلم) نه‌فره‌تی له‌و ئافره‌تانه كردووه كه خۆیان ده‌چوێنن به پیاوان[85].

بڕینی قژی ئافره‌ت تا ناو شانی بۆجوانی، وبه‌كارهێنانی ئامێره‌كانی جوانكاری بۆ مێرد:

پ٤٣ حوكمی بڕینی قژی ئافره‌ت چی‌یه تا ناو شانی بۆجوانی، ئیتر ئایا شوی كردبێت یان نا؟ وه‌حوكمی به‌كارهێنانی ئامێره‌كانی جوانكاری زانراو چی‌یه بۆ خۆجوان كردن بۆ مێرد؟

و بڕینی قژی ئافره‌ت یاخود به‌شێوه‌یه‌كه كه له قژی پیاوان بچێت، ئه‌مه حه‌رامه‌و له‌تاوانه گه‌وره‌كانه، چونكه پێغه‌مبه‌ر(صلی الله علیه وسلم) نه‌فره‌تی له‌و ئافره‌تانه كردووه كه خۆیان ده‌چوێنن به پیاوان، یاخود به‌شێوه‌یه‌كه ناگاته خۆچواندن به پیاوان، ئه‌مه‌یان زانایان بۆچونیان جیاوازه‌و سێ بۆچونیان هه‌یه:

بۆچونی یه‌كه‌م: ده‌ڵێن: دروسته.

بۆچونی دووه‌م: ده‌ڵێن: حه‌رامه.

بۆچونی سێیه‌م: ده‌ڵێن: مه‌كروهه.

٨٥- (المسائل الميسرة في زينة المرأة المسلمة: ص٩٨-٩٩)

ئەوەی کە بڵاو بێت لە مەزهەبی ئیمامی ئەحمەد ئەوەیە کە مەکروهە، لە راستیدا نابێت ئێمە هەرچی داب ونەریتێك کە لە جگە لە خۆمانەوە بۆمان هات وەری بگرین، ئیمە پێش سەردەمێکی نزیك دەمان بینی ئافرەتان شانازىیان دەکرد بە قژ درێژی وزۆری قژیان، چىیانە ئێستا ئەم کارە دەکەن کە لە وولاتانی ترەوە بۆمان هاتووە، وەمن بەرهەڵستی هەموو شتێکی تازە ناکەم، بەڵام بەرهەڵستی هەموو شتێك دەکەم کە کۆمەڵگا بگۆڕێت بۆ داب ونەریتێك کە لە جگە لە موسڵمانانەوە هاتبێت.

وەبەکارهێنانی ئامێرەکانی خۆجوان کردن وەکو سوراو ئاساییە و هیچی تێدا نییە، هەروەها سورکردنی روومەت بەتایبەتی بۆئافرەتێك کە شووی کردبێت (بەڵام ئەگەر زیانی هەبێت ئەوا قەدەغە دەکرێت لەبەر زیانەکەی).

بەڵام ئەو خۆجوان کردنەی کە هەندێك لە ئافرەتان دەیکەن بە برۆهەڵگرتن، ئیتر هەڵکێشانی بێت یاخود باریك کردنەوەی ئەوا حەرامە، چونکە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە برۆ هەڵدەگرن، وەلەو ئافرەتانەیش کە بۆیان هەڵدەگرن، هەروەهاددان شاش کردنی ئافرەتان بۆ جوانی حەرامەو نەفرەتی لێ کراوە[٨٦].

پاك بوونەوەی ئافرەت لەبێ نوێژی (الحيض) وبەرۆژووبوونی:

پ٤٤ ئەگەر ئافرەت پاك بووەوە لە بێ نوێژی وغوسڵی دەرکرد پاش نوێژی بەیانی ونوێژی کرد وبەرۆژوو بوو، ئایا پێویستە لەسەری ئەو رۆژە بگێرێتەوە؟

و ئەگەر ئافرەت لەبێ نوێژی پاك بووەوە پێش دەرکەوتنی فەجر ئەگەر بەتەنها یەك دەقیقەیش بێت بەڵام دڵنیا بێت کە پاك بۆتەوە، ئەگەر لە رەمەزاندا بێت ئەوا پێویستە لەسەری بەرۆژوو بێت، وەرۆژوو گرتنەکەی لەو رۆژەدا تەواوە وپێویست ناکات قەزای بکاتەوە، چونکە بە پاکی بەرۆژوو

٨٦-(المسائل الميسرة في زينة المرأة المسلمة: ص٩٩).

بووه هه‌رچه‌نده ئه‌گه‌ر غوسڵ ده‌رنه‌كات تا پاش ده‌ركه‌وتنی فه‌جر ئه‌وا ئاسایی‌یه‌و هیچ شتێكی تێدا نی‌یه، هه‌روه‌كو چۆن ئه‌گه‌ر پیاو له‌شی گران بێت به‌هۆی كۆبوونه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ خێزانی، یاخود خه‌وبینینی (إحتلام) بوونی، ئه‌وا ئه‌گه‌ر پاششێو بكات وغوسڵ ده‌رنه‌كات ئیللا پاش ده‌ركه‌وتنی فه‌جر نه‌بێت ئه‌وا رۆژووه‌كه‌ی ته‌واوه.

وه به‌م بۆنه‌یه‌وه ده‌مه‌وێت شتێكی تر روون بكه‌مه‌وه له‌لای ئافره‌تان ئه‌ویش ئه‌وه‌یه ئه‌گه‌ر توشی بێ نوێژی بوون له‌پاش رۆژوو شكاندنیان پێش ئه‌وه‌ی نوێژی شێوان (عیشاء) بكه‌ن وا ده‌زانن رۆژووی ئه‌و رۆژه‌یان به‌تاڵ بۆته‌وه، كه ئه‌مه‌یش هیچ بنچینه‌یه‌كی نی‌یه ئه‌گه‌ر له‌پاش خۆرئاوا بوون توشی بێ نوێژی بوون ئه‌گه‌ر به‌یه‌ك ده‌قیقه‌یش بێت ئه‌وا رۆژوو گرتنه‌كه‌یان ته‌واوه[٨٧].

پاك بونه‌وه‌ی ئافره‌تی زه‌یستان (النفساء) پێش چله‌ی:

پ٤٥ ئایا نوێژو رۆژوو پێویسته له‌سه‌ر ئافره‌تی زه‌یستان ئه‌گه‌ر پاك بووه‌وه پێش چله‌ی؟

و به‌ڵێ.. هه‌ركاتێك ئافره‌تی زه‌یستان پێش چله‌ی پاك بووه‌وه ئه‌وا پێویسته له‌سه‌ری نوێژ بكات، وه‌به‌رۆژوو بێت ئه‌گه‌ر له ره‌مه‌زاندا بێت، وه دروسته كۆ ببێته‌وه له‌گه‌ڵ مێرده‌كه‌ی، چونكه پاكه‌و هیچ شتێك نی‌یه قه‌ده‌غه‌ی نوێژ ورۆژوو كۆبوونه‌وه‌ی لێ بكات[٨٨].

بینینی خوێنی بێ‌نوێژی رۆژێك ونه‌مانی بۆ رۆژی داهاتوو:

پ٤٦ ئه‌گه‌ر ئافره‌ت له‌كاتی بێ نوێژی رۆژێك خوێنی بینی ورۆژی پاش تر نه‌یبینی...پێویسته له‌سه‌ری چی بكات؟

و ئه‌وه‌ی ئاشكرا بێت ئه‌وه‌یه كه ئه‌م پاكێتی‌یه یاخود وشكی‌یه كه روویداوه له رۆژانی بێ نوێژیدا به‌بێ نوێژی ده‌ژمێردرێت وحسابی پاكێتی بۆ ناكرێت، بۆیه ده‌بێت خۆی بگرێته‌وه له‌و شتانه‌ی كه

٨٧- (رسالة في الدماء الطبيعية للنساء: ص٦٥-٦٦).

٨٨- (رسالة في الدماء الطبيعية للنساء: ص٦٦).

ئافرەتان لەبێ نوێژیدا خۆیانی لێ دەگرنەوە، وەهەندێك له زانایان دەفەرموون: هەركاتێك رۆژێك خوێنی بینی ورۆژێك پاك بووەوە، ئەوا خوێنەكە خوێنی بێ نوێژیە وپاكێتی‌یەكەیش پاك بوونەوەیە هەتا دەگاتە پانزە رۆژ، لەپاش پانزە رۆژەكە ئەو كاتە خوێنەكە حسابی نەزیفی (إستحاضة)ی بۆ دەكرێت، وەئەمە بەناوبانگە له مەزهەبی ئیمامی ئەحمەدی كوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت)[89].

حوكمی فرۆشتنی ئەڵقەی ئاڵتون بۆ پیاوان:

پ٤٧ حوكمی فرۆشتنی ئەڵقەی ئاڵتون بۆ پیاوان چی‌یە ئەگەر زەرەنگەرەكە دڵنیا بێت لەوەی كە كڕیارە پیاوەكە لەدەستی دەكات؟

و فرۆشتنی ئاڵتون بۆ پیاوان حەرامە ئەگەر فرۆشیارەكە بزانێت كە كڕیارە پیاوەكە له دەستی دەكات، یاخود گومانی زاڵ بوو بەسەر ئەوەی كە له دەستی دەكات، چونكە ئاڵتون حەرامە بۆ پیاوانی ئەم ئوممەتە، ئەگەر بیفرۆشێت بە پیاوێك كە بزانێت لەدەستی دەكات، یاخود گومانی زاڵ بوو بەسەر ئەوەی كە خۆی له دەستی دەكات ئەوا یارمەتی داوە لەسەر تاوان كردن كە خوای گەورە قەدەغەی كردووە كە دەفەرمێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ [المائدة: ٢].

واتە: ئێوە هاوكاری یەكتری بكەن لەسەر چاكەو له خواترسان وخۆپارێزی لەتاوان، وە هاوكاری یەكتری مەكەن لەسەر تاوان و دوژمنكاری یەكتری.

وە زەرەنگەریش حەلاڵ نی‌یە بۆی ئەڵقەی ئاڵتون دروست بكات بۆ ئەوەی پیاوان له دەستی بكەن[90].

٨٩- (رسالة في الدماء الطبيعية للنساء: ص٦٨-٦٩).

٩٠- (فقه وفتاوى البيوع: ص١٤٢).

فرۆشتنی ئاڵتون به‌ پاره‌ نابێت تا هه‌موو پاره‌كه‌ وه‌رنه‌گرێت:

پ٤٨ حوكمی فرۆشتنی ئاڵتون چی‌یه‌ به‌قه‌رز؟ وه‌ ئه‌گه‌ر بۆ خزم بێت له‌وه‌ ده‌ترسم كه‌ په‌یوه‌ندی خزمایه‌تیم له‌گه‌ڵ ببچڕێنێت ئه‌گه‌ر به‌ قه‌رز نه‌یده‌مێ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كه‌ دڵنیام له‌وه‌ی كه‌ له‌ داهاتودا پاره‌كه‌م ده‌داتێ؟

و پێویسته‌ یاسای گشتی بزانیت كه‌ فرۆشتنی ئاڵتون به‌ پاره‌ دروست نی‌یه‌ ئیللا ده‌بێت پاره‌كه‌ ته‌واو وه‌ربگریت، وه‌ جیاوازی نی‌یه‌ له‌ نێوان نزیك ودوور (خزم و بێگانه‌) چونكه‌ نابێت خۆشه‌ویستی بكرێت له‌سه‌ر حسابی دینی خوای گه‌وره‌ بۆ هیچ كه‌سێك، وه‌ئه‌گه‌ر خزمه‌كه‌ت لێت توڕه‌ بوو به‌هۆی گوێڕایه‌ڵی كردنت بۆ خوای گه‌وره‌ با توڕه‌ بێت ئه‌وا ئه‌و سته‌مكاری تاوانباره‌ كه‌ ده‌یه‌وێت تۆ توشی تاوان و سه‌رپێچی كردنی فه‌رمانی خوای گه‌وره‌ بكات، وه‌ تۆ له‌ راستیدا چاكه‌ت له‌گه‌ڵیدا كردووه‌ كاتێك كه‌ قه‌ده‌غه‌ت كردووه‌ له‌وه‌ی كه‌ مامه‌ڵه‌یه‌كی حه‌رامت له‌گه‌ڵدا بكات، وه‌ ئه‌گه‌ر لێت توڕه‌ بوو یاخود په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵتدا بڕی ئه‌وا ئه‌و تاوانباره‌ و تۆ هیچ تاوانێكت له‌سه‌ر نی‌یه‌[(٩١)].

حوكمی فرۆشتنی ئه‌و ئاڵتونه‌ی كه‌ ره‌سم و وێنه‌ی تێدایه‌:

پ٤٩ حوكمی فرۆشتنی ئه‌و ئاڵتونه‌ چی‌یه‌ كه‌ ره‌سم و وێنه‌ی تێدایه‌ وه‌كو په‌پوله‌و سه‌ری مار وهاوشێوه‌ی ئه‌مانه‌؟

و خشڵی زێڕو زیو كه‌له‌سه‌ر شێوه‌و وێنه‌ی ئاژه‌ڵ دروست كرابێت ئه‌وا كڕین وفرۆشتنی حه‌رامه‌، وه‌خۆڕازاندنه‌وه‌و له‌ده‌ست كردن وهه‌ڵگرتنی حه‌رامه‌، چونكه‌ پێویسته‌ له‌سه‌ر موسڵمان وێنه‌ بشكێنێت وله‌ناوی به‌رێت ونه‌یهێڵێت، هه‌روه‌كو چۆن له‌ صه‌حیحی موسلیمدا هاتووه‌ كه‌ ئیمامی

٩١- (فقه وفتاوى البيوع: ص١٤٦).

عەلی(خوای لێ ڕازی بێت) بە أبو هياج الأسدي دەفەرمێت: (ألا أبْعَثُكَ على ما بَعَثَنِي عليه رسولُ اللهِ: ألا تَدعَ صُورَةً إلا طَمَسْتَهَا، ولا قَبْراً مُشْرفاً إلا سَوَّيْتَهُ)[٩٢].

واته: ئایا نەتنێرم بۆ شتێك كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) منی بۆ ناردووه: ئەویش ئەوەیە هیچ وێنەیەك نەهێلیت ئیللا لەناوی بەریت، وە هیچ گۆڕێكی بەرز نەهێلیت ئیللا تەختی بكەیت. وە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (إنَّ الملائِكَةَ لا تَدْخُلُ بَيْتاً فِيه صُورَة)[٩٣].

واته: فریشتەی ڕەحمەت ناچنە هیچ ماڵێكەوە كە وێنەی تێدا بێت. بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان خۆیان دور بگرن لەبەكارهێنانی ئەم جۆرە خشڵەو كڕین وفرۆشتنی[٩٤].

دەرچوونی ئافرەت بۆ بازاڕ بەبێ مەحرەم:

پ٥٠ ئایا دەرچوونی ئافرەت بۆ بازاڕ بەبێ مەحرەم دروستە یان نا؟ وەچ كاتێك دروستەو چ كاتێك حەرامە؟

و دەرچوونی ئافرەت بۆ بازاڕ لە بنچینەدا دروستە، وەبە مەرج نەگیراوە كە مەحرەمی لەگەڵدا بێت، مەگەر لە فیتنە بترسێت، ئەگەر وابوو ئەوا پێویستە لەسەری بەبێ مەحرەمێك دەرنەچێت كە بیپارێزێت، وە بۆ دەرچوونی بۆ بازاڕ مەرجە كە بە داپۆشراوی دەرچێت و جوانی خۆی دەرنەخات، وە بۆن لە خۆی نەدات، ئەگەر لەكاتی دەرچوونیدا جوانی خۆی دەرخست، یاخود بۆنی لە خۆی دا ئەوا حەلاڵ نی یە بۆی دەرچێت لەماڵ، چونكە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت:

﴿ لا تَمْنَعُوا إماءَ اللهِ مَساجِدَ اللهِ، وَلْيَخْرُجْنَ تَفِلات﴾[٩٥].

٩٢- (مسلم، كتاب الجنائز، باب الأمر بتسوية القبر: ٩٦٩).

٩٣- (صحيح الجامع الصغير: ٧٢٦١).

٩٤- (فقه وفتاوى البيوع، ص:١٤٧).

٩٥- (رواه أحمد وأبوداود) ،وصححه الشيخ الألباني في (الإرواء) (٥١٥) و(صحيح أبي داود) (٥٢٩).

واته: قه‌ده‌غه‌ی ئافره‌تانی به‌نده‌ی خوا مه‌كه‌ن له‌ چونیان بۆ مزگه‌وت، به‌ڵام كه‌ ده‌رچون با به‌بێ بۆن دان له‌ خۆیان ده‌رچن، وه‌ جوانی خۆیان ده‌رنه‌خه‌ن.

چونكه‌ به‌ ده‌رچونیان به‌ بۆن له‌ خۆدان ودەرخستنی جوانی فیتنه‌ی تێدایه‌ بۆخۆیان وجگه‌ له‌ خۆیان، وه‌ ئه‌گه‌ر ئه‌مین بوون له‌ فیتنه‌ وله‌سه‌ر شێوازی داواكراو لێیان ده‌رچون به‌بێ بۆن له‌ خۆدان ودەرخستنی جوانی ورووتی ئه‌وا له‌ده‌رچونه‌كه‌یاندا هیچ شتێكی تێدا نی‌یه‌، وه‌ ئافره‌تان له‌سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ردا (صلى الله عليه وسلم)، ده‌رده‌چون بۆ بازاڕ به‌بێ مه‌حره‌م[٩٦].

تەواو بوم له‌ وه‌رگێڕانی ئه‌م په‌رتوكه‌ به‌سوده‌

له‌ رۆژی شه‌ممه‌

به‌رواری ٢٥ی رجب ١٤٢٧ك

به‌رامبه‌ر١٩/٨/٢٠٠٦ز

والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات

٩٦- (أسئلة مهمة أجاب عليها فضيلة الشيخ محمد بن صالح العثيمين: ص١٥-١٦).

سەرچاوەكان

١- إجابات مفيدة وتوجيهات سديدة من كلام فضيلة الشيخ:محمد بن صالح العثيمين(رحمه الله)تأليف:محمد الناصر العريني.

٢- أسئلة مهمة أجاب عنها فضيلة الشيخ: محمد بن صالح العثيمين(رحمه الله)، دار الوطن للنشر.

٣- رسالة في الدماء الطبيعية للنساء، تأليف فضيلة الشيخ: محمد بن صالح العثيمين(رحمه الله)،

٤- فتاوى مهمة لعموم الأمة، سماحة الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله ابن باز(رحمه الله)، وفضيلة الشيخ: محمد بن صالح العثيمين(رحمه الله)، جمع وأعداد: إبراهيم بن عثمان الفارسي.

٥- فتاوى وأذكار لإتحاف الأخيار، سماحة الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله ابن باز (رحمه الله)، وفضيلة الشيخ: محمد بن صالح العثيمين(رحمه الله) جمع وترتيب محمد الناصر العريني.

٦- فتاوى الأئمة في النوازل المدلهمة، جمع وترتيب: محمد بن حسين بن سعيد آل سفران القحطاني، راجعه وصححه: فضيلة الشيخ العلامة: د. صالح بن فوزان الفوزان.

٧- فقه وفتاوى البيوع: الشيخ عبدالرحمن السعدي(رحمه الله)، الشيخ محمد بن صالح العثيمين(رحمه الله)، الشيخ صالح بن عبدالله الفوزان، اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء. راجعه وخرج أحاديثه: د.عماد علي عبدالسميع.

٨- لقاء الباب المفتوح رقم(٣) مع فضيلة الشيخ: محمد بن صالح العثيمين(رحمه الله)، إعداد الدكتور عبدالله بن محمد بن أحمد الطيار.

٩- لقاء الباب المفتوح رقم (٢٥) مع فضيلة الشيخ: محمد بن صالح العثيمين
(رحمه الله)، إعداد الدكتور عبدالله بن محمد بن أحمد الطيار.

١٠- اللقاء الشهري رقم (٨)مع فضيلة الشيخ: محمد بن صالح العثيمين(رحمه الله)، إعداد الدكتور عبدالله بن محمد بن أحمد الطيار.

١١- اللقاء الشهري رقم (١٣)مع فضيلة الشيخ: محمد بن صالح العثيمين(رحمه الله)، إعداد الدكتور عبدالله بن محمد بن أحمد الطيار.

١٢- المسائل الميسرة في زينة المرأة المسلمة، إعداد: محمد بن عبدالله بن إبراهيم الشائع.